# ئاژانسەکانی دەنگوباس



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئاژانسەکانی دەنگوباس

دکتۆر سەپان



کتێب: ئاژانسەکانی دەنگوباس
نووسینی: دکتۆر سەپان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٠٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٨٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی

لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، پایزی ٢٠٠٤ گوتنەوەی وانەی ئاژانسەکانیان بە من سپارد. بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بەڕێکوپێکی بلێمەوە، دەبووایە خۆی بۆ ئامادە بکەم، بەلاّم دیار بوو لە مەلزەمەیەکی بچووکی عەرەبی، هیچ سەرچاوەیەکی دی لەسەر ئاژانسەکان نەبوو. لەناو کتێبفرۆشەکانی هەولێریش هیچ سەرچاوەیەک نە بەزمانی کوردی، نە بەزمانی عەرەبی لەسەر هەمان بابەت دەست نەکەوت. ناچار بووم بەهۆی ئینتەرنێتەوە، بچمە ناو سایتەکانیان و لەوێوە زانیاری پێویست دەربهێنم. سالّی یەکەم بەم شێوەی سەرەوە ڕۆیشت.

لە پایزی ٢٠٠٥ گوتنەوەی هەمان وانەیان دیسان بەمن سپارد. پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت، بەزمانی کوردی هیچ لەسەر ئاژانسەکان نییە و ئەوەی هەیە لە چەند گوتارێک زیاتر نییە، بڕیارم دا کتێبێک لەسەر ئاژانسەکان بنووسم. پاش گەڕان و پرسیاری زۆر، سەربەست ئاکرەیی برادەرم ناوونیشانی سایتی INETMEDIA.nuی پێم دا. ئەم سایتە بەزمانی سوێدییە، لینکێکی ئەم سایتە بەناوی: بەشی ئاژانسەکان، لەوێش ناوونیشانی زۆربەی ئاژانسەکانی ئەوروپا و جیهانی تێدا هەیە. زمانی سایتەکان، بەزمانی ئاژانسی ولاّتەکە لەگەلّ بەزمانی ئینگلیزیش هەیە.

من پاش ئەوەی دەیان کاتژمێرم لەو خوێندنەوە و زیاتر وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەم سایتە زانی، دەستم بەنووسینی ئەم کتێبە لەسەر ئاژانسەکان کرد. لەم کتێبە، جگە لەوەی باس لەو ئاژانسانە دەکەم، کە لە بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر وانەکان دەلێمەوە، باس لە



هەندێک ئاژانسی دیکەی دەولّەتانی دراوسێ و ولاّتانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکاش دەکەم.

پێش ئەوەی باس لە ئاژانسەکان بکەم، لام باش بوو، لەبەشی یەکەم باس لە مێژووی نووسین و پەیدابوونی کاغەز و ڕۆژنامە بکەم، لەگەلّ باس لە گرنگی پەیدابوونی ئاژانسەکان، لە بەشی دووەمیش باس لە ئاژانسەکان و هەیکەلی ئیدارییان بکەم.

زۆر لە نووسینەکانی بەشی یەکەمم، لە سالّی ٢٠٠٥ لە پەرتووکی (ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠) بلاّوکردبۆوە، بەلاّم لەبەر نزیکی ئەو بابەتە و پێوەندی بەتینی لەگەلّ ئاژانسەکان، بەپێویستم زانی بەدەستکارییەکی کەمەوە، لەم کتێبە چاپی بکەمەوە، تاکو خوێنەر هەندێک زانیاری دەربارەی هەولّەکانی نووسین و دروستکردنی کاغەز و پەیدابوونی زانکۆکان دەست بکەوێت. یانی پێش ئەوەی بچێتە سەر خوێندنەوە لەسەر ئاژانس، ئەو بزانێت بیری دامەزراندنی ئاژانس لە شەو و ڕۆژێک پەیدا نەبووە.

بیرهێنانەوەیەکی سەرپێیی و خێرا: ئەگەر کاغەز نەبووایە، ڕۆژنامەش نەدەبوو، ئەگەر ڕۆژنامە هەبووایە و نرخی کاغەز بەرز بووایە، تیراژی ڕۆژنامە زۆر نەدەبوو، بۆیە تا ڕۆژنامەکان تیراژیان بەرز نەبوو و بەنرخی هەرزان نەفرۆشران، بوونی ئاژانسەکانیش بۆ فرۆشتنی هەوالّ و دەنگوباس پێویست نەبوو. ئەگەر ئەوانەی سەرەوە هەر هەموویان هەبووان، ئامێری چاپی خێرا لە سالّی ١٨١٤ بۆ یەکەم جار نەدۆزرابایەوە و لە ڕۆژنامەی (The Times) بەکار نەهاتبا، دیسان دامەزراندنی ئاژانسەکان پێویست نەدەبوو، چونکە تا ئەو کاتە ئامێرەکانی چاپ، هیچ جیاوازییان لەگەلّ سەردەمی یوهان گوتنبێرگ نەبوو. بەئامێری کۆن نەدەکرا تیراژی زۆر لە ماوەیەکی کەم چاپ بکرێت. هەموو ئەوانەی سەرەوە وەک زنجیرێکی نەپچڕاو، تەواوکەری یەکدین.

هەر لەم بەشە باسم لە هەندێک لە ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان کردووە و لەگەڵ هەر هاوڵاتییەک چەند دانە ڕۆژنامەی لە وڵاتی خۆیان بەردەکەوێت. ئەوەی سەرەوە لەگەڵ زۆر بابەتی دیکەی سەرنج ڕاکێش، لەبەشی یەکەم باس کراوە و خوێنەر زانیاری ڕاست و دروستی لە سەریان دەست دەکەوێت.

ئەم ئاژانسانەی خوارەوە لە بەشی دووەم باس کراون:

- ئاژانسی ئەسوشێیت پرێس/ ئەمریکا
- ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆنال/ ئەمریکا
- ئاژانسی ڕۆیتەرس/ بەریتانیا
- ئاژانسی تاس/ ڕوسیا
- ئاژانسی دی.پی.ئەی/ ئەڵمانیا
- ئاژانسی فرانس پرێس/ فەرەنسا
- ئاژانسی ئینتەرفاکس/ ڕوسیا
- ئاژانسی ڕیا نۆڤەستی/ ڕوسیا
- ئاژانسی ئەنسا/ ئیتالیا
- ئاژانسی ئەنەدۆڵ/ تورکیا
- ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ میسر
- ئاژانسی ئیرنە/ ئێران
- ئاژانسی پەیامنێر/ کوردستان

باس لە مێژووی دروستبوونی هەموو ئەو ئاژانسانەی سەرەوە کراون.

ئاژانسی ئەسوشێیت پرێس، ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆنال لەگەڵ ئاژانسی ڕۆیتەرس، سەرچاوەکەیان بەزمانی ئینگلیزی بوو، لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی من، بەشی تێگەیشتنی (About Us)ی ئەوانی بەتەواوی نەدەکرد، برای بەڕێزم کاک لوقمان لە وەرگێڕان و



تێگەیشتنی یارمەتی دام. ئاژانسی ئەنەدۆڵ بەزمانی ئینگلیزی بوو، بەڵام لەم ئاژانسە، باشتر لە زمانی نووسینی ئەوان تێگەیشتم و پێویستم بەیارمەتی وەرگێڕان نەبوو.

ئاژانسی تاس، ئاژانسی فرانس پرێس، ئاژانسی ئینتەرفاکس لەگەڵ ئاژانسی ڕیا نۆڤەستی بەزمانی ڕوسی سوودم لێیان وەرگرت.

ئاژانسی دی. پی. ئەی، ئاژانسی ئەنسا، ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئاژانسی ئیرنە بەزمانی عەرەبی سوودم لێیان وەرگرت و بۆ نووسینی هەیکەلی ئیداری ئاژانسی "تێ تێ" م وەک نموونە هێناوەتەوە، لێرە سوودم لە زمانی سوێدی وەرگرتووە.

ئەم کتێبەم بەو هیوایە نووسیوە، کە خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر و سلێمانی لەگەڵ بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی هەولێر و سلێمانی بۆ خوێندن سوودی لێ وەربگرن. جگە لەوان سوودی بۆ هەموو ئەوکەسانەی دەیانەوێت بزانن، ئاژانس چییە؟ چۆن کارەکانی بەڕێوە دەچێت؟ چ بابەتێک لە ئاژانسەکان دەبێتە هەواڵ؟ لەگەڵ دەیان پرسیاری دیکەیش خوێندنەوەی سوودی زۆری بۆیان دەبێت.

ئەم پەرتووکە بۆ خوێندکارانی زانکۆ(*)، بۆ ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئارەزووی زانینیان لەسەر شێوەی کارکردنی ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی کوردستان بەگشتی و ئاژانسەکان بەتایبەتی هەیە، خوێندنەوەی سوودی دەبێت.

دکتۆر سەپان
٢٠٠٥,١٢,٢٥

---

(*) بەپەسندم زانی وەک سیستێمی خوێندنی ئەوروپییەکان منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی تا کۆتایی ئامادەیی پێی بگوترێ قوتابی. دوای ئامادەیی (پەیمانگا یان زانکۆ) پێی بگوترێ خوێندکار، دوور لە هەموو مەبەستێکی سیاسی.

# بەشی یەکەم

# کاغەز و پێستە "پاپیرۆس و پێرگەمێنت"

سۆمەرییەکان زمانی مسمارییان بۆ نووسین، یەکەم جار پێش ٥٥٠٠ ساڵ بەکار هێنا. زمانی مسماری سۆمەرییەکان ئەوەندە پێشکەوتبوو، بابلییەکانیش دوای ئەوان سالی ١٧٢٠ پ.ز هاتن، بەکاریان هێناو سوودیان لە ئەلف و بێکەی ئەوان وەرگرت. لەبەر دەوڵەمەندیی زمانی سۆمەری و دەستەڵاتی ئەوان، لەو کاتە زمانیان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبووبۆوە و بەکار دەهات. ئەوان نووسینیان لەسەر تابلۆی لەقوڕ دروستکراو دەنووسی و دواتر هەمان تابلۆیان وشک دەکردەوە. تا ئەمڕۆش هەندێک لەو تابلۆیانە ماون. نووسینی سەر تابلۆکان نیشانی دەدەن سۆمەرییەکان لەو سەردەم ژیانێکی ئارامیان هەبووە.

هاوکات لەگەڵ شارستانێتی سۆمەری و بابلییەکان، شارستانییەکی دیکەیش لەسەر ڕووباری نیل ٣٥٠٠ ساڵ پ.ز هەبوو. ئەوانیش زۆر بایەخیان بەخوێندن دەدا. لە نامەیەک، کە کابرایەکی گەورە بۆ کوڕەکەی دەنووسێ و دواتر هەمان نامە لە قوتابخانەکان دەخوێندرا، بەم شێوەیەی خوارەوە ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە: "تیپەکانت خۆش بوێت، چۆن تۆ دایکت خۆش دەوێت، چونکە لەگەڵ ئەو زانیارییە، ڕزگارت دەبێ لە هەموو کارێکی گران و دەکرێی بەحاکم و خەڵک ڕێزی بۆت دەبێ".

میسرییەکان لە سۆمەرییەکان دوورتر ڕۆیشتن و توانییان ئەلف و بێ دابنێن. ئەوان تا ٢٤ نیشانە هاتن و ئەلف و بێکەیان تیپی بزوێنیشی تێدا بووە. هەر چەندە هەردوو شارستانییەکە لە یەک سەردەم بوون، لەگەڵ ئەوەش هەر یەکەو بەشێوەیەک نووسینی کردووە.

لەبەر گرانی نووسینی سەر تابلۆ قوڕەکان، سۆمەری و دواتر گەلانی



دیکەی ناچار کرد شێوەیەکی ئاسانتر بۆ نووسین بدۆزنەوە. ئەوەبوو میسرییەکان بۆ یەکەم جار قەڵەمیان بۆ نووسین بەکارهێنا. ئەوانیش پاپیرۆس و مەرەکەبیان دۆزییەوە، کە تا ئەمڕۆش نووسین لەسەر هەمان پرینسیپ بەڕێوە دەچێت. میسرییەکان ڕەنگ و مەرەکەبی سووریان بۆ سەر دێڕ و سەرەتای نووسین بەکار دەهێنا.

دروستکردنی پاپیرۆس ٣٠٠٠ ساڵ پ. ز تەنیا مۆنۆپۆڵی پاشاکانی ئەوسای میسر بوو. لەوکاتە، هەر دەوڵەتێک پێوەندی لەگەڵ میسر هەبووبێ، فێری بەکارهێنانی پاپیرۆس بووە. بەکارهێنانی پاپیرۆس لەجیاتی کاغەز نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ بەردەوام بوو.

ڕۆمەکان لەگەڵ یۆنانییەکان لەبەر پەرەسەندنی شارستانییەتیان و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانیان، دەزگای نوێیان بۆ حکوومەتەکانیان دامەزراند. ئەو دەزگا نوێیانەش بووە هۆی زیاتر پاپیرۆس بەکارهێنان. ئەو زۆر بەکارهێنانەش، کاری کردە سەر بەرزبوونەوەی نرخی. بەرزبوونەوەی نرخیش وای کرد، بەدوای چارەسەرێک بگەڕێن بۆ ئەوەی نووسین نەک تەنیا لەسەر پاپیرۆس، بەڵکو لەسەر شتی دیکەیش بنووسن.

میسرییەکان جگە لە بەکارهێنانی پاپیرۆس، پێستەی ئاژەڵیشیان بۆ نووسین ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز. بەکار هێناوە. لەسەرەتادا زانا و پسپۆران لەو بڕوایە دابوون تەنیا، پێستەی مەڕ، گا، بزن سوودی لێ وەردەگیرا، بەڵام کار لەسەر پێستی مامز، ستراوس (وشترمرخ) پەلەوەری دیکەیش دۆزراوەتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر، تەنیا یەک لای پێستە خۆش دەکرا و بۆ نووسین سوودی لێ وەردەگیرا، ئەویش لایە بەمووەکە بوو. پێرگەمێنت Pergament یان "پێستەی نووسین" بەشێوەی ڕاست، دوو سەدە پێش زایین توانرا باشتر سوودی لێ وەربگیرێ.

لەو کاتە پێستەیان بەو جۆرەی خوارەوە خۆش دەکرد:

لە سەرەتا پیستەکە لەناو ئاوی سارد دادەنرا، دواتر مووەکەی لێدەکرایەوە و ئینجا لە چوارچێوەیەک توند دەبەسترا و ڕەنگ لەگەڵ مادەیەک، کە چەوری زیاد لە پیستەکە دەکاتەوە پێیدا دەکرا. دواتر پیستەکە بەچوارچێوەکەی خۆی وشک دەکرایەوە و بەچەقۆیەکی تایبەت سەرلەنوێ دەڕندرا. پیستە لە چوارچێوە دەکرێتەوە و بەپێی پێویست بۆ نووسین پارچە پارچە دەکرا. ئەگەر پیستەکە وەک ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد خۆشکرابا، دەتوانرا لەهەردوو لای بنووسرێت. هەڵگرتنی پیستە زۆر لە پاپیرۆس باشتر و چاکترە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەدساڵێکی خایاند، تا پێرگەمێنت توانی لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمەکان پێشبڕکێ لەگەڵ پاپیرۆس بکات. پیستە لە هەموو شوێنەکان بۆ نووسین بەکاردەهات، لەگەڵ ئەوەشدا پاپیرۆس بۆ کاری هەرزان و ڕۆژانە لە بەکارهێنان بەردەوام سوودی لێ وەردەگیرا.

ڕۆمەکان لە سەرەتادا ئەلف و بێی یۆنانییان بەکار دەهێنا. ئەگەر ئەوان بیانویستایە چەند دانەیەک لە نووسینێک کۆپی بکەن ئەوا چەند نووسەرێک لە ژوورێک کۆدەبوونەوە و یەکێ تێکستەکەی بۆ دەخوێندنەوە و ئەوانی دیکەیش لەسەر بەرد دەیان تاشی. بۆ ئەوەی لەسەر تەختە یان بەردەکان شوێنی نووسینەکان بەجوانی ببێتەوە، لە سەرەتادا ڕوویەکی بەردەکەیان جوان و لووس دەکرد، دواتر بەپاپیرۆس لەسەر ڕووی بەردەکە پیتەکانیان دەنووسی و ئەوەش وەک کۆپی لێدەهات، لەو کاتە لەسەر کۆپییەکە پیتەکەیان هەڵدەکۆڵی.

لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەکاندا هەرچەندە پیشە زۆر بوون، بەڵام گرنگتر لە هەموویان خزمەتکردن لە لەشکر بوو. خزمەتکردن لە لەشکر بایەخی زۆری پێدراوە و جێی شانازی زۆر کەس بووە، بۆیە زۆر لەگەنجانی ئەو کات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش با، لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان خزمەتی



لەشکرییان دەکرد. لێجۆن Legion پێک هاتبوو لە نزیکەی ٦٠٠٠ هەزار کەس، لەگەڵ سەرکردە و خەڵکی ناچەکدار وەک: هەواڵ نووس، نووسەر، قەشە، دکتۆر، ئەندازیار... هتد هەبوون. هەموو لەشکرەکە لەلایەن ئەفسەرێک، کە دەسەڵاتی (پلەی سیناتۆری) هەبوو سەرپەرشتی دەکرا. لەوکاتە دەیکردە گەورەترین دەسەڵات لەناو ئیمپراتۆریەت. ئەوان هەموو ڕووداوەکانیان دەنووسی و جەماوەری خۆیان لە چالاکییەکانی لێجۆن ئاگادار دەکردەوە.

ئەگەر باس لە کتێب بکەین، ئەوا یەکەم کتێب، کە تا ئێستا مابێت، ئینجیلی سەدەی چوارەمی زایینییە، هەندێک لە کتێبی ڕۆمەکانیش ماون بەڵام بەتەواوی نەپارێزراون و بەش بەشن.

لەوکاتە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ئەلف و بێی خۆیان بۆ نووسین جارێ نەبوو، کرەواتییەکان ساڵی ٧٠٠ی زایینی و پۆڵۆنییەکانیش ساڵی ٩٩٩ زایینی کاسۆلیکی ڕۆمایان قەبوڵ کرد. لە ڕێگای ئایینیشەوە ئەدەبیاتیان بۆ دەهات و ئەوەش بووە هۆی هەزمکردنی ئەلف و بێی لاتینی. بەڵام سێرب و بولگار لەگەڵ ڕوس ئەرتەدۆکسیان قەبوڵ کرد، ئەلف و بێی کریل لە سەدەی ٨٠٠ پەسند کرا.

لە سەدەی ١١ ڕۆڵی کەنیسە کەمتر بوو زیاتر کۆنترۆڵ لەسەر زانست نەما.

لە ئیتاڵیا قوتابخانەی یاسایی لە شاری (بۆڵۆگنە Bologna) کرایەوە و قوتابخانەی مێدیسین لە شاری (سالێرنۆ Salerno) لە یەکەمەکان بوون کە کرانەوە. یەکەمین زانکۆی گەورە لە فەرەنسا لە سەدەی ١١ کرایەوە.

خوێندن لەو کاتە زۆرتر بەزمانی لاتینی بوو. خوێندکاری ئەو کاتە زۆر بەئاسانی دەیتوانی لەهەر شوێنێک بیەوێ بخوێنێ، بێ ئەوەی گرفتی زمانی خوێندنی بێتە پێش. لە کۆتایی سەدەی ١١ زانکۆ لە زۆربەی

شوێنەکانی ئەوروپا هەبوون، ئەوانەش بووبوونە سەنتەری زۆر مەزن بۆ خوێندنی تیۆلۆگی (خوێندنی ئایینی) و هونەر. پاش ئەوە چەندین زانکۆی دی وەک: ئۆکسفۆرد، نیاپل، پادوە Oxford, Neapel, Padua کرانەوە. لەزۆر کاتیشدا قەیسەرو پاشاکان خوێندنگاکانیان لە توندڕەوانی ئایینی دەپاراست.

تا سەدەی ١١ بەرهەم هێنانی کتێب بەدوو ئاراستە دەڕۆیی (دوو بازاڕی هەبوو) یەکیان کتێب بەناوەرۆک زۆر باش و بەڕووکەش زۆر جوان. ئەم جۆرە کتێبانە بۆ پاشاکان دەنووسرا و ئامادە دەکرا. جۆری دی کتێبی ئایینی یان لەسەر ئایین بوون، بۆ کەنیسەکان دەنووسران و دانەیان لێ زیاد دەکرا.

یەکەم جار ئەدەبی نەتەوەیی بایەخی پێدراو هەندێک نووسەر وەک: دانتێ Dante چاوسێر Chaucer بەزمانی نەتەوەی خۆیان دەستیان بەنووسین کرد.

پاش گەشەسەندنی بازرگانی و دەوڵەمەند بوونی هەندێکیان لە شارە بچووک و گەورەکانی ئەوروپا، پێویستی نوێ بۆ ژیان پەیدابوون وەک: پیشەی دەستی، نووسەران، کتێب بەرگ کەرەکان... هتد. بۆیەش ئێستا بازرگانێکی دەوڵەمەند دەیتوانی کتێبێک بۆخۆی لە کلاسی پاشا بەڕادان بدات. ئەوەش لەسەر: ڕاو، کشتوکاڵ، لەدایک بوون، تەندروستی، ئاسمان ناسی، ڕۆمان... هتد بەهۆی نووسراوەکانی ئەودەم، دەزانرێ لەوکات چۆن ژیاون. هەر لەڕێگای ئەوانیشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان بەکۆمەڵ یان بەجووت کاریان کردووە. لە هەندێک کار دەنووسرا: نووسەرەکەی ئالانەو کاری بەرگتێگرتنیش خێزانەکەیتی. ئەوان بەپارەی دیارکراو کارەکانیان ئەنجام دەدا.

ریچارد دێ بوری Richard de Bury قەشەی دورهام Durham بوو،



لە ناوەڕاستی ١٣٠٠ لە کتێبخانەی تایبەتی خۆی زیاد لە ١٥٠٠ کتێبی دەستنووسی هەبوو.

لە ساڵی ١٢٩٢ لە پاریس هەموو پیشە دەستییەکان دەبوایە باج بەدەوڵەت بدەن. لەو کاتە زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس لە پاریس باجیان بەحکوومەت دەدا. لەوانە ٣٣ وێنەکێش، ٢٤ نیگارکێش، ١٣ خەریکی نەخشی کتێب و نووسینی بوون، ٣٥٠ پینەدۆز، ٣٥٠ بەرگدروو، ١٠٤ کەس خەریکی دروستکردنی نان و کێک بوون، ١٥٧ کەس چێشتخانەو باڕی هەبوو.

بەگوێرەی ئەو نووسینەی سەرەوە، دیارە بازاڕی پینەدۆز و بەرگدروو لەبازاڕی کارکردن لەگەڵ کتێب زۆر گەرمتر بووە. ئەوەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت، کە کتێب لەو کاتە لەبەر کەمی و گرانیی کاغەز و کاری زۆر لەسەری، کەم کەس لە توانای دابووە کتێب بۆخۆی بکڕێ و سوودی لێ وەربگرێ. وەک پێشتریش باسمان کرد، پێش دۆزینەوەی هونەری چاپ لەلایەن گوتنبێرگ، کتێب زۆرتر بۆ پاشا و میر و کەنیسەکان دواتریش زانکۆکان بەڕادان دەدران و دەنووسران.

# ڕۆژنامە لە سەردەمی کۆن و ئێستادا

لە سەردەمی ڕۆمەکان جەماوەر زۆر پێویستی بەزانینی هەواڵ و دەنگوباس هەبوو. ئەوەش زیاتر بۆئەوەی مرۆڤ بەئاسانتر ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکانی ناو ئیمپراتۆریەت بێت. هەربۆیەش پێش دوو هەزار ساڵ کارگەی نووسین هەبوون. لەو کارگانە یەکێک نووسینەکانی دەخوێندەوە و کۆیلە و بەندەکانیش دەیان نووسییەوە. ئەو کۆیلانە کاریان نووسینەوەی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکان بوو. خەڵکی ناودار و بەناوبانگی ناو ئیمپراتۆریەت، ئەو هەواڵانەیان دەکڕین.

زۆری نەخایاند بەوەی، کە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس وەک ڕۆژنامە سەیر بکرێ. بۆیەش ناونران ئەکتە دیورنە Acta Diurna کە بەکوردی دەکاتە "هەواڵی ڕۆژانە". لە سەدەکانی ناوەڕاست، بڵاوکردنەوەی لەم جۆرە هەواڵانە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکەکان دەردەچوون.

لە سەرەتای ١٦٠٠ بڵاوکراوەی ڕێکوپێک و بەردەوام، کە لە ڕۆژنامەیان دەکرد چاپدەکران و بۆیەش لەو کاتە زەمینەی سیاسی و ئابووری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە لەبار بوو.

ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە پەیامنێریان نەبوون و خەڵکیان دانەدەمەزراند بۆ کارکردن و ڕۆژنامە بەڕێوەبردن. گوتار و نووسینەکان لەلایەن سەرنووسەر لەگەڵ هەندێک نووسەری لابەلا دەنووسران.

یەکەم ڕۆژنامە لە سوید بەناوی ئۆردیناری پۆست تیدێندەر Ordinari Post Tijdender دواتر پۆست-ئۆک ئینریکس تیدنینگەر Post-och Inrikes Tidningar لە ساڵی ١٦٤٥ دەرچوون. لەوکاتە سەرکردەی



سویدی Axel Oxenstierna بینی کاتی ئەوە هاتووە، پڕوپاگەندەی خۆی بەچڕی بکات. ئەو دەیویست بۆچوونی خۆی لەسەر شەڕەکە ڕوون بکاتەوە و ڕای خۆشی لەسەر شەڕەکە دەربڕێت.

ڕۆژنامەی ئۆردیناری پۆست تیدێندەر هەفتەی جارێک دەردەچوو. ئابونەی ساڵانەش دوو داڵ و هەشت ئۆرەبوو. زۆرکەس ئەو پارەیەی نەبوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە بکڕێ.

بڵاوبوونەوەی مەکینەی چاپ، بووە هۆی دەرچوونی ڕۆژنامەی زۆر، نەک بەرزبوونەوەی تیراژی زۆر. ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەی چونکە لەوکاتە بەربەستی زۆر دەخرانە بەر دەرچوونی ڕۆژنامە. سیاسییەکان و دەستەڵاتدارانی ئەوکاتە لە بڵاوبوونەوەی دەنگوباس زۆر دەترسان، کە کاری نێگەتیڤ و خراپ بکاتە سەر جەماوەر. جگە لەوەی باسمان کرد، نرخی ڕۆژنامەکان بەرز بوون و خەڵکیش ئەوەندە خوێندەوار نەبوو. بەکورتی بازاڕی ڕۆژنامەکان ئەوەندە گەرم نەبوو.

لەگەڵ پەیدابوونی پرینسیپەکانی ئازادیی ڕۆژنامە لەسەدەی حەڤدە، ڕۆژنامەکان باشتر و ئاسانتر بڵاو دەکرانەوە، بەڵام دیسان تیراژیان هەر کەم بوو.

بەپەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی، دەرکردنی ڕۆژنامە بووە کارێکی پێویست. دەرکردنی ڕۆژنامەکان بوونە کارێکی باو و خوێندنەوەشی بووە پێویستییەک بۆ زۆر لەوانەی کە ئارەزوویان بوو بزانن چ لە وڵاتانی دەرەوە و ناوەوە ڕوو دەدات. پێشکەوتنی پیشەسازی، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بەرزبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان.

یەکەم ئامێری خێرای چاپ، لە ڕۆژنامەی The Times لە لەندەن ساڵی ١٨١٤بەکار هات. دروستکردن و دانانی ئامێری نوێ، لەلایەن کرێکارەکانەوە زۆر بەتوندی دژایەتی کرا و ئەوان لەو بڕوایە دابوون، زۆر

له کرێکارەکان کار لەدەست دەدەن. تا دۆزینەوەی ئەم ئامێرە، وەک سەردەمی یوهان گوتنبێرگ، پیت ڕێکخستن بەدەست بوو. پەیدابوونی ئەو جۆرە ئامێرانە کاری دەرکردنی ڕۆژنامەی زۆر خێراتر و ئاسانتر کرد. لە هەمان کاتدا، پەیدابوونی کاغەزیش ئاسانتر و هەرزانتر دەست دەکەوت.

له ساڵی ١٨٣٣ له شاری نیویۆرک ١٩ هەزار دانه ڕۆژنامه له ڕۆژێکدا دەفرۆشرا.

ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە قەبارەیان تەنیا چوار لاپەڕە بوو و بەناوەرۆکێکی زۆر ڕژد. هەواڵ لە ڕۆژنامەکان لاواز بوون و زیاتر گوتاری سیاسی و گوتار لەسەر ئابووری وڵات دەنووسران. ڕۆژنامە بەناوەرۆکی جددی و نرخی گران، کاری کردە سەر بەرزنەبوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان.

بە پەیدابوونی ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی ١٨٣٣ لەلایەن بنیامین ه. دەی Benjamin H.Day ، بازاڕی ڕۆژنامە تەواو گۆڕدرا. ڕۆژنامەی ناوبراو لەبەر نرخ هەرزانی، کە تەنیا یەک پێنی بوو، بووە یەکەمین ڕۆژنامەی جەماوەری، کە خەڵکی زۆر دەیانخوێندەوە. ستایلی (شێوەی) نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی ئاسان و ڕوون بوو. ئامانجی بنیامین لەم شێوە نووسینە ئەوەبوو، کە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر لە خوێندنەوەی تێبگا. ئەم شێوە بەڕێوەبردنەی ڕۆژنامە و دەرکردنی، تا ئەمڕۆش لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان پەیڕەو دەکرێ. ڕۆژنامەی ز سەن لە ساڵی ١٨٣٦ تیراژی گەیشتە ٣٠ هەزار دانە.

دوای دەرکردنی ڕۆژنامەی ز سەن، لە شاری نیویۆرک ڕۆژنامەی دووەم بەناوی ز نیویۆرک هێراڵد The New York Herald دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دەنگوباسی زەق وەک: نووسینی ڕیپۆرتاژ لەسەر تاوان، سێکس، لەگەڵ نووسینی گوتار لەسەر



خەڵکی بەناوبانگی ئەوکاتە، ڕۆژنامەی زیاتر بەناوبانگ کرد.

ڕۆژنامەی ز نیویۆرک هێراڵد لەلایەن جێمس گۆردان بێنێتس James Gordon Bennetts دەردەچوو. ئەو بایەخی بەژانری (جۆری نووسین) ئینتەرڤیو داو وەک ژانرێکی سەربەخۆی ڕۆژنامەنووسی بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان بەکاری هێنا.

هەندێک گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ کاریان کردە سەر بەرزبوونەوەی تیراژ و پەیدابوونی ئاژانسەکان. لە هەموویان گرنگتر، دۆزینەوەی ئامێری خێرای چاپ، کە لە ڕۆژنامەی The Times لە لەندەن ساڵی ١٨١٤بەکار هات. بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بەپێویستی بوونی ئاژانس. ئەگەر ئەو ئامێرەی چاپە نەدۆزرابایەوە، ڕۆژنامەکان بەو تیراژە زۆرە چاپ نەدەکران، لەو کاتە ئەوەندە زوو و بەتیراژی زۆر نەدەگەیشتە دەست خوێنەران.

لوی فیلیپ لە ساڵی ١٨٣٠ لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێت. بەهاتنە سەرکورسی فیلیپ، ڕاگەیاندن کەمێک ئازادی زۆرتر دەبێت و تیراژی ڕۆژنامەکانیش نەختێک بەرز دەبنەوە. پرۆسێسی بەدیموکراتی بوونی هەندێک دەوڵەتی ئەورووپی و بەتایبەتیش فەرەنسا، وای کرد بازاڕی فرۆشتنی ڕۆژنامە گەرمتر بێت. دەرکردنی ڕۆژنامەی The Sun لە ساڵی ١٨٣٣ لەلایەن بنیامین ه. دەی Benjamin H.Day لەگەڵ دەرکردنی ڕۆژنامەی ز نیویۆرک هێراڵد The New York Herald لەلایەن جێمس گۆردان بێنێتس ستراتیژ و دیزانی هەموو ڕۆژنامەکانی جیهانیان گۆڕی. ئەو دوو کەسە سەرنووسەرانیان ناچار کرد، ڕۆژنامەکانیان بەناوەرۆکی دی دەربکەن و جگە لە سیاسەت پرسیاری دیکەیش بەرز بکەنەوە.

وەک لە سەرەوە باسمان کرد، تیراژی ڕۆژنامەکان بەرز بووەوە،

بەبەرزبوونەوەی تیراژ، بوونی ئاژانس یان بازرگانی کردن بەکڕین و فرۆشتنی هەواڵ، بووە کارێکی پێویست. ڕۆژنامەکان لەبەر خەرجی زۆر، نەیان دەتوانی، پەیامنێریان لە هەموو شوێنێک هەبێت، بۆیە کڕینی هەواڵ و گوتار بۆ ئەوان هەرزانتر دەکەوت لەوەی کادیری خۆیان لە هەموو شوێنێک دابمەزرێنن. کە باس لە ڕاگەیاندن و تیراژی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهان دەکەین، بەشی دووەمی سەدەی نۆزدە دەکرێ بەسەردەمێکی زێڕین لەقەڵەم بدەین. لەگەڵ ئەوەش، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە سەدەی نۆزدە دەردەچوون، بەگشتی زۆرتر ڕەنگدانەوەو کارتێکی پارتە سیاسییەکانیان پێوە دیار بوو.

ئێستا یەک کەس یەک ڕۆژنامە دەرناکات و یەک حزبیش تەنیا خاوەنی یەک ڕۆژنامە نییە، دەرکردنی ڕۆژنامە بۆتە ئیندوستری و خەڵک پێی دەوڵەمەند دەبێت. زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێزگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن لەلایەن چەند کەسێکەوە بەڕێوە دەچن و چەند کەسێک خاوەنیانن.

بەگوێرەی ڕێکخراوی یونسکۆ، ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر ڕۆژنامەیەک هەفتەی چوار جار دەربچێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی پێ دەگوترێ.

لەخوارەوە ناوی هەندێک لەو کۆمپانیا گەورانەی، کە خاوەن زنجیرەیەک ڕۆژنامەی ئەمریکا و هەندێک دەوڵەتانی دیکەی جیهان دەنووسین:

نایت-ڕایدەر Knight-Ridder تایم-میرۆر Time-Mirror لەگەڵ گانێت نیوسپەیپەرس Gannett Newspapers. گانێت نیوسپەیپەرس، لە کۆتایی ١٩٩٤ سەد ڕۆژنامەی هەبوو. هەرئەویش خاوەنی ڕۆژنامەی USA Today بوو. ڕۆژنامەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ لە ٢٤ شوێنی جیا جیای ئەمریکا چاپ دەکرا.

لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەمریکا ١٥٠٠ ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەردەچوون.



تیراژی هەموویان دەگەیشتە نزیکەی ٥٥ ملیۆن دانە. زۆربەی ڕۆژنامەکان ئێواران و دوای نیوەڕۆیان دەکەونە بازاڕ. ڕۆژنامەی (یو.س.ئەی.تودەی) گەورەترین ڕۆژنامەی ئەمریکایە تیراژی ڕۆژانەی دەگاتە نزیکەی ٢,٢ ملیۆن دانە.

ڕۆژنامەی ئابووری وۆڵ ستریت جورنال Wall Street Journal تیراژی ٨،١ ملیۆن دانەیە، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمس ١،١ ملیۆن دانەیە و ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمس Los Angeles Times یەک ملیۆن دانەیە، لەگەڵ ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست Washington Post کە ٧٥٠ هەزار دانەیە.

نزیکەی ٪ ٨٠ داهاتی ڕۆژنامە ئەمریکییەکان لەڕێکلامەوە بەدەستیان دەگات. دەوڵەتانی دیکەی جیهان، جگە لە ئەمریکا، ئەوروپا و یابان، چین، ئوستراليا، کەنەدا و کۆریای باشوور، ڕۆژنامەگەرییان تێدا کزە.

لە یابان نزیکەی ١٠٠ ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەردەچێ کە تیراژی هەموویان دەگاتە ٧٠ ملیۆن دانە. زۆر لەو ڕۆژنامانەی، کە ماڵەکان ئابۆنەیان تێیدا هەیە، ڕۆژانە دوو جار دەردەچن. گەورەترین ڕۆژنامەکانی ڕۆژانەی یابان ساڵی ٢٠٠٠ ئەوانەی خوارەوەن: ڕۆژنامەی یومایوری شیمبون Yomiuri Shimbun تیراژی نزیکەی ١٤ ملیۆن دانەیە. ڕۆژنامەی ئەسابی شیمبون Asabi Shimbun تیراژی نزیکەی ١٢ ملیۆن دانەیە. ماینیچی شیمبون Mainichi Shimbun تیراژی نزیکەی ٦ ملیۆن دانەیە.

لە وڵاتی چین، وەک یابان ڕۆژنامە بەتیراژی زۆر بەرز هەن. ڕۆژنامەی ڕێنمین ڕیباو Renmin Ribao (بەکوردی دەکاتە: ڕۆژنامەی جەماوەر) تیراژی نزیکەی دوو ملیۆن دانەیە. ڕۆژنامەی ناوبراو زۆرتر هەواڵ و دەنگوباسی دەوڵەتی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی ٩٠٠ ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە وڵاتی چین هەبوون.

ئەوەش ژمارەیەکی زۆرە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کەلە ساڵی ١٩٨٠ لە هەمان وڵات تەنیا ٢٠٠ ڕۆژنامە دەردەچوون. لە نێوان ساڵی ١٩٩٦–٢٠٠١ لە ڕۆژنامەکانی چین، ڕیکلام دووجار زیادی کردییە. گەورەترین ڕۆژنامەی چین بەناوی کایکەو خیاوخی Caikao Xiaoxiیە تیراژی نزیکەی ٢,٧ ملیۆن دانەیە لەڕۆژێکدا. ئاژانسی میللی خینهوا خاوەنی ئەم ڕۆژنامەیە.

وڵاتی هیندستان لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە، کە لە دەرکردنی ڕۆژنامە بەناوبانگن. لەوێش نزیکەی ٩٠٠ ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەتیراژی نزیکەی ٣٠ ملیۆن دەردەچێت. لە وڵاتی هیند، هەر هەزار کەس ٥٠ دانە ڕۆژنامەیان بەردەکەوێت. هەندێک لەو ڕۆژنامانەی هیندستان بەزمانی ئینگلیزی و ئەوانی دیکەیش بەزمانی ناوچەکان دەردەچن.

گەورەترین دە ڕۆژنامەی هیند تیراژیان لەنێوان ٥٠٠ هەزار و ٧٥٠ هەزار دانەیە. ز تایمس ئۆف ئیندیا The Times of India تیراژی ١,٩ ملیۆنە و دەینیک بهەسکەر Dainik Bhaskar تیراژی ١,٣ ملیۆنە و مەلایەلا مانۆراما Malayala Manorama تیراژی نزیکەی ١,٢ ملیۆن دانەیە. زۆر لەو ڕۆژنامە ناوچەییەکان بۆ یەکەم جار لە سەردەمی خەباتیان دژی داگیرکەری بەریتانیا دەرچوون. لە دەوڵەتانی وەک: کینیا، ئۆگەندا، کامیرۆن، بۆ هەر هەزار کەس ١–١٥ دانە ڕۆژنامەیان بەردەکەوێت.

لە زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپا تیراژی ڕۆژنامەکان ڕووەو دابەزین چوون. لە ساڵی ١٩٦٣ پاش داخستنی ڕۆژنامەی نی تید Ny Tid "کاتی نوێ"ی سۆسیال دیموکراتەکانی سوێد، بۆ یەکەم جار دەست کرا بەلێکۆڵینەوە لەسەر هۆی داخستنی ڕۆژنامەی ناوبراو. هەر لەو کاتەدا چواریەکی ڕۆژنامەکان لەبەر گرفتی ئابووری هەڕەشەی داخستنیان لێ دەکرا.



لە ساڵی ١٩٦٥ پەرلەمانی سویدی بڕیاری یارمەتیدانی ئابووری پارتە سیاسییەکانی وڵاتی دا، پارتە سیاسییەکانیش بەڕێگای خۆیان یارمەتی ڕۆژنامەکانیان دەدا. دیارە ئەو جۆرە یارمەتییە چارەسەرێکی کاتی بوو. لە ساڵی ١٩٧١ حکوومەتی سۆسیال دیموکرات بەڕێگای پەرلەمانەوە، لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەی نوێ، بڕیاری دا، دەوڵەت ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ یارمەتی ڕۆژنامە لاوازەکان بدا و لەهەمان کاتیش باج بەڕێژەی ٦٪ خرایە سەر ڕیکلام. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە ڕۆژنامە دەوڵەمەندەکان یارمەتی ڕۆژنامە کز و لاوازەکان بدەن. یارمەتی ساڵی یەکەم بۆ ڕۆژنامەکان گەیشتە ٣٠ ملیۆن کرۆنی سویدی. ئەو یارمەتییە لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ٤١٨ ملیۆن کرۆن بەرزکرایەوە.

ئێستا ڕۆژنامەکان بەڕێژەی ٣٪ لە سەرجەم خەرجی ڕۆژنامەکانیان وەردەگرن و هەندێک ڕۆژنامەش وەک: ڤێستەربیگدن لە ساڵی ٢٠٠١ نزیکەی ٪٦٠ خەرجی ڕۆژنامەکەی لە دەوڵەت وەرگرت.

ڕۆژنامەی سڤێنسکە داگبلادێت لە ساڵی ١٩٩٥ لە ڕیکلام ٥٠٠ ملیۆن و لە دەوڵەتیش ٥٠ ملیۆن کرۆنی وەرگرت.

لە نێوان ١٩٦٠–١٩٨٠ ڕۆژنامەگەری لە سوید گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات. هیچ سەردەمێکی دی ئەوەندەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەسەر نەنووسراوە و باس نەکراوە لێرەدا زۆرتر باس لە سیاسەت و ئابووری دەکرا و زۆرتر پرسیاری کۆمەڵایەتی پشتگوێ دەخران. یەک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسان، ئاشکرا کردنی سیاسییەکان، لە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوو. لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵ. جگە لەوانەی سەرەوە، ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی دی سەیری جەماوەری دەکرد.

ڕۆژنامەگەری ئایدیای ئەوەبوو کە ببێتە دادگایەکی جەماوەری. لەکاتی

هەڵبژاردن سیاسییەکان ڕێگایان پێ نەدەدرا تەنیا پرسیارەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس وەک نوێنەری جەماوەر، دەبووایە پرسیاری ڕەخنەگرانەیان ئاراستە بکات.

ڕۆژنامەنووسە لێکۆڵەرەوەکان، وەک ڕۆژنامەنووسی پسپۆری سەیر دەکران. بەپسپۆڕکردنی ڕۆژنامەگەریش بریتی بوو لە پرۆسێس و کارتێکردنی فەرهەنگی ڕۆژنامەنووس لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئێواران و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.



# ئاژانسەکان

ئاژانسە گەورەکانی جیهان هەزاران کەس کاریان تێدا دەکات و کۆمپانیاکان دەیان ملیارد دۆلاریان لەم بوارەدا خستۆتە گەڕ. ئەمەش بۆتە پەیدابوونی پێشبڕکێی توند لەسەر بازاڕ، وەک: کامە ئاژانس بەخێراترین و کەمترین کات ڕووداوەکان دەگەیەنێتە خوێنەر، بینەر، بیسەر.

تا ئێستا سیاسییەکان، بازرگانەکان، کۆمەڵەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان. سەرچاوەی هەواڵن بۆ ئاژانسەکان هەر ئەوانەی سەرەوەشن کەبەخەستی کاردەکەن بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و لە زۆر کاتیشدا بڕیار لەسەر ناوەرۆکی هەواڵەکان بدەن.

هەواڵ هەموو کاتێک دوو مەبەستی هەبووە:

١- پەیداکردنی پارە.

٢- ئامانجی سیاسی.

ڕۆژنامەکانی سەرەتایی کە لە سەردەمی شەڕی ١٦١٨-١٦٤٨ (سی ساڵە) پەیدابوون. هەر لایەنەو دەیویست بیروبۆچوونی خۆی لەسەر شەڕەکە بگەیەنێتە جەماوەر. چونکە وەک دەزانین، لە سەردەمی شەڕ و قەیرانەکان هەواڵ و دەنگوباس گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. نموونەی تازەش شەڕی کەنداو ١٩٩٠ شەڕی ئەفغانستان ٢٠٠١ شەڕی عیراق ٢٠٠٣، ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین هەواڵ ئەوا بەدوو قۆناغ تێپەڕ دەبێ.

١- چۆن هەواڵ هەڵدەبژێردرێت و چ هەواڵێک بگەیەنێتە جەماوەر.

٢- چۆن هەواڵەکە دابڕێژرێت و پێشکەش بکرێت.

خاڵی یەکەم پێوەندی بەئاژانسەکان و سەرچاوەی هەواڵەکانەوە هەیە، دووەمیش پێوەندی بەڕۆژنامەنووس خۆی هەیە.

هەواڵ لە ڕووداوەوە بۆ خوێنەر و بینەر و بیسەر دەکرێ زۆر کورت و ئاسان بێت وەک لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی، سەرۆک وەزیران ڕاستەوخۆ بەڕێگای کەناڵی تەلەفزیۆنەوە قسەکانی خۆی دەگەیەنێتە بینەران و بیسەران. ڕووش دەدات کە هەواڵ تا دەگاتە خوێنەران ڕێگایەکی زۆر دوور و درێژ دەبڕێت و کاتی زۆر دەوێت تا جەماوەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر وەک نموونە باس لە هەواڵەکانی ئی یو "EU" بکەین، ئەوا زۆربەی ڕاگەیاندنەکان پشت بەو ئاژانسانە دەبەستن کە کۆنتۆری (نووسینگەی) لە بڕوکسل هەیە. ڕۆژنامە گەورەکانیش هەواڵیان لە ڕێگای پەیامنێرەکانی خۆیانەوە بەدەست دەگات. دەشکرێ بەڕێگای ئاژانسی جیا جیا لەگەڵ ئاژانسی شاری بڕوکسل بگەیەنرێتە جەماوەر.

بۆ هەموو هەواڵەکان لە هەموو قۆناغەکاندا سەرنووسەر هەن کە هەرکاتێک بیانەوێت، هەواڵەکە دەوەستێنن یان زیاتر بەرزی دەکەنەوە. هەر خۆشیان دەتوانن سەرلەنوێ هەواڵەکە دابڕێژنەوە لەسەر ئەو مەتریالەی کە لای خۆیان دەست دەکەوێت. هەر ئەو سەرنووسەرانەشن کە بڕیار لەسەر درێژی یان کورتی بابەتەکە دەدەن.

پێشتر هەواڵ بەتەلەگراف، تەلەفۆن، تێلی پرینتەر دەگەیشتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆیە تا هەواڵەکە چا دەکرا و سەرلەنوێ دادەڕێژرایەوە و دەگەیەنرایە جەماوەر، کاتی زۆری دەویست. ئەمڕۆ هەواڵەکان لە ڕێگای پەیامنێر و ئاژانسەکانەوە ڕاستەوخۆ دەگەنە سەر شاشەی ناوەندی (مەرکەزی) کۆمپیوتەرەکان. جگە لەوەش ڕۆژنامەنووسان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان، بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانن بەدوای هەواڵ بگەڕێن. ئەوجۆرە زیاتر بۆ هەواڵەکانی ناوەوەیە، بەڵام تا ڕاددەک بۆ هەواڵی دەرەوەش سوودی لێ وەردەگیرێ. بۆیە ئەگەر پەیامنێرێک لە شاری بروکسل و ناو خانووی EU بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەری خۆی، دابنیشێ



و سەیر بکا چ لە پایتەختی ناو ئی یو ڕوودەدا. ئەو بەهۆی ئینتەرنێتەوە هەر لەهەمان ژوور و بەرامبەر هەمان شاشە، بۆ نموونە دەچێتە ناو سایتی (لاپەڕە) EU لە سوید. یانی لەڕێگای دەوڵەتی سوید، کە یاساکانی ئەوێ ڕێگای بڵاوکردنەوەی زۆرتری لەسەر ڕێکخراوەکان تێدایە، لەسەر هەمان بابەت و لەناو هەمان خانوو زانیاری زۆرتری دەست دەکەوێت.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەواڵەکان هەر باس لەوە ناکەن کە چ لە دەرەوەی وڵات ڕوو دەدات، بەڵکوو باس لە کێشەکانی ناوەوەی وڵاتیش دەکەن. زۆرجار بابەت و کێشە زەقەکانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ نیشان دەدرێن. لێرەش دەستەی نووسەران بڕیار دەدەن کە چ هەواڵێک بەرزبێتەوە و جەماوەری تێدا لە ڕێگای ئەوانەوە ئاگادار بکرێتەوە و چ هەواڵێکیش لەنیوەی ڕێگا بووەستێندرێت.

وۆڵتەر لیپمان Walter Lippmann ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی لەساڵی ١٩٢٤ بۆی ڕوون بووەوە کە ڕۆژنامەنووس دەبێت هەست بکات کە جەماوەر تێنووی زانینی ئەو زانیارییەیە. بەڕای وۆڵتەر مەرجی هەواڵ بەلای ئەو کە مرۆڤی یەکەم دەبێت لای مرۆڤی دووەم هەست ببزوێنێت بۆ نموونە: وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک لە فینلەندا، هەست لای سویدییەکان زۆرتر دەبزوێنێ، تا لەلای هیندییەکان لە هیندستان. لە هەمان کاتیشدا، تراگێدیای گەورە هەست لای زۆرکەس دەبزوێنێ.

لە هەوڵێک بۆ ئەوەی چاکتر لە هەواڵ بگەین، ئەوا هێنک پراککێ Henk Prakke بۆمان ڕوون دەکاتەوە. بەڕای ئەو سێ فاکتەر هەن کە پلەی گرنگی هەواڵ دەردەخەن. "کات، فەرهەنگ لەگەڵ شوێن". هەرچەند دوورتربن لەو سێ خاڵە، هەواڵەکە کەمتر بایەخی بۆمان دەبێت. کە کەمیش بایەخی هەبێ، ئەوا کەمتر هەواڵە. کە دوورتر بێت، بایەخی هەواڵی خۆی کەمتر دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسان وەک گرووپ، کاریگەری زۆریان هەیە

لەوەی کە چ هەواڵێک دەستەی نووسەران هەڵدەبژێرن.

ڕۆژنامەنووسان شانسی زۆریان هەیە کە خۆیان ئەو هەواڵانە هەڵبژێرن لەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن.

لە ١٩٥٠-١٩٦٠ی سەدەی ڕابردوو، زۆر کات بەوە دەرۆیی کە لە هەواڵەکان بکۆڵدرێتەوە و بچنەوە سەر سەرچاوەکانی بۆ ڕاستی ڕووداوی ڕووداوەکە. ئایا هەواڵی ناوبراو بلاوبکرێتەوە یان نا؟ ئەمڕۆ لەم بوارەدا گۆڕانکاری زۆر ڕووی داوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ زیاتر خۆیان لە گەیاندنی هەواڵەکان چالاک کردووە. کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکان، زیاتر دەیانەوێ هەواڵەکانیان وەک چۆن خۆیان دەیانەوێت بگاتە جەماوەر. هەربۆیەش بۆ سوود و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تا بۆیان بکرێ هەواڵە خراپەکان بلاوناکەنەوە و لە چاکەکانیش درێغی ناکەن.

ئەوانەی زانیاری و هەواڵەکانی کۆمپانیا و دەزگاکان دەگەیەنن، ئەرکیان نوێنەرایەتی ئەو شوێنەیە کە کاری تێدا دەکەن. ئەو شوێنەش دەکرێ دەزگای میری بێت یان ڕێکخراو و کۆمەڵە جەماوەرییەکان. ئەوان ئامانجیان گەیاندنی ئەو هەواڵانەیە کە خۆیان دەیانەوێت. لێرەدا کاری ڕۆژنامەنووسیش ئەوەیە کە هەواڵەکان بەچاوی ڕەخنە و گومانەوە سەیر بکات.

ڕۆژنامەنووسانی دەوڵەتی سوید، وەک بێلایەن خۆیان لەقەڵەم دەدەن. هەر ئەو بێلایەنییەش بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢ هەواڵ گەیەنەرەکانیان لە سەندیکای خۆیان وەرنەگرت. چونکە هەواڵ گەیەنەرەکان لەکاتی گەیاندنی هەواڵەکان نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانی خۆیان دەکرد. (نموونە: کۆمپانیای ئێرکسۆن یان ڤۆلڤۆ، ئەگەر بیانەوێ هەواڵێک بگەیەننە جەماوەر، بەدوو ڕێگا یان زیاتر هەواڵی مەبەست دەگەیەنن.



یەک: بەهۆی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی. لێرەدا خەڵکی پسپۆڕ کۆنگرەکە بەڕێوە دەبات. ئەوان زۆر باش ڕاهێنراون لەسەر ئەوەی چۆن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قسە بکەن و چۆنیش وەڵامی پرسیارەکانی ئەوان بدەنەوە. لەزۆر کاتدا خۆشیان ماوەیەکی زۆر وەک ڕۆژنامەنووس کاریان کردووە.

دوو: بەهۆی بلاوکردنەوەی هەواڵەکە لەسەر سایتی خۆیان.

دەکرێ بەهۆی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک هەواڵی مەبەست بۆ جەماوەر بگەیەنرێت. بۆ کۆمپانیای ڤۆلڤۆش بەهەمان ڕێگا و شێوە هەواڵەکانیان بەڕێگای هەواڵگەیەنەرانی خۆیان دەگەیەنن. ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە ئەوان لە گەیاندنی هەواڵی مەبەست، بێلایەن نەبوون.

سەلمێنراوە کە گەیاندنی هەواڵ بەڕێگای باش و سەرکەوتوو، لەلایەن جەماوەرەوە چاکتر پێشوازی لێ دەکرێت و بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێشەوە، مرۆ دەتوانێ سوود لە کەناڵی جیا جیا بۆ وەرگرتن و گەیاندنی هەواڵ وەربگرێ.

ئەمڕۆ وەک پێش، پێویست ناکات جەماوەر تەنیا بەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەواڵ و دەنگوباس وەربگرێ. بەهۆی ئینتەرنێتەوە، هەموو کەس دەتوانێت ڕاستەوخۆ بچێتە سەر سەرچاوەکانی هەواڵ. لەگەڵ ئەو هەموو توانایەشدا، تا ئێستا کەناڵەکانی میدیا بەشێوەی کلاسیک سەرچاوەی هەواڵن. بۆیە سەیرنییە کە هەردوو شێوەی باسمان کرد، تا ڕادەیەک جۆرە پێشبڕکێیەکیان لەنێواندا پەیدا ببێت لەسەر ئەوەی کامە زووتر هەواڵەکان بلاو بکەنەوە.

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای نوێ، ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کەناڵە گەورەکانی تەلەفزیۆن، دەزگا گەورەکانی ڕاگەیاندن لەزۆر شوێندا پەیامنێری خۆیان هەیە. ئەوەش دەکاتە ئەوەی کە کەمتر پشت بەئاژانسە گەورەکان ببەستن. بەڵکوو بەهۆی پەیامنێرەکانی خۆیانەوە، وەک ئاژانسی

گەیاندنی هەواڵەکان ڕۆڵ دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، هەواڵنێرەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کاردەکەنە سەر دەزگاکانیان.

هەندێک ئاژانس چەندین دەوڵەت پشتیان پێدەبەستێت. ئەو ئاژانسانە وەک ئاژانسی نێودەوڵەتی بەناوبانگ نین، لەگەڵ ئەوەشدا، تا ڕاددەیەک ڕۆڵی نێودەوڵەتی دەبینن. ئەو دەوڵەتانەی پشت بەو جۆرە ئاژانسانە دەبەستن، زیاتر زمان دەوری تەواوی خۆی تێدا دەگێڕێ. ئاژانسی مێنا MENA (ئاژانسی ڕۆژهەلاتی ناوەراست)لە دەوڵەتی میسر، ڕۆڵی ئاژانسی نێودەوڵەتی لەنێو دەوڵەتە عەرەبەکان دەگێڕێ.

ئەنسا ANSA لە ئیتالیا و ئێفێ Efe لە ئیسپانیا، ڕۆڵی گەورە لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین دەگێڕن.

ئاژانسی کیۆدۆ (Kyodo)ی یابانی ڕۆڵی زۆر گرنگ لە گەیاندنی هەواڵ لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا دەگێڕێ. ئاژانسی خینهوا Xinhua لە دەوڵەتی چین لەژێر دەستەلاتی حکوومەتی مەرکەزی چینە و ئەوانیش بەرێگای لێژنەی ناوەندی حزب، بڕیار لەسەر ناوەرۆکی هەواڵەکان و شێوەی داڕشتنی دەدەن و خینهوا زمانی فەرمی حکوومەتی چینە. دەتوانین بڵێین کە پرینسیپی هاوبەشیان لەگەڵ ئاژانسی "تاس"ی یەکێتی سۆڤێتی کۆن زۆر بوو.

ئەمڕۆ لەسایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، زۆر لە ڕۆژنامەکانی جیهان نووسین لەیەکدی دەکڕن. لە ئەمریکا چەندین ڕۆژنامەی ناوچەیی ئابۆنەی گوتاریان لە ڕۆژنامە گەورەکان وەک: نیۆیۆرک تایمس، واشنتۆن پۆست هەیە و نووسینیان دەکڕن. ئەو خزمەتگوزارییە وەک نێودەوڵەتیش کار دەکات و سوودی لێ وەردەگیرێت.



# وێنە و فیلم

ئاژانسەکان لە سەرەتادا تەنیا کاری نووسینیان دەکرد، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، وێنەش بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەوانە کرا و بازاڕی بۆ پەیدابوو. وەک دەزانین سەرەتا وێنەی ڕەش و سپی دواتر ڕەنگی. گەورەترین ئاژانس لە جیهان بۆ وێنە ئەوا ئاژانسی ئەی پی (AP)ە. زیاد لە ٢٠٠٠ ئابونەی هەیە.

بۆ تەلەفزیۆن وێنە و فیلم زۆر گرنگە، بەڵام وەک ئاشکرایە مرۆڤ بۆ (TV) زیاتر ئارەزوویەتی سەیری فیلم بکات. بەتایبەتی ئەوانەی زۆر سەرنج ڕاکێشن و دەتوانن سۆزی بینەر بجوولێنن. (ڕۆیتەرس تی.ڤی.نیوز Reuters TV News گەورەترین ئاژانسی جیهانە لە فیلم گرتن و گەیاندنی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەو کۆمپانیایە پێشتر ناوی ڤیسنیوز Visnews بوو. کەناڵی ناوبراو لە ئەنجامی هاوکاری نێوان کەناڵەکانی بەریتانیا دروست بوو. ڕۆیتەرس تی ڤی نیوس لە ڕاستیدا پێوەندی لەگەڵ هەموو تەلەفزیۆنەکانی جیهان هەیە. ئەوان فیلم بۆ ١٧٠ کەناڵی TV لە نزیکەی ١٠٠ وڵات ڕەوانە دەکەن. جگە لە ڕۆیتەرس ئەمڕۆ (APTN ئەی.پی.تی.ئێن) کە دەکاتە ئەسۆشیێیت پرێس تی ڤی نیوس Associat-ed Press Television News، ٨٣ نووسینگەی لە ٦٧ وڵات هەیە. ئەوان هەواڵ و دەنگوباسەکان بەفیلم بەرێگای سەتەلایتەوە ڕەوانە دەکەن و پێوەندییان لەگەڵ نزیکەی ٣٥٠ کەناڵی TV لە جیهان هەیە.

لە ئەورووپا، لە پەیدابوونی تەلەفزیۆنەوە، بەردەوام ئاڵوگۆڕی لە نێوانیان کراوە. ئەمڕۆ زۆر لە کەناڵە گەورەکانی جیهان، ڕۆڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بۆ کەناڵەکانی دی وەردەگرن. لەوانەش بەناوبانگترینیان کەناڵی "CNN"

Cable News Network ئەو کەناڵە ئەمەریکییە و مرۆڤ بەهۆی بوونی سەتەلایتەوە، دەتوانێ لە هەموو کونجێکی جیهان سەیری بکات. وەک دەزانین سەدان کەناڵی تەلەفزیۆنی جیهانی سوود لە خزمەتگوزاری کەناڵی ناوبراو وەردەگرن. گەورەترین رووداو کە کەناڵی CNN کە توانی رۆڵی سەرەکی تێدا ببینێت، ئەوا شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩٠ بوو. جگە لە کەناڵی ئاسمانی CNN چەندین کەناڵی دیکەی ئاسمانی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ هەن. ئەوانەش وەک: سکای نیوس Sky News لەگەڵ BBC World کە هەردووکیان بەریتانین، لەگەڵ کەناڵی ن-تی.ڤی. N-TV ئەڵمانی و فۆکس نیوس Fox News و م س ن ب س MSNBC باکووری ئەمەریکان.

ئەو کەناڵە ئاسمانییانە وەک رووبار هەواڵەکانی جیهان دەرژێننە ناو کەناڵەکانی دیکەی تەلەفزیۆن و فیلمەکانی ئەوانیش لە زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی جیهان رۆژانە نیشان دەدرێن. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی پێشچوونی تۆڕی ئینتەرنێت Internet، لەسەر لاپەڕی (سایتی) ئاژانسەکان مرۆڤ دەتوانێ وێنەی رووداوەکانیش ببینێ.

پەیامنێر بەهۆی کامیرایەکی بچووک و کۆمپیوتەرێک، یان تەلەفۆنێک کە بتوانێ فیلم بگرێ، دەتوانێ راستەوخۆ پێوەندی بەدەزگای خۆیەوە بکات و وێنە و نووسین و فیلمی جووڵێنەر بگەیەنێت.

ئەمڕۆ لەو هەموو هەواڵانەی کە بەدەست ئاژانسەکان دەگات، تەنیا سوود لە ٪ ١٠ی وەردەگیرێت. هەواڵ پێش ئەوەی بگاتە جەماوەر، بەچەندین فلتەر و سانسۆر تێدەپەڕێت. بۆیە بەگوێرەی دوور و نزیکی رووداو لە ئێمە، ئێمە بایەخ بەهەواڵ دەدەین. لە زۆر کاتیشدا، رووداو و هەواڵەکانی دەوڵەتانی پیشەسازی و پێشکەوتوو بەهەواڵی گرنگی هەموو جیهان دادەنرێن. هەر بۆیەش نزیکەی ٦٠ ٪ی رۆژنامەنووسانی هەواڵی هەموو جیهان لە ئەوروپا و رۆژئاوای ئەمریکا هەن.



# هەیکەلی ئیداری ئاژانسەکان

رێداکسیۆنی هەموو ئاژانسەکان بەسەر چەند بەشێک دابەش دەبن، لێرەدا ئاژانسی TT "Tidningarnas Telegrambyra" نووسینگەی تەلەگرامی رۆژنامەکان"ی سویدی وەک نموونە باس دەکەین.

رێداکسیۆنی ئەم ئاژانسە بەسەر ئەو بەشانەی خوارەوە دابەش کراوە:

ناوەخۆ، سیاسەت، ئابووری، وەرزش، رادیۆ، سایتەکان لەگەڵ تەلەفزیۆن.

نۆ ئەندام سەرپەرشتی کارەکانی ئەم ئاژانسە دەکەن: بەڕێوەبەری گشتی رۆژنامەی Svenska Dagbladet، جێگری بەڕێوەبەری رۆژنامەکانی Bonnier Dagstidningar، بەڕێوەبەری AB MittMedia For-valtnings، سەرنووسەری رۆژنامەی Goteborg Posten، سەرنووسەری رۆژنامەی Aftonbladet بەڕێوەبەری رۆژنامەی Uppsala Nya Tidning، سەرنووسەری رۆژنامەی Sydsvenskan بەڕێوەبەری پێرسونالی (کەسانی لە دەزگا کاردەکەن) TT لەگەڵ بەڕێوەبەری دەستەی نووسەرانی TT.

ئەوانەی سەرەوە ئەندامانی بەردەوامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئاژانسی TT بوون و هەریەک لەمانەش جێگرێکیان هەیە. چوار لەوانە ژنن. جێگرەکانیش هەریەکەو نوێنەرایەتی رۆژنامە یان دەزگایەکی راگەیاندنی وڵاتی سوێد دەکەن.

ئاژانسی TT سەربەکەرتی تایبەتە. رۆژنامە و گۆڤارەکان بەو شێوەی خوارەوە پشک "سەهم"یان لەو کۆمپانیایە هەیە.

- رۆژنامەی Aftonbladet 20%

- ڕۆژنامەی Dagens Nyheter %10
- ڕۆژنامەی Expressen %10
- ڕۆژنامەی Goteborg Posten %10
- ڕۆژنامەی Svenska Dagbladet %10
- ڕۆژنامەی MittMedia Forvaltnings %5
- ڕۆژنامەی Norrkoppings Tidning %5
- ڕۆژنامەی Svenska Dagbladet %10
- ڕۆژنامەی Pres(s)gruppen %5
- ڕۆژنامەی Uppsala Nya Tidning %5
- VLT AB %5
- Ostgota Correspondenten %5

ئەوانەی سەرەوە خاوەنی ئاژانسیTT بوون و لایەنی تەکنیکییش نۆ کەس بەڕێوەی دەبات. هەشت لەو نۆ کەسە پیاون و یەکیان کچە. پێنج پسپۆریش بۆ باشکردنی سایتەکەیان بەردەوام لە خەباتدان.

## ئەرشیڤیTT

لەم بەشە هەموو ئەو گوتارانەی لەم ئاژانسە بلاوکراونەتەوە، دەتواندرێ دەست بکەوێت و بۆ نووسینی گوتاری نوێ دەکرێ، وەک سەرچاوەیەکی باش سوودیان لێ وەربگیرێت. جگە لە نووسین و گوتار، وێنەش پارێزراون و دەنگ و فیلمیش لێرە هەیە.

ئاژانسیTT لەسەر سایتی خۆیان، هەموو گوتارەکانی، کە لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە بلاوی کردوونەتەوە لێرە دەست دەکەون. ئەو خزمەتگوزارییە زۆرتر بۆ کۆمپانیاکانە و ئەوان باشتر سوودی لێ وەردەگرن.



## ئەرشیڤی میدیا

لەم بەشە گوتارەکانی لە مانگی شەشی **١٩٩٧** نووسراون و بلاوکراونەتەوە لەگەڵ هەندێک مەتریالی ڕۆژنامە گەورەکانی سوێدی پارێزراون. بۆ کڕیاری ئازاد، نرخی پێنج دەرهێنان و بەکارهێنان نزیکەی ٢٠ دۆلاری ئەمریکییە. قوتابخانەکان دەتوانن ئابونەیان لەگەڵ ئەم سایتە هەبێت و زۆر لە کتێبخانەکانی سوێد ئابونەیان لەم سایتە هەیە.

## نووسینی ڕۆژنامەکان

ئاژانسیTT لە مانگی شەشی **١٩٩٧** ئەم خزمەتگوزارییەی هەیە. هەندێک ڕۆژنامە پێش ئەم مێژووە نووسینەکانیان بۆ ئەم لاپەڕە ئامادە کردووە. زانکۆ و پەیمانگاکان، قوتابخانە و کتێبخانە و کۆمپانیاکان، ئابونەیان لەم لاپەڕە هەیە.

ئاژانسیTT لە ڕاستیدا وەک ڕۆژنامەیەک کارەکانی بەڕێوە دەبات. ڕۆژنامەنووسەکان هەواڵەکان کۆدەکەنەوە، دەنووسن و دەستەی نووسەران پێیدادەچنەوە. وەک ڕۆژنامە گەورەکانTT ڕێداکسیۆنی بەسەر چەند بەشێک دابەش کراوە: بەشی هەواڵەکانی دەرەوە، وەرزش، ئابووری و چەند بەشێکی دیکەیش. ڕۆژنامەنووسەکانی ئەم ئاژانسە بەوە بەناوبانگن، کە یەکسەر و زۆر بەخێرا، لەسەر هەر بابەتێکی پێویست، نووسینت بۆ دەنووسێت و بەرپرسێتی بلاوکردنەوەشی دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

پاش ئەوەی گوتارێک دەنووسرێت، بەردەوام لەلایەن خەڵکی پسپۆر پێش بلاوکردنەوەی دەخوێندرێتەوە و کەموکورتییەکانی ئەگەر هەبێت، چاک دەکرێت و لە ماوەی چەند خولەکێک بەڕێگای سەتەلایت و نێتەوە (هێڵ)، دەگاتە هەموو ئابۆنەدارەکان وەک: ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و

بەرێگای SMSیش بۆ سایتەکان ڕەوانە دەکرێت. بەهەمان خێرایی بۆ ئاژانسەکانی دیکەی جیهانی کە ئابۆنەیان لەگەڵ TTهەیە دەنێردرێت.

ئاژانسی خزمەتگوزارییەکی بۆ گەیاندنی هەواڵەکان بەتەلەفۆنیش هەیە. ئەم خزمەتگوزارییە لە کاتژمێر ٠٦ - ١٨ کراوەیە. ئەوەش بەلێدانی ژمارەیەکی تایبەت، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک هەموو جارەکان، دوا هەواڵ دەبیسترێت. یەک خولەک گوێگرتن بەنزیکەی ٦٠ سەنتی ئەمریکییە.

نۆ کەس لە پرسگەی ئەم ئاژانسە کار دەکەن. حەوتیان ئافرەتن و دوو پیاویش لایەنی تەکنیکی بەڕێوە دەبەن.

نزیکەی ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس کاردەکەن و سیانزە کەسیش پۆستی شێفیان (بەڕێوەبەر) لەم ئاژانسە هەیە.

ئاژانسی TTمێژوویەکی درێژی لەگەیاندنی هەواڵ لە ڕادیۆ هەیە. پێنجی مارتی ١٩٢٤ بۆ یەکەم جار هەواڵی خۆی، لە ڕادیۆ بلاوکردەوە. Astrid Kindstrand یەکەم ژن بوو، کە هەواڵی ئاژانسیTTی لە ڕادیۆ لەساڵی ١٩٣٨بلاوکردەوە. زۆر لە گوێگران بەبیستنی دەنگی ژن و خوێندنەوەی دەنگوباسی سیاسی تووڕە بوون و نامەی خراپ و ناڕەزاییان، بۆ ئاژانس ڕەوانە کرد.

ئێستا ژیان گۆڕاوە و کەس بیر لە ڕەگەز لە ئاژانس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناکاتەوە. چل ڕادیۆ لە سوێد ئابۆنەی ئەم ئاژانسەیان هەیە و سەرچاوەی هەواڵەکانیانTTیە.

ئاژانسی TT ئاژانسێکی میللی سوێدییە و نووسینگەی جگە لە شاری ستۆکهۆڵم لە شارەکانی Malmo,Sundsvall,Umea,Lulea: هەیە. نووسینگەی سەرەکییان لە شەقامی Kungsholmstorg ژمارە پێنجە. لە دەرەوەی سوێد، جارێ تەنیا لە شاری مۆسکۆ و بروکسل نووسینگەیەکیان هەیە.



ئاژانسیTT لەسەر سایتەکەیان ڕێکلامێکی بەو شێوەی خوارەوە بۆ خۆی کردووە:

ئەو خزمەتگوزارییەی ناتوانیت بێی بژیت

حەوت هۆ بۆ ئەوەی ئاژانسیTT هەڵبژێریت

١- هەواڵەکانی کار لە بازاڕ دەکەن ڕاپۆرتی وەرزی و کۆتایی ساڵی کۆمپانیا گەورەکانی سوێدی و دەرەوە، زۆر بەخێرایی بلاودەکاتەوە.

٢- یەکەمە لە گەیاندنی هەواڵ و ڕوداوە گەورەکان: ئەو هەواڵانە وەک داگرتنی باج، گۆڕانکارییە گەورەکانی ناو کۆمپانیاکان، کڕین و فرۆشتنی کۆمپانیاکان لەگەڵ کۆمێنتار (تەعلیق) لێکۆڵینەوە لەسەری و وەرگرتنی ئینتەرڤیو لە بەڕێوەبەر و بەرپرسە گەورەکان. بەرێگای ئێمەوە، ئاگاداری ڕووداوە گەورەکانی ئەوروپا دەبیت و بەردەوامیش هەواڵی نوێ لە سایتەکەمان دەخوێنیتەوە.

٣- بەخێرایی و بەڕاست و دروستی: ئاژانسیTT هەواڵەکان زۆر بەخێرایی بلاودەکاتەوە و کۆنترۆڵکردنیش لە ڕاست و دروستی فەرامۆش ناکات.

٤- پرسیارەکانی پەیوەندی بەکار و بازاڕەوە هەیە: ئاژانس بەوردی و بەدروستی باس لە بازاڕی کار و مۆرکردنی گرێبەستە گەورەکان دەکات.

٥- چاودێری کردنی سیاسەت: ئاژانسی ئێمە بەردەوام لە کادیرە سیاسییەکان نزیکە و جەماوەر لە کارەکانیان ئاگادار دەکاتەوە. زیاتر ئەو پرسیار و باسە سیاسییانەی ڕاستەوخۆ کار لەسەر بازاڕ دەکەن باس دەکات.

٦- باسکردنی ڕووداوەکان بەتێری: ئاژانسیTT تەنیا فاکت لەسەر ڕووداوەکان بلاوناکاتەوە بەڵکوو باس لە بەرزی و نزمی ڤالوتە (دراوی دەوڵەتە سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکان)، نرخی کانزە خامەکان و باس

له کاردانەوەی ئەوانیش لەسەر بازاڕ دەکات. گوتارەکان بەگوێرەی پێویست کورت دەکرێنەوە، یان لەکاتی پێویست، زۆرتری لەسەر دەنووسێت.

٧- ئینتەرڤیو و کۆمێنتار (تەعلیق): ئاژانس کۆمێنتاری خێرا لەلایەن بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەردەگرێت و بەدرێژتر گوێت لە ئینتەرڤیوەکانی ئەوکەسانەی ڕاستەوخۆ کار لە بازاڕی سوێد دەکەن دەبێت. بەردەوام ئاگاداری هەموو ڕووداو و هەواڵەکانی ئابووری دەبیت.

هەمان ئاژانس ئەمجارەیان بەناوی: حەوت هۆ بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی TT بۆ کۆمپانیا سوود لێ وەربگریت، لەگەڵ شەش هۆ بۆ ئەوەی سوود لە میدیا نوێکان وەربگریت لەسەر سایتەکەی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە. لەم سیانزە خاڵەی دواش، ئاژانس باس لە کارەکانی خۆی دەکات، پێت دەڵێت: ئەگەر ئابۆنەت لای ئێمە هەبێت قازانجی زۆر دەکەیت.

ئاژانسیTT بایەخی زۆر بەزمانی نووسین دەدات. ئەو بەهیچ شێوەیەک نایەوێت، هەریەکە و چۆنی بوێت، نووسینەکان دابڕێژێت. هەموو نووسینەکان بەلای کەم یەکێک پێیدادەچێتەوە و لەلایەن زمانەوانییەوە چاک دەکرێت. جگە لە پێداچوونەوەی سەرنووسەرەکان، بۆ هەمان مەبەست، ڕاپۆرتێکیان بەقەبارەی ٧٨ لاپەڕەی (A4) لەسایتەکەیان داناوە، تاکو لەکاتی نووسین سوودی لێ وەربگیرێت. لە خوارەوە هەندێک لەو نموونانە دەهێنینەوە، کە لەڕاپۆرتەکە باسی لێوە کراوە.



# ئامۆژگارییە گشتییەکان بۆ نووسین

## ئامۆژگاری گشتی

ز لیدەر (چەند ڕستەیەکە بەمەرەکەبی ڕەش لە سەرەتای گوتار دەنووسرێت) گرنگترین بەشی گوتارە. ز لیدەر دەبێت هەستی خوێنەر ببزوێنێت و هانی بدات بۆ خوێندنەوەی هەموو نووسینەکە. ڕستەی درێژ و بێ مانا مەنووسە. دوو ڕستەی کورت، بەردەوام لەیەک ڕستەی درێژ باشترە. گرنگترین بەشی گوتار دەبێت لە ز لیدەر لەگەڵ ڕستەکانی سەرەتا بێت.

## بەکورتی بنووسە

بەکارهێنانی وشەی کورت باشترە لە بەکارهێنانی وشەی درێژ.

وشەی ڕاست و دروست لە شوێنی پێویست بەکار بهێنە و دابنێ.

چۆنێتی نووسینی ناوی دەزگاکانی دەوڵەت

نووسینی ناوی دەزگاکانی دەوڵەت بەپیتی گەورە. (ناوی دەزگاکان نووسرایە).

نووسینی ناوی دەزگاکانی دەوڵەت بەپیتی بچووک. (ناوی دەزگاکان نووسرایە).

ناوی ڕێکخراو و کۆمپانیاکان. (ناوی زۆر لە ڕێکخراو و کۆمپانیا وەک نموونە هاتوون).

ئەو وشانەی ناو دروست دەکەن نموونە: پۆلیسی یەتەبۆری.

گرووپی نەتەوەکان نموونە: سوێدییەکانی فینلەندا.

پارتە سیاسییەکان

ناوی دەرمان و کۆمپانیاکانی دەرمان دروست دەکەن

ناوی نەخۆشییەکان

ناوی زانستی بۆ ئاژەڵ و شینایی

ناوی کتێب بەزمانەکانی بیانی

پاش ناو بۆ ناو نموونە: پرینس کارل فیلیپ، سەرۆک یێلتسن

ڕۆژانی پشوودان

ئایین

لیستی ناوی دەزگاکانی میری. (شەش لاپەڕە ناو لەژێر ئەو سەردێڕە نووسرایە).

کورتکردنەوەی وشە

هەوڵدە وشەکان بەکورتکراوەیی نەنووسی

کورتکراوەکان وەک وشە

پارتە سیاسییەکان. (ناوی پارتە سیاسییەکان بەپیتی بچووک دەنووسین، بەڵام ناوی ڕێکخراوەکانی سەربەپارتەکان بەپیتی گەورە دەنووسین وەک: یەکێتی قوتابیان... هتد).

بەیەکەوە نووسین یان بەجیا نووسین

بەیەکەوە یان بەجیا (یەک لاپەڕە وەک نموونە نووسراوە).

هەندێک ناوی شاز

نووسینی ژمارە (١.٢ملیارد، ١,٥ ملیۆن، ژووری ژمارە ٢٨، ئەوان دوو لەسەر سێی دەنگەکانیان هێنا... هتد).

نووسنی ژمارەی زۆر

مەنووسە ٥-٦٠٠ کرۆن ئەگەر مەبەستت ٥٠٠-٦٠٠ کرۆن بێت.



لە نووسینی ژمارەی زۆر، خاڵ لەنێوانیان دانادرێت. بۆ ئەوەی هەزارەکان لەیەک جیا بکرێنەوە، بۆشاییەک دابنێ ١ ,٦٠٩ ٠٠٠ وشەی هەزاران لەجیاتی چەند هەزار دەنووسین.

نووسین یان ژمارە

ڕستە بەژمارە نووسین دەست پێ مەکە. کاتژمێر ٣-٥ یان ٢-٣ کیلۆ.

١ کیلۆ و ٧ گرام.

تێکستی ئابووری

لە نووسینی تێکستی ئابووری، ژمارە دەنووسرێت. قازانجی ساڵی یەکەم ٣,٦ ملیۆن کرۆن بوو و قازانجی ساڵی دووەم ٤ ملیۆن کرۆن بوو.

١ ٠٠٠ ٠٠٠ ملیۆن بەزمانی سوێدی، بەئینگلیزی ئەمریکی ملیۆن.

١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ملیارد بەزمانی سوێدی، بەئینگلیزی ئەمریکی بیلیۆن.

١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ بیلیۆن بەزمانی سوێدی، بەئینگلیزی ئەمریکی بیلیۆن یان تریلیۆن.

١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ هەزار بیلیۆن بەزمانی سوێدی، بەئینگلیزی ئەمریکی هەزار بیلیۆن یان کوارتیلیۆن.

١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ترلیۆن بەزمانی سوێدی، بەئینگلیزی ئەمریکی تریلیۆن یان کوینتلیۆن.

سیمبۆل لەگەڵ کورتکردنەوە. ١٥٠ کم / لە کاتژمێرێک.

مێژوو و کاتژمێر لەگەڵ کات

ڕۆژی ٨ی گەلاوێژی ١٩٩٨، ساڵ بەیەکەوە دەنووسرێت وەک: ١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠١.

کاتژمێر ١٨,٣٠، چەند خولەکێک پێش پێنج و نیو.

نیشانەی پرسیار

لە کاتی پرسیارکردن، دەبێت نیشانەی پرسیار دابندرێت، زۆر جار ئەم نیشانەیە لە ناوەڕاستی ڕستە بەکاردێت.

وشەی ئینگلیزی

وشە یان قسەی نەستەق بەزمانی ئینگلیزی بەکار مەهێنە، ئەگەر بەرامبەرەکەیت بەزمانی سوێدی هەبێت. یەک لاپەڕە وەک نموونە هێندراوەتەوە.

مێدیسین

بەکتریا و ڤیرۆس

ئەو وشانەی بەئاسانی تێکەڵاو دەبن یان بەهەڵە دەنووسرێن

ناوی دەرمان، ناوی نەخۆشی

ئەو وشانەی لەگەڵ کۆمپیوتەر بەکار دێن

زمانی وەرزش نموونە: کەنەدا لە سوێدی بردەوە بە ٣-٢ یان سوێد بەکەنەدای دۆڕاند بە ٢-٣.

ناوەکانی لەشکر لەگەڵ ڕێکخراوە سەربازییەکان

ئەو وشانەی لە جوتیاری و کێڵانی زەوی بەکار دێن

ناو

ئاژانسیTT بایەخی زۆر بەنووسینی ناو دەدات. بۆیە دەنووسێت: چاکترە پرسیارێکی زۆرتر بکەیت، لەوەی لە نووسینی ناوەکە دڵنیا نەبیت و بەهەڵە بینووسیت.

ناوی پاشاکان

ناوە گرانەکانی جوگرافی

زمانەکانی دیکە



ناوی عەرەبی

ناوی شار و سەرکردە عەرەبییەکان. (پێنج لاپەڕە و نیو وەک نموونە هێندراونەتەوە)

ناوی شوێنەکانی ئیستۆنی

ناوی شوێنەکانی فینلەندی

ناوی جوگرافی. (پێنج لاپەڕە و نیو وەک نموونە نووسراوە)

ناوی گریکی لە سەردەمی ئۆلۆمپیاتی ٢٠٠٤، شوێن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان. (یەک لاپەڕە وەک نموونە هاتووە)

ناوی وەزارەتەکانی عیراق

ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی عیراق

ناوی ئەو کەسانەی ئەمریکا لە عیراق دەیەوێت بیانگرێت. (٥٥ ناوەکەن)

ناو و واجبە ئیسلامییەکان. (دوو لاپەڕە و نیو وەک نموونە هاتووە).

ناوی ئیسلەندی

ناوی ڕوسی

ناوی شوێنەکانی کۆریای باشوور

ئەو ناوانەی لە ڕوسیا و ئۆکرانیا زۆر بەکار دێن

ناوی وەزارەتەکانی هەردووک دەوڵەت

لیستی تەرۆریستەکانی لە EU بەکار دێن. (٣٤ ناو و ڕێکخراو هاتووە)

دەوڵەت و ناوی گەلان. (چوار لاپەڕە وەک نموونە هاتووە)

ئەو ناوچانەی ئازاد و سەربەخۆ نین

ناوی شارەکانی ئەورووپا

ناوی ڤالوتەی دەوڵەتان

ئەو وشانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت

زمانی هونەر

زمانی وەرزش

ناوەکانی بێگانە (نزیکەی شەش لاپەڕە وەک نموونە هاتووە)

ئەوانەی سەرەوە هەندێک لەو ئامۆژگارییانە بوون، کە ئاژانسیTT بۆ کارمەندانی خۆی نووسیوە. لەبەر گرنگی ناوەڕۆک زۆریم وەک نموونە هێناوەتەوە.

باشە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی بتوانن دەرسی لێ وەربگرن و ڕێچکەی ئەوان بگرنە بەر. زمانی سوێدی دەمێکە بۆتە زمانی ستانداری وڵات، ئینجا لە ئاژانسەکەیان ئەوەندە پەرۆشی ڕاست نووسین.

# بەشی دووەم

# ئاژانسەکان

## ئاژانسی Associated Press

دێیڤید هێڵ لە گۆڤاری Journal of Commerce لەگەڵ جێمس گۆردان بێنێت لە ساڵی ١٨٤٧ پێکهاتن لەسەر ئەوەی هەواڵ بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بنێرن، ئەوە هەوڵی یەکەم بوو بۆ دروستکردنی ئاژانس. مایسی ١٨٤٨ بەڕەسمی بەمێژووی لەدایک بوونی ئاژانسی AP دادەندرێت. لەوکاتە دێیڤید هێڵ لەگەڵ دە نوێنەرانی شەش ڕۆژنامەی نیۆیۆرک یەکدییان لە نووسینگەی The New York Sun بینی. لەو بینینە گرێبەستێک بەسترا بەوەی هەوڵبدەن هەواڵ بەڕۆژنامەکان بدەن. Horace Greeley سەرنووسەری New York Tribune بەدامەزرێنەری ئاژانسی AP دادەندرێت.

دانیێل کرێیگ یەکەم نووسینگەی لە دەرەوەی وڵات Halifax, Nova Scotia لە ئەوروپا کردەوە. یەکەم هەواڵ بەکابل لە ئەوروپا لەساڵی ١٨٥٨ بەپێنج هەواڵی کورت بە٤٢ وشە گەیشتە نووسینگەی ئاژانس لە نیۆیۆرک. ئاژانسی AP لە ساڵی ١٨٦١ ڕۆڵی گەورەی لە شەڕی ناوەخۆی ئەمریکا بەگەیاندنی هەواڵەکان بینی. لە ساڵی ١٨٦٥ پەیامنێری ئاژانس لە واشنتۆن لاورێنسێ گۆبریت باس لە کۆمەڵەی سەرۆک لینکۆلن دەکات. لە ساڵی ١٨٧٥ تەکنۆلۆجیا تەواو بەرەو پێشەوە چوو. بۆ یەکەم جار تواندرا بەڕێگای تەلەگرامەوە بەدرێژایی ٢٢٦ میلی ئەمریکی لەنێوان نیۆیۆرک و فیلەدێلفیا، بالتیمۆرە و واشنتۆن هەواڵ بەیەکدی بدەن. Mark Kellog یەکەم پەیامنێری ئاژانسی AP بوو



لەسەر کار کوژرا. ئەمەی سەرەوە لە ساڵی ١٨٧٦ بوو، بەڵام دوانزە ساڵ دوای ئەوە لە یەکی ئۆکتۆبەر دوو ڕۆژنامەی کوبی بەڕێگای کابل دەستیان بەوەرگرتنی هەواڵ لە نووسینگەی نیۆیۆرکی ئاژانس کرد. ئەوەش لەوکاتە ڕووداوێکی زۆر گەورەبوو. ساڵێک دواتر بەهۆی ئامێری بێتەل تواندرا یەکەم هەواڵ وەربگرێت.

لە سەردەمی شەڕی ڕوسیا لەگەڵ یابان، لە تۆکیۆ یەکەم نووسینگەی ئاژانسی AP بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی شەڕ لە ساڵی ١٩٠٤ کرایەوە. لە ساڵی ١٩١٣ یەکەم ژن بەناوی Lorena Hickok ئاژانسی AP دەستی بەکارکردن کرد. دوای ئەو چەند ژنێکی دی وەک: Bess Furman, Ruth Cowa Lederer, Linda Deutsch, Thelma Lebrecht لەگەڵ Kelly Tuuey وەک ڕۆژنامەنووس لەو ئاژانسە دامەزران. ساڵێک دوای کارکردنی ئەو ژنانەی سەرەوە، ئاژانسی AP توانی بەڕێگای Teletype و نووسینی لەسەر تانگێت بۆرد و وەرگرتنی بەپرینتەر ڕەوانە کرد. ئەمە داهێنانی کارمەندانی ئاژانس بوو. لەوکاتە بەیەکجار تواندرا ٦٠ وشە ڕەوانە بکرێت.

بۆ یەکەم جار ئاژانس لە ساڵی ١٩١٦ توانی باس لە هەڵبژاردنی نێوان دوو کەندیداتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا بەشێوەی زیندوو باس بکات. بەتەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهان، ئاژانس توانی ڕۆڵی مەزنی خۆی لە گەیاندنی هەواڵەکان ببینێت.

پاش نووسینی گرێبەست لەگەڵ هەندێک لە ئاژانسەکانی ئەوروپا، ساڵی ١٩١٩ ئاژانسی AP توانی بەسەر بازاڕی ئەمریکای لاتین زاڵ ببێت و هەواڵ بۆ ئەوانیش ڕەوانە بکات. ساڵێک دواتر یەکەم هەواڵی ئاژانس کە لە ڕادیۆ خوێندرایەوە، باسی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا کرد. ئەم هەواڵە لە پیتسبورگ بڵاوکرایەوە. ساڵێک دواتر بەهۆی

بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ نووسین دەربارەی سەربازی ون، پەیامنێری ئاژانس بەناوی Simpson یەکەم خەڵاتی Pulitzer Prize ساڵی ١٩٢٢ وەرگرت.

بەبوونی Kent Coppper بەسەرنووسەری ئاژانس، پێوەندی لەگەڵ ئاژانسی "رۆستە"ی روسی خۆش کرد و گرێبەست لەسەر گۆڕینەوەی هەواڵ مۆرکرا. ئەوەش لە مێژووی ئاژانسی جیهان، هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە لەوکات زۆربەی دەوڵەتانی سەرمایەدار، سۆڤێتی ئەوکاتیان جگە لەوەی پشتگوێ خستبوو، ئابڵۆقەی ئابووریشیان خستبوونە سەر.

لە ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار تواندرا وێنە لە شێوەی مەیل رەوانە بکرێت. بەرەوانەکردنی وێنە، رۆژنامەکان بەناوەرۆک جوانتر بوون و نووسینەکان زۆرتر و ژمارەی لاپەڕەکانیش زیاد کران. بەهۆی ناردنی وێنە، رووداوەکان باشتر و زۆرتریان لەسەر دەنووسرا. ئەمە بووە شۆڕشێکی گەورە لە دەرکردنی رۆژنامە، چونکە راستەوخۆ، کاری کردە سەر دیزاینی رۆژنامە.

لە ساڵی ١٩٣١ ئاژانسی AP توانی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بەرۆژنامەکانی ئەوروپا بگەیەنێت. ئەوەش بەهۆی کردنەوەی نووسینگەکانی لە لەندەن و بەرلین. Frank Jamieson پەیامنێری ئاژانس پاش ئەوەی یانزە هەفتە بەردەوام باسی لە منداڵە رفێندراوەکەی چارلس لیندبێری کرد، لەسەر ئەو نووسینانە خەڵاتی پولیتزەر پرایز-ی وەرگرت. ساڵێک دواتر ئاژانسی AP لە سیستێمی (Morse)ی بۆ Tel-etype گۆڕی. بەو سیستێمە نوێیە دەتواندرا ٦٠ وشە بەیەک خولەک بنێردرێت و وەربگیرێت.

لە ساڵی ١٩٣٥ بۆ یەکەم جار بەئامێری وایەر تواندرا وێنەی هەمان رۆژ بەشێوەی مەیل بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان بنێردرێت. یەکەم وێنەی ئاژانس



وێنەی کەوتنی فڕۆکەیەکی بچووک لە چیای ئەدایرۆنداکی نوێ بوو، کە گەیشتە ئاژانس. هەر لەم ئاژانسەش بوو بۆ یەکەم جار لە جیهان باس لە باشترین تیپی وەرزش کرا.

Louis P.Lochner لە نووسینگەی بەرلین بوو بەسەرنووسەر و لە ساڵی ١٩٤١ هەر لە بەرلین باسی لە نازیی ئەڵمانیا کرد. بەهۆی نووسینەکانی گیرا و دواتر بەگۆڕینەوە ئازاد کرا. Hal Boyle سەرنووسەری شەوانی نووسینگەی نیۆیۆرک بەهۆی نووسینە زۆرەکانی، کە هەمووی گەیشتە ٧٦٨٠ نووسین لەسەر شەڕی دووەمی جیهان خەڵاتی پولیتزەر پرایز-ی لە ساڵی ١٩٤٢ وەرگرت. ئەو ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کرد.

William N.Oatis سەرنووسەری نووسینگەی پیرۆ، لەسەر نووسینەکانی بۆ ماوەی ٢٨ مانگ گیرا. لە ساڵی ١٩٥٣ ئازاد کرا، بەڵام تا ١٩٥٩ تۆمەتەکەی لەسەر رەش نەکرایەوە. لیۆید ستراتۆن خانەنشین کرا و ستانلی م. سوینتۆن هاتە شوێنی.

لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ یەکەم جار راستەوخۆ نووسینەکان بەهۆی تێلێتایپ یەکسەر بۆ رۆژنامەکان رەوانە دەکران. ساڵێک دواتر لە ناردنی وشەکان لە ٦٦ بۆ ١٢٠٠ وشەوە بەیەک خولەک زیاد کرا. ئەوەش شۆڕشێکی زۆر گەورەی تەکنۆلۆجیا بوو. لەوکاتە هەموو نووسینێک بەزووترین کات بۆ هەر رۆژنامە یان رادیۆ یان گۆڤار لە هەر شوێنێکی جیهان دەگەیشت.

لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەم جار ئاژانسی AP بووە خاوەنی سەتەلایتی خۆی. لەوکاتە دەیتوانی وێنە بەرێگای سەتەلایت بۆ دووری زیاد لە ١٠٠ هەزار میلی ئەمریکی رەوانە بکات. دووساڵ دواتر بەبۆنەی چوونە سەرمانگی Neil Armstrong گرووپێکی ٧٠ کەسی لە بوارەکانی تەکنیک، وێنەگر، هەواڵ نووس بۆ هۆستۆن رەوانە کرد. لە هەمان ساڵ

بەهاتنە سەر حوکمی فیدل کاسترۆ و بەفەرمانی ئەو، نووسینگەی هاڤانەیان داخرا. لە ساڵی ١٩٧٠ ئاژانسی AP پێی نایە قۆناغێکی دیکەی نوێی تەکنۆلۆجی. ئەویش چوونە ناو سیستێمی کۆمپیوتەر و وەرگرتن و ناردنی زانیاری و هەواڵ لە نێوان ئەتڵەنتا و کارۆلینای باشوور بوو.

## ئاژانسی United Press International

لە ١٥ی تەموزی ١٩٠٧ لە شاری نیویۆرک ئاژانسی "UPI" United Press International دامەزرا. بۆ دامەزراندنی ئەم ئاژانسە سێ دەزگای گەورەی چاپەمەنی:

Scripps-McRae Press Association, Publishers Press Association لەگەڵ Scripps News Association یەکیان گرت و ئاژانسی United Press Associations یان دامەزراند.

لەسەرەتای دامەزراندنی ٤٦٠ رۆژنامە ئابۆنەیان لەلای UP هەبوو. لەو ژمارەیە ٤٠٠ رۆژنامەی ئێواران لەگەڵ ٦٠ هەفتەنامەی یەکشەممەی بەیانییان، سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی دەزگای United Press وەردەگرت. ئەمەش وایکرد، کە United Press ببێتە باشترین و بەناوبانگترین ئاژانس لە جیهان، بۆ خزمەتکردنی رۆژنامەی ئێواران و هەفتەنامەی یەکشەممان.

ئاژانسی UP پێشتریش هەبووە و لە ساڵی ١٨٩٧ بانکرۆتی "ئیفلاس" کردووە. پاش بانکرۆت کردنی، کۆمەڵێ لە رۆژنامەکانی رۆژئاوا دەزگایەکیان بەناوی Scripps-McRae Press Association دامەزراند و کۆمەڵێ لە رۆژنامەکانی رۆژهەڵاتیش دەزگایەکیان بەناوی Publishers Press Association دامەزراند. دوای دامەزراندنی ئەم



دوو دەزگایەی سەرەوە Scripps News Association دامەزرا. وەک لەسەرەوە نووسیمان، هەرسێکیان یەکیان گرت و ئاژانسی UP یان پێکهێنا. ئەم ئاژانسە زوو توانی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بۆ واشنتۆن، ئەوروپا، نیویۆرک، سانفرانسیسکۆ، شیکاگۆ شوێنی دی بگەیەنێت.

ئاژانسی UP لە مێژووی هەبوونی خۆی، شایەدی زۆر رووداوی گەورە و سەرنجراکێش بووە، پەیامنێرانی بەجوانی توانیویانە بەیارمەتی هەست لەگەڵ دەنگ و بۆن، ریپۆرتاژ لە شوێنی رووداوەکان بۆ خوێنەران و ئابۆنەدارانی بنووسن.

تیرۆرکردنی سەرۆک McKinley، مردنی Victoriaی شاژن، کوشتنی Alexanderی پاشا و Dragaی شاژنی بەلگراد لەگەڵ مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لە نێوان روسیا و یابان، هەندێک لەو رووداو و تراگێدیانە بوون، کە ئاژانس بایەخی زۆری پێداون. ئاژانسی UP زوو توانی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بەرۆژنامەکانی یابان بفرۆشێت.

ئەگەر باس لە جیاوازی نێوان ئاژانسی UP کۆن و نوێ بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە ئاژانسی کۆنی UP زۆرتر خزمەتی رۆژنامەکانی بەیانییانی دەکرد، بەڵام UPی نوێ زۆرتر بایەخی بەرۆژنامەی ئێواران دا.

ئەمرۆ ئاژانسی UPI دەزگایەکی مەزنی گەیاندنی هەواڵە بەزمانی ئینگلیزی، ئیسپانی، عەرەبی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات. رۆژنامە، گۆڤار رادیۆ لەگەڵ تەلەفزیۆنی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئابۆنەیان لای UPI هەیە. جگە لە دەزگاکانی راگەیاندن، زۆر لە ناوەندە کولتوورییەکان، کۆمپانیا گەورەکان لەگەڵ زانکۆکان ئابۆنەیان لای ئاژانسی UPIهەیە. نووسینگەی ناوەندی ئاژانس لە واشنتۆنە و لە بەیروت، هۆنکۆنگ، لەندەن، سانتیاگۆ، سیوڵ لەگەڵ تۆکیۆ نووسینگەی دیکەی هەیە. وەک پێشتر گوتمان ئاژانس کارەکانی خۆی لەژێر ناوی UP

دەكـرد، بەڵام پاش ئەوەی لەگـەڵ International News Service لە ساڵی ١٩٥٨ یەكیان گرت، ناوی بۆ UPI گۆڕدرا.

ئێستا ئاژانسی UPI بایەخی زۆر بەهەواڵەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەزمانی عەرەبی، لاتین ئەمریكا بەزمانی ئیسپانی دەدات.

ئاژانسی UPI لە سـاڵی ١٩٠٨ بەڕێگای تەلەوە توانی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەكان بگەیەنێت و ساڵێک دواتر بەڕێگای كابلەوە توانی پێوەندی لەگەڵ ئاژانسی تەلەگرافی هەواڵی یابان ببەستێت.

لە ٢٧ نیسانی ١٩٢٧ كاپتن چارلس لیندبێرگ لە نیویۆركەوە بۆ یەكەم جار لەمێژوو، توانی بەفڕۆكە، ئۆقیانوسی ئەتڵەنتی ببڕێت و بگاتە پاریس. پەیامنێری ئاژانسی UPی ڕالف هێینزن شایەدی ئەم ڕووداوە بوو و لە پاریسەوە ڕیپۆرتاژێكی بۆ نووسینگەی ناوەندی نیویۆرك ڕەوانە كرد.

لە ١١ی ئەیلولی ١٩٤٥ دوو پەیامنێری ئاژانس بەناوی: فرانک بارتۆلۆمیۆ لەگەڵ فرانک ترێمەینی، ڕیپۆرتاژێک لەسەر پێزانینی سەرۆک وەزیرانی پێشووی یابان دەنووسن. سەرۆک وەزیران تاوانەكانی شەڕی یابان دژ بەدەوڵەتانی دراوسێ دەداتە ئەستۆی خۆی. نووسەران ڕیپۆرتاژەكەیان بەم ڕستەیە دەست پێدەكەن: "دەمەوێت بەشیر بكوژرێم، بەڵام دەمانچە بەو كارە هەڵدەستێت..." ئەمە قسەی یەک لە تاوانبارانی شەڕی جیهانیی دووەمە.

ڕوسێل جۆنسی پەیامنێری ئاژانسی UP لە لەندەن لەسەر شۆڕشەكەی هەنگاریا لە ١٠ی كانوونی یەكی ١٩٥٦ ڕیپۆرتاژێكی درێژ دەنووسێت.

لە ٢٣ تشرینی دووی ١٩٦٣ ڕیپۆرتاژێک لەلایەن پەیامنێری كۆشكی سپی مێریمان سمیس لەسەر كوشتنی سەرۆكی ئەمریكی جۆن كێنەدی دەنووسێت.

لێیۆن دانیێلی لە ٩ی مایسی ١٩٧٥ ڕیپۆرتاژێک لە سایگۆنی



پایتەختی ڤێتنام لەسەر تەواو بوونی شەڕی نێوان ئەمریكا و ڤێتنام بۆ نووسینگەی ناوەندی ئاژانسی UPI دەنووسێت.

ئاژانسی UPI لە دروستبوونیەوە بەهۆی ڕیپۆرتاژ و هەواڵەكانی توانیویەتی خزمەتی زۆی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بكات. ئەمەش جێگای شانازی زۆر دەزگا و هەندێک لە سەرۆكانی ئەمریكا بووە. لە ساڵی ١٩٨٢ ڕۆناڵد ڕێگنی سەرۆكی ئەمریكا لە یادی ٧٥ ساڵی دامەزراندنییەوە پیرۆزبایی لە ئاژانسی UPI كرد.

لە هەمان ساڵ ئاژانس فرۆشرا و نووسینگەی ناوەندی كۆمپانیا لە نیویۆركەوە بۆ واشنتۆن گوازرایەوە.

لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ یەكەم جار ئاژانس تووشی گرفتی ئابووری دەبێت و بانكرۆت "ئیفلاس" دەكات. Mario Vazquez Ranaی مەكسیكی، دەبێتە خاوەنی نوێی ئاژانس. لە ساڵی ١٩٨٨ ماریۆ ئەم دەزگایە مەزنە بە Earl Brian دەفرۆشێت.

لە ساڵی ١٩٩١ ئاژانسی UPI بۆ جاری دووەم بانكرۆت دەكات، ئەمجارەیان لەلایەن چەند پارەدارێكی سعودی دەكڕدرێت. سعودییەكان بایەخی زۆر بەبەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن و ئەم بەشە بەزمانی عەرەبی فراوانتر دەكەن.

لە ساڵی ١٩٩٧ بیل كلینتۆنی سەرۆكی ئەمریكا بەبۆنەی یادی ٩٠ ساڵەی دامەزراندنییەوە بەنامەیەک پیرۆزبایی لە ئاژانسی UPI دەكات.

لە ساڵی ٢٠٠٠ كۆمپانیای media group,News World Communications لەگەڵ Sun Myung Moon ئاژانسی UPI دەكڕن. لە ساڵی ٢٠٠٤ نووسینگەی بەیروتی ئاژانس زۆرتر بایەخ بەهەواڵەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. لە هەمان ساڵ كتێبی: UPI Stylebook & Guide to Newswriting كە لەلایەن Bruce Cook و Harold Mart. نووسرابوو

چاپی چوارەمی دەکەوێتە بازاڕ.

ئاژانسی United Press International لە مێژووی دروستبوونیەوە تووشی بەرزی و نزمی زۆر هاتووە، بەڵام وەک ئاژانسێکی مەزنی جیهان، ڕۆڵی گەورەی خۆی لەدەست نەداوە. لە ناخۆشترین کاتی، دەستپاکی لە نووسین و گەیاندنی هەواڵ بەڕاست و دروستی پێوە دیار بووە. تا ئێستاش یەک لەو پێنج ئاژانسە مەزنانەی جیهانە، لە گەیاندنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ لەسەر ڕووداوەکانی جیهان. وەک هەموو ئاژانسەکانی دیکەی جیهانیش سوودی زۆر لە تەکنۆلۆجیای سەردەم وەردەگرێت.

## ئاژانسی REUTERS

لە ساڵی ١٨٤٨ Paul Julius Reuter لەسەرەتادا وەک وەرگێڕێک لە ئاژانسی هاڤاس لە پاریس کاری دەکرد. دوای دوو ساڵ لە کانوونی یەکی ١٨٥٠ لەشاری Aachen لە ئەڵمانیا، ئاژانسێکی هەواڵی دامەزراند. ڕۆیتەرس لەگەڵ Heinrich Geller پێکهاتن، لەسەر ئەوەی باڵندەی بۆ گواستنەوەی هەواڵ لە نێوان Aachen (ئەڵمانیا) و Brussels بەکار بهێنن. ئەوان ٤٥ کۆتریان بۆ گەیاندنی هەواڵ بەکار هێنا. کۆترەکان نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیان بەدوو کاتژمێر دەبڕی، شەمەندەفەر بەشەش کاتژمێر هەمان ماوەی دەبڕی. بەکارهێنانی کۆتر زیاتر لەکاتی لەکارکەوتن و وەستانی هێڵی تەلەگراف بوو. ئەم ئاژانسەیان بۆ ماوەی یەک ساڵ بەو شێوەی سەرەوە لە کارکردن بەردەوام بوو.

(Paul Julius Reuter) لە ١٤ حوزەیران هاتە لەندەن و لە دەی ئۆکتۆبەری ١٨٥١ نووسینگەی تایبەتی ئاژانسی کردەوە. خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس لەسەرەتادا زیاتر ڕۆژنامەکانی لەندەن سوودیان لێ وەردەگرت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت، ڕۆژنامە و



گۆڤارەکانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش توانییان سوودی لێ وەربگرن.

ئاژانسی ڕۆیتەرس جگە لە نووسین لەسەر بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لەنێوان ١٨٧٢-١٨٧٤ باسیان لە باری ئابووری ئەورووپا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دوور و ئەمریکای باشووریش دەکرد.

لەساڵی ١٨٨٣ ئاژانسی ڕۆیتەرس ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بەناوی: column printer بەکار هێنا. بەهۆی ئەم ئامێرەوە توانییان بەشێوەی ئەلیکترۆنی نووسین ڕاستەوخۆ بۆ ڕۆژنامەکانی لەندەن ڕەوانە بکەن. لە ساڵی ١٩٢٧ ئامێری Teleprinterی بۆ گەیاندنی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەکان دروست کرد.

لە ساڵی ١٩٢٥ "کۆمەڵەی ڕۆژنامەکانی بەریتانیا" زۆربەی پشکەکانی ئاژانسی ڕۆیتەرسیان کڕی و لەساڵی ١٩٣٩ نووسینگەیان بۆ ژمارە ٨٥ی Fleet Streetی لەندەن گواستەوە و تا ئێستاش ماڵیان هەر لەو شوێنەیە.

لە نێوان دوو شەڕی جیهانی، ئاژانسی ڕۆیتەرس پاڵەپەستۆی زۆری لەلایەن حکوومەتەوە خرایە سەر، تا نووسینەکان لەبەرژەوەندی دەوڵەتی بەریتانیا بن، بەڵام بەڕێوەبەران و سەرنووسەرانی ڕۆیتەرس دژی ئەم داواکارییەی حکوومەت وەستان، بۆیەش لە ساڵی ١٩٤١ خۆیان وەک کۆمپانیایەکی سەربەکەرتی تایبەت ساغ کردەوە.

لەساڵی ١٨٥١ ئاژانسی ڕۆیتەرس یەکەم ئاژانس بوو لەجیهان لە نێوان پاریس و لەندەن بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباس جۆرە کابلێکی بەناوی: Calais-Dover cable بەکار هێنا.

لە نێوان ١٨٦٣-١٨٦٦ ئاژانسی ڕۆیتەرس لەسەر خەرجکردنی پارەی زۆر بۆ دۆزینەوە و پێشچوونی تەکنۆلۆجیای نوێ بەردەوام بوو. هەر لەو کات زۆر بایەخی بەدروستکردن و فراوانکردنی هێڵی تەلەگراف دەدا.

هێڵێکی تەلەگرافی بۆ ئیرلەندا ڕاکێشا و بەهۆیەوە بەهەشت کاتژمێر هەواڵ بۆ نووسینگەی ئاژانس دەگەیشت و دواتر بۆ زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپاش هێڵی تەلەگرافی ڕاکێشا. لە ساڵی ١٨٦٥ ئاژانسی ڕۆیتەرس یەکەم نووسینگەی لە دەرەوەی ئەوروپا لە شاری ئەلێکسەندەرییە کردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٣ ڕادیۆی بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسەکان بەکار هێنا و ساڵی ١٩٣٩ ش لەسەر شەپۆلی ناوەندی ڕۆیتەرس توانی بۆ گشت جیهان پەیامەکانی خۆی پەخش و بڵاوبکاتەوە. لە ساڵی ١٩٢٧ بەڕێگای teleprinter ڕاستەوخۆ نووسینی بۆ ڕۆژنامەکانی بەریتانیا و جیهان ڕەوان دەکرد و وەریشی دەگرت.

لە ١٨٦٥ پاش برینی ئۆقیانووسی ئەتلەنتی بە١٢ ڕۆژ، ئاژانسی ڕۆیتەرس یەکەم ئاژانس بوو، هەواڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمریکای ئەوکات Lincolnی بڵاوکردەوە.

ڕۆیتەرس لەسەرەتادا لەژێر ناوی Reuters Telegram Company کاری دەکرد، دواتر خۆی وەک کۆمپانیایەکی " publicپوبلیک لە ڕاستیدا دەکاتە جەماوەر، بەڵام لێرەدا دەکاتە بڵاوکردنەوە، چاپ و پەخش، ئەو کارانەی پێوەندییان بەهەواڵ و دەنگوباس هەیە" لەچوارچێوەیەکی دیارکراو "سنووردار" ناونووس کرد و مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت.

لە ساڵی ١٨٧٠ ئاژانسی ڕۆیتەرس لەجاران گەورەتر بوو و لق و پۆپی گەیشتە ئاسیای دوور و ئەمریکای باشوور. هەرلەوکاتە لەگەڵ هاڤاسی فەرەنسی و وۆلفی ئەڵمانی گرێبەستی لەسەر گۆڕینەوەی هەواڵ و دەنگ و باس مۆر کرد.

لە ساڵی ١٨٧٨ Paul Julius Reuter لەبەر باری تەندروستی لەتەمەنی ٦١ ساڵی خۆی خانەنشین کرد. لە ٢٥ شوباتی ١٨٩١ لە نیس-ی فەرەنسا کۆچی دوایی کرد.



ئاژانسی ڕۆیتەرس وەک زۆر لە ئاژانسەکان، چەندین ڕووداوی گەورەی بۆ یەکەم جار بڵاوکردۆتەوە وەک:

- لەساڵی ١٩١٨ ڕۆیتەرس یەکەم ئاژانس بوو، کە هەواڵی ڕاگیرانی جەنگی جیهانیی یەکەمی بڵاوکردەوە.

- لە ساڵی ١٩٥٦ ڕۆیتەرس یەکەم ئاژانس بوو، کە نووسی خرۆشۆڤ پاش مردنی ستالین وەک سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت هەڵبژێردرا.

- لەساڵی ١٩٨٩ ئاژانسی ڕۆیتەرس یەکەم ئاژانس بوو، کە بڕیاری ڕووخانی دیواری بەرلینی بڵاوکردەوە، هەمان ئاژانس بۆ یەکەم جار دروستکردنی دیواری بەرلینی سی ساڵ پێشتر ڕاگەیاند.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ئاژانسی ڕۆیتەرس زۆر پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بایەخی زۆری بەلایەنی بازرگانی دا. لە ساڵی ١٩٧٣ بەشێکی گەورەی بۆ بازرگانی و گۆڕینەوەی ڤالوتە دروست کرد و لەساڵی ١٩٨١ ئەم بەشەیان ناونا:

The Reuter Monitor Dealing Service. خزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشە نوێیەی ڕۆیتەرس سەرکەوتنی زۆری لە گەیاندنی هەواڵەکانی ئابووری بەدەست هێنا و چەندین دەوڵەت داوای بەشداری ئابۆنەیان لێ کرد.

لە ١٩٩٤ بۆ یەکەم جار ڕۆیتەرس کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەهەواڵی بازرگانی دامەزراند. ئەم کەناڵە بەرنامەکانی بەشێوەی زندی ٢٤ کاتژمێر لە شەو و ڕۆژێکدا پەخش دەکرد.

ئێستا ئاژانسی ڕۆیتەرس زۆر پێشکەوتووە و هەموو ئەو وێنانە لەلایەن پەیامنێرانی ئەوانەوە دەگیرێ، پاش گرتنیان لە هەر کونجێکی گۆی زەوی، بەپێنج خولەک بەهەموو جیهان بڵاودەکرێنەوە.

ئاژانسی ڕۆیتەرس بایەخی زۆر بەئەرشیف دەدات، لە ئەرشیڤی خۆیان بەڵگەنامەیەکی زۆریان لە ساڵی ١٨٤٥ وە تا ئێستا پاراستووە. ڕۆیتەرس لە ئەرشیڤی تایبەتی خۆی ناو و مێژووی نزیکەی ٤٠ هەزار کۆمپانیای لا دەست دەکەوێت. ئەو ستافەی ئێستا سەرپەرشتی ئەرشیڤ دەکات، ڕەگیان بۆ ساڵی ١٩١٢ دەگەڕێتەوە.

لەساڵی ١٩٩٧ هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئەم ئاژانسە تەنیا ٥٪ی کۆمپانیا بوو، ئەوەش دەیکردە ٢,٥ ملیارد پاوەنی بەریتانی. لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاژانسی ڕۆیتەرس گەورەترین زیانی ئابووری لە مێژووی ١٥١ ساڵەی خۆی لێ کەوت. زیانەکەش گەیشتە ٣٩٤ ملیۆن پاوەن. ئەو زیانە گەورە بووە هۆی دەرکردنی خەڵکێکی زۆری کۆمپانیای ناوبراو، لەگەڵ ئەوەش ئەو ٢٥٠٠ ڕۆژنامەنووسەی کاریان تێیدا دەکرد، دەستیان لێنەدرا.

ئێستا ئاژانسی ڕۆیتەرس نوێترین تەکنۆلۆژیا بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی بەخێرایی و دروستی بەکار دەهێنێت. ئەمڕۆ ٤٢٧ هەزار ئابۆنەداری بەردەوامی هەیە و زیاد لە ٣٠ هەزار سەردێر لە سایتەکەیان دەخوێندرێتەوە و ١٩٨ نووسینگەی لە ١٥٠ وڵات هەیە. هەموو ئەو کارانە بە ٢٥٠٠ کارمەند جێبەجێ دەکرێت.

ئاژانسی ڕۆیتەرس ڕۆژانە نزیکەی هەشت ملیۆن وشە بە١٩ زمان بەجیهان بڵاو دەکاتەوە. ڕۆیتەرس لە ئاژانسە هەرە گەورەکانی جیهانە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر: ئابووری، سیاسەت، ئەدەب، هونەر، کۆمەڵایەتی، کارەسات و شەڕی ناوخۆ... هتد.

لە ساڵی ٢٠٠١ ئاژانسی ڕۆیتەرس کۆمپانیای Bridge Information Systemsی کڕی بەمەش گەیشتە لوتکەی مەزن و گەورە بوونی. گەورەبوونی ئاژانسی ڕۆیتەرس لەوانەیە ئەوەندە سەیر نەبێت، ئەگەر بەوردی لە مێژووی بکۆڵیتەوە، چونکە لە دامەزراندنییەوە، خەڵکی



پسپۆر و بەتوانا بەڕێوەیان بردووە. ئەو بەڕێوەبەر و سەرنووسەرانە، بەردەوام زانیویانە جەماوەر تێنووی چ زانیارییەکە. ئەوان لەسەر ئەو بنچینەوە ستراتیژی ئاژانسیان داڕشتووە. لە ساڵی ١٨٨٣ ئاژانسی ڕۆیتەرس نامەیەکی بۆ پەیامنێرانی خۆی ڕەوانە کرد و تێیدا داوای کردبوو لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە نووسینەکانیان بنووسن:

سووتان، تەقینەوە، لافاو، ڕووداوی گەورە، ڕەشەبای گەورە، بوومەلەرزە، نوقومبوونی ئەو پاپۆڕانەی خەڵکیان تێیدا دەخنکێ، دەستپێکردنی شەڕ و تۆپباران کردن، کوشتنی سەر شەقام، مانگرتن، دوێل (یەکێک ئەوەی دی بریندار دەکات، کابرای بریندار داوای دوێل لەوەی بەرامبەر دەکات. هەردووکیان ناونیشانێک دادەنێن و یەکێکیش پێی دەگوترێ سێکوندات، لەکاتی دیارکراو ئامادە دەبێت. کابرای سێکوندات دەمانچەکان تاقی دەکاتە و هەریەکەو دەمانچەیەکیان پێدەدات. چەند هەنگاوێک لەیەک دووردەکەونەوە و لەیەک کاتدا تەقە لەیەکدی دەکەن، هەندێک جار هەردووکیان دەمرن، زۆربەی جارەکانیش یەکێک دەمرێت. بەم جۆرە کابرای برینداركراو ئابرووی خۆی دەکڕێتەوە و دەگێڕێتەوە. ئەوە زیاتر هەڵسوکەوتی خەڵکی دەوڵەمەند و ئەرستۆکرات بووە، خەڵکی هەژار پێویستی بەسێکوندانت نەبووە، بەڵکوو گەرمە گەرم و تووڕەبوون یەکدییان داوەتە بەر مست و پێلەقە). خۆکوشتن، کوشتنی خەڵکی بەناوبانگ و گەورە. هەموو ئەوانەی سەرەوە بابەتی گەورەبوون و شایەنی باسکردن و لێدوان بوون. هەربۆیەش دەستەی نووسەران لەم جۆرە ڕووداوانە خوێنەرانیان بێبەش نەکردووە و پەیامنێرانیان ئاگادارکردۆتەوە، کە بایەخی زۆری پێبدەن.

## ئاژانسی فرانس پرێس AFP

Agence France-Presse ئاژانسی فــرانس پرێس لەلایەن -Charles
Louis HAVAS (1783-1835)، لە ســاڵی ١٨٣٥ دامــەزرا. چارلس لە سییەکانی سەدەی نۆزدە، لە پاریس، خەریکی وەرگێڕانی ڕۆژنامەکانی بیانی بوو. چارلس هاڤاس لە تەمەنی ٥٢ ساڵی بیری دامەزراندنی پرۆژەیەکی سەیری بەمێشک داهات، ئەو پرۆژەیەش دامەزراندنی کۆمپانیایەک بۆ فرۆشتنی هەواڵ و ڕووداوە گرنگەکانی ئەوکاتە بوو. لە سەرەتادا دەیویست هەواڵەکان بەڕۆژنامە فەرەنسییەکان، دواتر بەڕۆژنامە بیانییەکان بفرۆشێت. ئەو بەپرۆژە زۆر بچووکەکەی دەستی بەکار کرد و کۆنتۆرەکەشی بەرامبەر پۆست کردەوە. هەموو بەیانییەک بۆ وەرگرتنی ڕۆژنامە بیانییەکان بۆ پۆست دەچوو. هاڤاس بەیارمەتی خێزانەکەی هەواڵەکانی وەردەگێڕا. بەخۆی کاری لە ڕۆژنامە ئینگلیزی و ئەڵمانییەکان دەکرد، خێزانەکەشی لە زمانی ئیسپانی و پورتوگالی هەواڵ و ڕووداوەکانی بۆ زمانی فەرەنسی وەردەگێڕا. لە ساڵی ١٩٣٢ هاڤاس جەولەیەکی چەند دەوڵەتی ئەوروپی دەکات و لەو سەردانەش چەند کەسێک وەک پەیامنێر دادەمەزرێنێت. ئەوەش زۆرتر پاش ئەوەی لوی فیلیپ لە ساڵی ١٨٣٠ لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشێت. بەهاتنە سەرتەختی فیلیپ، ڕاگەیاندن کەمێک ئازادی زۆرتر دەبێت و تیراژی ڕۆژنامەکانیش نەختێک بەرز دەبنەوە.

لە ساڵی ١٨٣٥ هاڤاس لەگەڵ یارمەتیدەرەکانی ئاژانسێک بەناوی: (ئاژانسی هەواڵی سیاسی و دەنگ و باسی دی) دادەمەزرێنێت. بەو جۆرە بەشێوەیەکی ڕەسمی یەکەم ئاژانسی دەنگ و باس لە جیهان دادەمەزرێت. پاش ماوەیەکی کەم، بانکیری کۆن، چارلس هاڤاس، هەواڵەکانی دەرەوەی دەکەوێتە ژێر دەست و زۆر بەسەرکەوتوویی بەسەر ڕۆژنامەکان، دابەشیان



دەکات. لەو کاتە نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی ئەنۆرێ دێ بالزاک یش کەلە ساڵی ١٨٤٠ وە بەکاری ڕۆژنامەنووسی بەستراوبۆوە، لەچەندین بەرهەمی ئەوکاتە، پەنجەی بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی ئەم ئاژانسە ڕاکێشاوە.

لە سەردەمی ئیمپراتۆری دووەمی فەرەنسی ١٨٥٢–١٨٧٠، ئاژانسی هاڤاس زۆر بەخێرا لەگەشەکردن دایە. دوای ساڵی ١٨٧٩، ئاژانسی هاڤاس لە کۆمپانیای خێزانی دەردەچێت، چونکە هیچ لەو دوو کوڕەی هاڤاس میراتگریان نەبوو. بۆیە کۆمپانیا بەشێوەی پشک (سەهم) لەکارکردن بەردەوام دەبێت. لەو کاتە دوو گەنج بەناوی: (Edouard LE-BAY) لە تەمەنی ٢٩ ساڵی و لە ١٨٧٩–١٨٩٩ دواتر Henri HOUS-SAYE لە تەمەنی ٤٧ ساڵی لە ١٩٠٠ تا ١٩١٢ سەرپەرشتی ئاژانسی هاڤاس دەکەن.

پەیدابوونی تەلێتایپ، تەلەفۆن لەگەڵ ڕادیۆ، بوونە یاریدەدەرێک بۆ گەیاندنی هەواڵی زۆرتر و بەشێوەیەکی زۆر خێراتر. ئەوەش بووە خستنە گەڕی پارەی زۆر، بۆکڕینی ئەو تەکنۆلۆژیایە نوێیە و بۆ دامەزراندنی کارمەندی زۆرتر. دیارە لەتەک ئەم تەکنۆلۆژیایەش، هاوپیشەی نوێ لەدایک دەبن و ململانێی زۆرتر لە نێوان ئاژانسەکان دەردەکەون.

پاش ساڵی ١٩١٨ ئاژانسی فرانس پرێس ڕۆژانە ٤٠ هەزار وشەی دەگەیاند. لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم ژمارەیە بۆ ١٠٠ هەزار بەرز بووەوە. بەهەموو ئاژانسەکان ڕۆژانە ٦٠٠ هەزار وشە بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدەن.

لە ساڵی ١٨٩٥ لە ئامێرێک، کە کارمەندانی هاڤاس بەناوی: PRINTING دروستیان کردبوو، هەواڵەکانی ئابووری دەگەیاندە زۆربەی قاوەخانەکانی پاریس. هەواڵەکانی سیاسی جارێ لەسەر ئەو ئامێرانە

نەدەبیندران. لە سەرەتای ١٩٢٠ هەندێک لە ڕۆژنامەکانی پاریس سوودیان لە تەلێتایپ وەرگرت.

لە ساڵی ١٨٧٩ لە ئاژانسی هاڤاس ١٨٠ کەس کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩١٤ ژمارەیان گەیشتە ٣٥٠ کەس. جگە لەناو کۆنتۆری ناوەندی هاڤاس لە پاریس، لەدەرەوەش نزیکەی ٤٠٠ کەس لە شار و شارۆچکەکانی فەرەنسا کاریان دەکرد. لەهەمان کات، ١٢٥-١٥٠ کەس وەک پەیامنێری هاڤاس لە دەرەوەی فەرەنسا کاری دەکرد.

جەنگی جیهانیی دووەم و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەوکاتە، کاری زۆر نێگەتیڤیان کردە سەر هەموو ئاژانسەکانی جیهان. لەو کاتە مرۆ بیویستبا یان نا، دەکەوتە ژێر کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتی خۆی. جگە لەوەش هاڤاس کڕیاری زۆری لەدەست دا. بازاڕی ئەمریکای لاتین، ئاژانسەکانی ئەمریکا شوێنی هاڤاسیان گرتەوە.

گرفتی ئابووری سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کاری ڕۆژنامەنووسانی هاڤاس زۆر گرانتر دەکات. ململانێ لەسەر گەیاندنی هەواڵ زۆر سەختتر دەبێت. باس لەوەش ناکەین، لەو کاتە زۆربەی دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهان، خاوەنی ئاژانسی میللی خۆیان بوون. بەداگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیا، کاری ئاژانسی هاڤاسی ئەوەندەی دی گران کرد.

ئاژانسی فرانس پرێس ئەمڕۆ لە ١٦٥ دەوڵەتی جیهانی ١١٠ کۆنتۆریان هەیە و لە فەرەنسا حەوت کۆنتۆر هەیە.

لە ئەمریکای باکوور، کە ناوەندییەکەیان لە واشنتۆنە نۆ کۆنتۆریان هەیە. شەش کۆنتۆریان لە ئەمریکایە.

لە کەنەدا دوو کۆنتۆریان هەیە و لە هاییتی یەک کۆنتۆریان هەیە.

لە ئەمریکای لاتین ناوەندییەکەیان لە مۆنتێڤیدیۆ ١٥ کۆنتۆریان هەیە. لێرە دەکاتە ٢٤ وڵات.



لە ئاسیا و دەوڵەتانی ئۆقیانوسی هێمن، ١٥ کۆنتۆری گرنگ لەگەڵ لە یانزە شوێنی دی پەیامنێریان هەیە و ناوەندی هەموشیان شاری هۆنکۆنگە.

لە ئەوروپا ١٨ کۆنتۆری گەورەیان هەیە و ناوەندییەکەیان لە پاریسە. ئەوەش دەکاتە ٤٨ وڵات و ٨٠٠ ملیۆن کەس.

لە ئەفریقا ١٦ کۆنتۆریان هەیە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نۆ کۆنتۆریان هەیە.

لە فەرەنسا حەوت کۆنتۆریان هەیە.

خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی فرانس پرێس بەو زمانانەی خوارەوە هەن: فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، ئیسپانی، ئینگلیزی لەگەڵ پورتوگالی.

ئاژانسی فرانس پرێس AFP لەسەر بناغەی ئاژانسی کۆن هاڤاس دروست بوو. هاڤاس لە سەردەمی نێوان شەڕەکان زۆر لە دەستەڵاتداران نزیک بوو. لە سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە، لە نازییەکان نزیک بوو. AFP ئێستا دەزگایەکی ئەهلییەو سەر بەمیدیای فەرەنسییە.

لە ئەنجوومەنەکەی جگە لە نوێنەرانی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و TV ئەندامێک کە نوێنەرایەتی حکوومەتی فەرەنسی دەکا، لەگەڵ چەند حاکمێک لە ئەنجوومەنی ناوبراو ئەندامن.

فرانس-پرێس بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر بازاڕ لەگەڵ ڕۆیتەرس لەململانێ دابوو، بۆ ئەوەی زۆرترین بازاڕ بکەوێتە ژێردەستی ئەو. بەڵام لەبەر گرفتی ئابووری، دەکرێ بگوترێ، کە فرانس پرێس بەجێما و بەدوا کەوت.

ئەمڕۆ ئاژانسی فرانس پرێس لە هەموو لایەنەکانی ژیان: سیاسەت، پێوەندییەکانی دیپلۆماسی، ئابووری، ڕووداوە گەورەکان لەگەڵ ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی مرۆڤ، هەواڵی وەرزش لەگەڵ فەرهەنگی،

تەکنۆلۆژیای نوێ و هەواڵەکانی سینەما و تیاتر، بەهەموو جیهان دەگەیەنێت.

یەک لەو هەواڵانەی ئاژانسی فرانس پرێس بۆ یەکەم جار بەجیهانی ڕاگەیاند و تا ئێستاش شانازی پێوە دەکات، ئەو هەواڵانەی خوارەوە بوون:

– بۆ یەکەم جار فرانس پرێس لەگەڵ گورباتشۆڤ لەسەر لێواری دەریای ڕەش لە کاتی کودەتاکەی دژی لە ١٩٩١ کرا، چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد.

– لە سێدارەدانی نەجیبوڵلای سەرۆک کۆماری ئەفغانستان.

– مردنی ماو.

– مردنی ئیڤان پاڤلی یەکەم، پاپای ڕۆم. لەگەڵ دەیان هەواڵی دیکەی جیهانی، کە فرانس پرێس بۆ یەکەم جار بڵاوی کردۆتەوە.

ئاژانسی فرانس پرێس جگە لە گەیاندنی نووسین، لەوێنەش لە ڕیزی پێشەوەی ئاژانسە زیندووەکانی جیهانە.

## ئاژانسی تاس

دروستبوونی ئاژانسی تاس

ئاژانسێک بەناوی (س.پ.تی.ئەی.SPTA) سانکت- پیتربورگسکۆیێ تێلێگرامنۆیێ ئەگێنستڤا "ئاژانسی تەلەگرامی سانکت-پیتربورگ" لە ١٩٠٤،٠٩،٠١ بۆ یەکەم جار لە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا دەستی بەکار کرد.

سێ وەزارەت بۆ دروستکردنی ئاژانسی SPTA هاوکاریان کرد.

– وەزارەتی دارایی
– وەزارەتی ناوخۆ
– وەزارەتی دەرەوە



وەزیری دارایی ف. ن. کۆکۆڤچۆڤ لە ١٩٠٤،٠٣،٢٦ نامەیەکی بۆ وەزیری دەرەوە نووسی و لەو نامە پێشنیازی دامەزراندنی ئاژانسێکی هەواڵی بەپێویست و گرنگ زانی. لەبەر ئەوەی لەو کاتە ئاژانسە بیانییەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا زاڵ بوون و ئەو ئاژانسانە، بەویستی خۆیان باسیان لە ڕووداوەکانی ناو ڕوسیا دەکرد. زۆر جاریش بەئەنقەست و بۆ ڕیسواکردنی گەلانی ڕوسیا، هەواڵی درۆیان بڵاودەکردەوە. ئەو هەواڵە درۆیانەش، زیاتر لەسەر ئابووری ڕوسیا بوو، کەبەنادروستی باسیان دەکرد و هەرئەوەش بووە هۆی لەدایک بوونی ئاژانسێکی میللی بەناوی SPTA.

ئامانجی ئەم ئاژانسە باسکردن بوو لەسەر: بابەتەکانی سیاسی، ئابووری، دارایی، بازرگانی و هەموو ئەو بابەتانەی بەلای ئەوان گرنگ بوو باس بکات، وەک چۆن خۆیان دەیانەوێت؟ نەک چۆن بێگانەکان دەیانەوێت؟ ئەم پرۆژەیە لە ١٩٠٤،٠٧،٢١ لەلایەن ئیمپراتۆری ڕوسیا نیکۆلای دوو ئیمزا کرا.

لە ساڵی ١٩١٤ ناوی شاری "سانکت-پیتربورگ" بۆ پێترۆگراد گۆڕدرا. بەگۆڕینی ناوی شار، ناوی ئاژانسیش بە: پ. ت. ئەی. PTA پێترۆگرادسکۆیێ تەلەگرامنۆیێ ئەگێنستڤا گۆڕ درا.

پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا و گوللە بارانکردنی ئیمپراتۆر لەگەڵ خێزانەکەی لە ١٩١٧،١٢،٠١ ئاژانسی پ.ت.ئەی. دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتییەکان.

لە ساڵی ١٩١٨ پایتەختی ڕوسیا لە پیترۆگراد بۆ مۆسکۆ گۆڕدرا، لەگەڵ ئەم گۆڕینە، حکومەت و دەزگا ناوەندییەکانی میری بۆ شاری مۆسکۆ گواسترانەوە. ئاژانسی ناوبراویش بەر ئەم گواستنەوەیە کەوت.

ئاژانس لە ساڵی ١٩١٨-١٩٣٥ بەناوی ڕۆستە ROSTA ڕەسیسکۆیَ تەلەگرافنۆیَ ئەگێنستڤا لە شاری مۆسکۆ لە کارکردن بەردەوام بوو. لە ١٠.٠٧.١٩٢٥ بەگوێرەی بڕیارێک لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی، بڕیاردرا کە ئاژانسێک بەناوی تاس TASS تەلەگرافنۆیَ ئەگێنستڤا سەڤێتسکۆڤە سایوزە "ئاژانسی تەلەگرامی ئەنجوومەنی سۆڤێتییەکان"دابمەزرێنن. لە هەمان بڕیار نووسرا: ئاژانسی تاس زۆربەی کارەکانی پ.ت.ئەی. دەکات.

ئاژانسی تاس هەر لە دامەزراندنییەوە، مافی بڵاوکردنەوەی هەموو هەواڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی یەکێتی سۆڤێتی بەخۆی دا. لەم ئاژانسە نزیکەی ٤٠٠٠ ڕۆژنامە و گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن لەگەڵ نزیکەی ١٠٠٠ دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی سوودیان لێ وەر دەگرت و ئابۆنەیان لای هەبوو. تاس یەک لە ئاژانسە گەورەکانی جیهان بوو. ئاژانس ٦٨٢ نووسینگەی لە ناوەوەی وڵات، لەگەڵ لە ٩٤ وڵاتی دەرەوە پەیامنێری هەبوو. نزیکەی ٢٠٠٠ ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگراف لە ئاژانسی تاس کاریان دەکرد. تاس سەر بەحکوومەتی مەرکەزیی یەکێتیی سۆڤێت بوو. کۆمیتەی تایبەت سەرپەرشتی کارەکانی ئاژانسی تاسی دەکرد.

لە کانوونی دووەمی ١٩٩٢ ناوی تاس بەItar-Tass ئیتار-تاس گۆڕدرا. ئەو ناو گۆڕینە پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێت بوو. ئەمڕۆ ئاژانسی تاس وەک پێشتر، یەک لەو پێنج ئاژانسە گەورانەی جیهانە و تا ئێستاش ڕۆڵی ناوەندی خۆی لە گەیاندنی هەواڵ لەدەست نەداوە. ئاژانسی ئیتار-تاس نووسینگەی لە نزیکەی ١٣٠ شوێنی ڕوسیا و جیهان هەیە.

ئاژانسی ئیتار-تاس خزمەتگوزارییەکانی جگە لە گەیاندنی نووسین، لە



بوارەکانی: ئابووری، سیاسەت، کولتوور و فەرهەنگ، وەرزش بایەخی زۆر بەوێنەش دەدات. ئەم ئاژانسە لاپەڕەیەکی بەناوی ئاژانسی وێنەی ئیتار-تاس هەیە. ئەم لاپەڕەیە بەو شێوەی خوارەوە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات.

گەورەترین ئاژانسە لە گەیاندنی وێنە لە ڕوسیا. ڕووداوەکان بەوێنە لە ڕوسیاو دەوڵەتانی هاوپەیمان نیشان دەدات.

زیاد لە ١٦٠ هەزار وێنەی بەکامیرای دیجیتال گیرابێت هەیە.

- نزیکەی یەک ملیۆن وێنە، کە بەکامیرای فیلم گیرابێت هەیە.

وێنەی هەواڵی

ڕۆژانە ٥٠-١٠٠ وێنەی گرنگترین و زەقترین ڕووداو لە ڕوسیا و دەوڵەتانی دەوروبەر لەسەر ڕووداوەکانی: سیاسی، وەرزش، فەرهەنگی... هتد لەو سایتە بڵاودەکاتەوە.

ئەرشیڤی وێنە

زیاد لە ١ ملیۆن وێنە و فیلم لەگەڵ سلاید لەسەر ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگای ڕوسیا و سۆڤێت هەیە. هەر لەو ئاژانسە زیاد لە ٢٥٠ هەزار وێنە، کە بەکامیرای دیجیتاڵ گیراوە هەیە. وێنەکان ئەو بابەتانە بەخۆیان دەگرن: پۆرترێت، ئابووری، سیاسەت، فەرهەنگ، هونەر، ئیندوستری (پیشەسازی)، وەرزش، لەشکر لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی وێنە.

پێشانگای وێنە

ئەو وێنانەن، کە ڕووداوەکان ئاشکرا دەکەن، وێنەی هونەری، دەکومێنتی، مێژوویی...هتد هەموو ئەو وێنانەی زۆر سەرنج ڕاکێشن لەم بەشە بڵاوکراونەتەوە.

### نیشاندانی وێنە لە جامخانە

ڕێپۆرتاژ و کۆمێنتار لەسەر وێنەکانی لەجامخانەی ئاژانس نیشان دەدرێن نووسرایە.

### خزمەتگوزارییەکانی وێنە

هەموو کەسێک دەتوانێت سوود لەم خزمەتگوزارییە وەربگرێت و ئاژانس دەتوانێت وێنەی چالاکییەکان لە ڕوسیا و س.ن.گ. (یەکێتی دەوڵەتانی سەربەخۆ / زۆربەی دەوڵەتانی کۆنی سۆڤێتی کۆن تێیدا ئەندامن) بگرێ.

### ستۆدیۆی وێنە

بۆ خەڵکی پسپۆڕ و کۆمپانیاکان، گرتنی وێنە بۆ ڕێکلام تا قەبارەی ٦٥ مەتر چوارگۆشە لەم ستۆدیۆیە، دەتواندرێت بگیرێت و گەورە بکرێت.

### چاپی وێنە

بەقەبارەی ٢-٣ مەتر دەتوانێت وێنە گەورە بکات.

ئاژانس دەتوانێت وێنە بکاتە سلاید و سلایدیش بکاتە وێنە.

### دوڕاترانس

سلاید بەقەبارەی گەورە لەسەر پلاستیک چاپ دەکەن بەقەبارەی ١×٢ مەتر دەگرن و گەورە دەکەن.

### پێویستییەکانی وێنە و کامیرا

ستۆدیۆی بچووک، گەورە کردنی وێنە، دانانی ئامێر بۆ ئامادەکردنی دوو سلاید لەگەڵ نێگەتیڤ. ئامێری شوشتنەوە بۆ ستۆدیۆی پسپۆڕەکان لەگەڵ ڕووناکی و لامپا دانان.



### وێنە بۆ ڕۆژنامە، گۆڤار

ئەوانەی سەرەوە لەسەر وێنە و خزمەتگوزارییەکانی لە بواری وێنە بوو باسمان کرد.

فرۆشتنی بەرهەمی ئیتار-تاس و خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس

### بانکی هەواڵ و زانیارییەکان

هەواڵ

هەواڵ لەسەر ڕووداوەکانی لە ڕوسیا و جیهان: سیاسەتی ناوەوە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە، سەرۆک کۆمار لەگەڵ ناوەندییەکانی دەستەڵات، ژیان لەدەرەوەی ڕوسیا، فەرهەنگ، ئایین، باسکردن لەسەر میدیاکان و بابەتی دیکەیش لەم بەشە هەن.

### ئینفۆرماسیۆنی تاس

زانیاری لەسەر گرنگترین ڕووداو، لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەی، باسکردن و کۆمێنتار لەسەری.

### فڕۆکە، کۆسمەس لەگەڵ لەشکر و چەک

لەسەر چەکی ڕوسیاو باشترین چەکی هەموو دەوڵەتان نزیکەی ٥٠ هەواڵ لەسەر ئەم بابەتە لە شەو و ڕۆژێک دەنووسرێت. باس لە کڕین و فرۆشتنی چەک، پێشانگاکانی چەک، چەکی نوێ هەموو ئەوانەی پێوەندی بەو بەشەوە هەیە لەم بەشە بەرچاو دەکەوێت.

### ئەتلەس

لێکۆڵینەوە و باسکردن لەسەر میدیاکانی جیهان.

یاسا

هەموو تێکستی یاساکانی ڕوسیای فیدراڵ، فەرمانەکانی سەرۆکی ڕوسیای فیدراڵ لەم بەشە دەست دەکەون.

زانست

دۆزینەوە و داهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ لە ڕوسیا و لەجیهان.

کریمینال "تاوان"

زانیاری لەسەر ڕووداو و تاوانەکان، گرتن و دادگاکان باس دەکرێت.

کولتوور

زانیاری لەسەر چالاکییە فەرهەنگییەکانی ڕوسیا، پێشانگا و فێستیڤاڵەکان تادوایی لەم بەشە هەن.

مۆسکۆ

هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی ناوەخۆی مۆسکۆ لەگەڵ هەموو بابەتەکانی لەسەر ژیانی شاری مۆسکۆ هەن.

هەواڵە زانستییەکان

نوێترین زانیاری لەسەر دۆزینەوەکانی نوێ لە ڕوسیا و جیهان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان.

پەرلەمان

ئەرشیڤی زانیارییەکانی دەرەوە و ڕێکخراوەکان. کرۆنیکای پێوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە. بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی سەرۆک و سەرکردەکانی دەوڵەتان.



پرایم-تاس

لەم بەشە باس لە ئابووری، پارە لەگەڵ کڕین و فرۆشتن دەکرێت.

ناوچەکانی ڕوسیا

هەواڵی ناوچەکانی ڕوسیا لەگەڵ ئەوانەی بەمیوانی هاتوونەتە لایان چ لەناوەوەی وڵات چ لەدەرەوە.

ئایین

زانیاری لەسەر ئایینەکانی لە ڕوسیای فیدراڵ و دەرەوەی ڕوسیا هەن، لەگەڵ باسکردن لەسەر یاد و ئاهەنگەکانی کنیسە.

باکووری ڕۆژئاوا

زانیاری لەسەر باکووری ڕۆژئاوای ڕوسیا. ئەم بەشە لەشاری سانکت-پیتربورگ ئامادە دەکرێت.

میدیاکان

باس لە ڕۆژنامە و گۆڤار، بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ڕوسیا و وڵاتانی دراوسێ دەکات.

س ن گ SNG

زانیاری لەسەر ژیانی دەوڵەتانی هاوپەیمان دەدات.

وەرزش

زانیاری لەسەر یاریزانەکانی ڕوسیا و دەرەوەی ڕوسیا، ئەنجامەکان، باس لەشەڕ و گرفتەکانی ئەوان دەکات.

وێنە

وێنەکانی لەم ئاژانسە هەن، یەک مانگ لەسەر سایت دەپارێزرێن، ئەگەر وێنەی کۆنترت پێویست بێت، لەوکاتە هانا بۆ ئەرشیڤی وێنە دەبەیت.

کۆمپوتەری تاس

لەم بەشە هەموو زانیارییەکانی ئەم ئاژانسە پارێزراون و بەزمانی ئینگلیزی دەست دەکەون.

ئەو بەشانەی سەرەوە هەمووی لە ئاژانسی ئیتار تاس هەن و ئەوەی پێویستی بەو خزمەتگوزارییانە بێت، بەتەلەفۆن، نامە یان مەیل پێوەندییان پێوە دەکات.

## ئاژانسی INTERFAX

میخایل کۆمیسار و هاوڕێیانی کاری، لە ڕادیۆی مۆسکۆ، بەهاوکاری کۆمپانیای فەرەنسی-سۆڤێتی "ئینتەرکڤاردۆ" لە تەموزی **١٩٨٩**دەستیان بەدەرکردنی بڵاوکراوەیەکی هەواڵی بەزمانی ڕوسی و ئینگلیزی کرد. لەم بڵاوکراوەیە بۆ یەکەم جار لە ڕوسیا ، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بابەتییانە ، لەسەر ڕووداوەکانی ناوەوەی سۆڤێت نووسرا. ئەوە سەرەتای دامەزراندنی ئاژانسی ئینتەرفاکس بوو. کرپارە یەکەمەکانیان وڵاتانی تازە جودابووەوە لە یەکێتی سۆڤێت بوو. لەبەر ڕووداوەکانی ناو یەکێتی سۆڤێت و لاوازبوون و ڕمانی بلۆکی سۆسیالیست، لەسەرەتای نەوەدەکان، ڕوسیا بووە ناوەندی ڕووداوە گرنگەکانی جیهان. کرۆنۆلۆگیای ڕووداوەکان، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە چالاکەکان، ئاژانسی ئینتەرفاکسیان لە جیهان بەناوبانگ کرد. لە کۆتایی هەمان ساڵ، هەموو ئاژانسە بەناوبانگەکانی جیهان ئابۆنەیان لەگەڵ ئینتەرفاکس هەبوو.

لە تشرینی یەکی **١٩٩٠** بۆ یەکەم جار ئاژانسی ئینتەرفاکس بلوتێنی



"بڵاوکراوەی" تایبەت بەئابووری لە یەکێتی سۆڤێت دەرکرد. لەسەر جۆری بەرزکردنەوەی پرسیارەکان و نووسینەکانیان دەربارەی سیاسەتی سۆڤێت، دەستەڵاتی ناوەندی هێڵی (خەتی) پێوەندییەکانیان لەسەر دەبڕن، دوای چەند کاتژمێرێک، ئاژانس دەتوانێت سەرلەنوێ هێڵەکە ببەستێتەوە و پێوەندی لەگەڵ ئابۆنەدارەکانی خۆی ببەستێتەوە.

لە مانگی مارسی **١٩٩١** یەکەم ژمارەی پەنۆرامای دیپلۆمات، کە تایبەتە بەسیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت دەردەکەن. هەر لەوساڵ کۆمپانیای Interfax-US لە ئەمریکا و ویلایەتی کۆلۆرادۆ دەکرێتەوە. ئەوەش هەنگاوێکی زۆر گرنگی ئاژانس بوو. لە ئابی هەمان ساڵ، یەکەم ئاژانس بوو لە جیهان، باسی لە کودەتای دژ بەپرستڕۆیکە و گلاسنست کرد. هەر لەو هەواڵە باس لە دەستبەسەریی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت میخایل گورباتشۆڤ لە "کریم" کرا. مانگێک دواتر خەڵاتی (Pulitzer Prizes)ی وەرگرت.

لە مارسی **١٩٩٢** ئاژانسی ئینتەرفاکس گرێبەستییەک لەگەڵ Dow Jones Telerate دەنووسێت و بەهۆی ئەم گرێبەستە هەواڵەکانی لەئاژانس دەردەچن، بەهەموو جیهان بڵاو دەبنەوە. ساڵێک دواتر بەڕێگای نووسینی گرێبەستییەک لەگەڵ ئەڵمانیا ، نووسینەکانیان بەوڵاتانی نەمسا و سویسرا دەفرۆشرێت. لە ئەیلولی هەمان ساڵ بەشێک بەناوی: "ئاژانسی دەنگوباسی ئابووری" دادەمەزرێت و لێرە باس لەڕووداوەکانی ئابووری وڵات بەدرێژی دەکرێت. مانگی ١٠ی **١٩٩٣** قەیرانێکی گەورە لە پەرلەمانی ڕوسیا ڕوودەدات. بەهۆی زۆر باسکردن و هەڵسەنگاندنی گرفتەکان، یانزە ڕۆژنامەنوسی ئاژانس خەڵاتی حکوومەتی ڕوسیایان پێدەبەخشرێت، هەر لەو کۆنفلیکتە ، چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئاژانس بریندار دەکرێن. دوای مانگێک نووسینگەیان لە ڕۆژئاوای ڕوسیا مینسک

"بێلّە ڕوسیا"روسیای سپی دەکەنەوە. بەماوەیەکی کەم دەبێتە گرنگترین ئاژانس لەجیهان بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە.

لە شوباتی ١٩٩٤ ئاژانسی ئینتەرفاکس و کۆمپانیای ئەلێکترۆنی هەواڵ Knight-Ridder گرێبەستیەکیان لەنێوان خۆیان لەسەر ئاڵوگۆڕی هەواڵ گۆڕینەوە مۆر کرد. لە هەمان ساڵ بۆ یەکەم جار لەگەڵ ئاژانسی کیۆدۆ-نیوسی یابانی گرێبەست لەسەر ئاڵوگۆڕی هەواڵ و دەنگوباسەکان ئیمزا کرا. ئاژانسی ئینتەرفاکس بەشێکی تایبەتی بەناوی: ئینتەرفاکس-ئاسیا و ئەوروپا کردەوە. لەم بەشە زۆر بەوردی و پسپۆرانە، باسی لە ڕووداوەکانی سیاسی و ئابووری ئەو ناوچانەی ڕوسیای دەکرد. لە کۆتایی مانگی ١٩٩٥ و سەرەتای مانگی ١٩٩٦ لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک گرێبەست مۆر دەکەن و ئەوانەش وەک: هەفتەنامەی "ئەرگومێنتی ئی فاکتی"، کۆمپانیای Bloomberg. لە هەمان ساڵ ئاژانسی ئینتەرفاکس لە کۆبوونەوەی سەرانی دەوڵەتانی (SNG زۆربەی دەوڵەتانی کۆنی یەکێتی سۆڤێت دەگرێتە خۆی)، بەئاژانسی نێودەوڵەتی دەناسێندرێت. هەر لەو کاتە ئەوان لەهەموو ئاژانسێکی دیکەی جیهان پەیامنێریان لەوڵاتەکانی ئەوان زۆرتر هەبوو، دواتر نووسینگەیان لە وڵاتی کازاخستانیش دەکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩٨ نووسینگەیان لە: هۆنکۆنگ و نیویۆرک دەکرێتەوە. ساڵێک دواتر لەمانگی مارس، ئاژانسی ئینتەرفاکس بەیەک لە پەنجا ئاژانسی جیهانی بەژمارەی زۆر بەکارهێنانی هەواڵەکانیان، لە قەڵەم دەدرێت. هەمان ئاژانس لەگەڵ ئاژانسی Reuters لەسەر ئاڵوگۆڕی هەواڵ گرێبەستێکیان مۆر کرد. لەو کاتەش نووسینگەی لە چیک و سلۆڤاکیا دەکاتەوە. دواتر نووسینگەی دی لە شەنگهای و ئیسپانیاش دەکاتەوە.

لە مایسی ٢٠٠٠ ئینتەرفاکس ڕێگای دەرکردنی گۆڤاری ئەوروپای



پێدەدرێت. لەو گۆڤارە باس لەژیانی دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا دەکات، لەوکاتە ژمارەیان ١٥ دەوڵەت بوو. باس لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەوڵەتانە و پێوەندییان لەگەڵ ڕوسیا دەکات. لە کۆتایی هەمان ساڵ لەشاری لەندەن نووسینگەیان دەکرێتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠١ بەشێکی تایبەت بەچالاکییەکانی سەربازی و لەشکری دەکاتەوە. لەم بەشە باس لە چەکە نوێکانی ڕوسیا و (SNG)یش دەکرێت. چەند گرێبەستییەک لەگەڵ: بیرژەی لەندەن، Nasdaqm دەنووسێت. لەهەمان کات بەشێکی تایبەت بەوڵاتی ئازربایجان دەکاتەوە.

لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ ئاژانسی نێودەوڵەتی ڕێیتینگ Moodys Investors Service لە ٢٠٪ پشکی لە ئاژانسی ئینتەرفاکس کڕی. هەر لەو کاتە، یەک لە گەورەترین بانکی ڕوسیا بەناوی: بانکی دەرەوە ٤٩٪ بەشی ئینتەرفاکس-چین-ی کڕی.

لەو کاتەی ئاژانسی ئینتەرفاکس دامەزراوە تا ئەمڕۆ ڕۆژانە ئاژانس بەرەو پێشەوە دەچێت و هەواڵ و خزمەتگوزارییەکانی لە زۆرترین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو جیهان سوودی لێ وەردەگیرێت. یەک لەو هەواڵانەی ئینتەرفاکس شانازی بەبڵاوکردنەوەی دەکات، داگیرکردنی تیاتری (شانۆ) لە دوبرۆڤکێ، لەلایەن چەکدارانی چیچێنی لە شاری مۆسکۆ بوو. بەگوێرەی ڕای پسپۆران، ئاژانسی ئینتەرفاکس بەباشترین شێوە باسی لەو تراگێدیا گەورەیە کرد. (حکوومەتی ڕوسیا بەجۆرە گازێک هێرشی کردە ناو شانۆ، لە ئەنجامدا، جگە لە چیچێنییەکان، زیاد لە ١٧٠ ژن و منداڵی بێ تاوان کوژران). ئەم ڕووداوە لە مانگی ١١ی ٢٠٠٢ ڕووی دا. پاش ئەو ڕووداوە، سەرۆکی ڕوسیا ڤلادیمیر پوتین بەڕێوەبەری ئاژانس میخایل کۆمیساری خەڵات کرد.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئاژانسی ئینتەرفاکس ڕووبەری چالاکییەکانی

خۆی فراوان کرد، بەوەی نووسینگەی لە هەندێک وڵات وەک: چیک، سلۆڤاکیا، هەنگاریا لەگەڵ پۆڵۆنیا کردەوە.

ئاژانسی ئینتەرفاکس هەفتەنامەی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتی دەرکرد و ئەمڕۆ زیاد لە ٣٠ شوێنی ڕوسیا بەتیراژی ١,٣ ملیۆن دەردەچێت. لەسەرەتای نەوەدەکانەوە بەیەک لەگرنگترین ئاژانس لەجیهان لەسەر ڕووداوەکانی ڕوسیا و وڵاتانی SNG دەژمێردرێت.

## ئاژانسی Ria Novosti

سەرنووسەرانی ئاژانسی ڕیا نۆڤۆستی مێژووی دامەزراندنی ئاژانسەکەیان بۆ ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤١ دەگەڕێننەوە. لەوکاتە ئاژانسێک بەناوی: "نووسینگەی زانیاری هەواڵەکان" لەژێر چاودێریی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت دامەزرا. ئامانجی ئەم ئاژانسە بریتی بوو لە: سەرپەرشتی کاری چاپەمەنی و ڕادیۆ، باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاگەیاندن، باسکردن لەسەر ڕووداوەکانی شەڕ و ژیانی ناوەوەی وڵات.

کاری سەرەکی ئاژانس بریتی بوو لە: کۆکردنەوەی کورتە هەواڵ بۆ ڕادیۆ، ڕۆژنامە لەگەڵ گۆڤار، باسکردن لە ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و لەسەر لە ژیان و خەبات و چالاکی پارتیزانەکان. ئەم ئاژانسە لەوکات سەرپەرشتی کارەکانی: کۆمیتەی ڤیسیلیاڤینی، کۆمیتەی ژنانی دژ بەفاشیزم، کۆمیتەی گەنجانی دژ بەفاشیزم، کۆمیتەی زانایانی دژ بەفاشیزم، کۆمیتەی جوولەکانی دژ بەفاشیزمی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٤ کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ پروپاگەندەکردنی لە دەرەوەی وڵات دروست بوو. ئەو کۆمیتەیە لە ڕێگای ١١٧١ ڕۆژنامە، ٥٢٣ گۆڤار لەگەڵ ١٨ ئێزگە لە ٢٣ وڵاتی جیهان کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا. ئەوانەی سوودیان لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس وەردەگرت: سەفارەتەکانی



سۆڤێت لە دەرەوە، کۆمیتەی هاوکاری، سەندیکاکان، ڕێکخراوی ژن و گەنجان و زانایان بوون. ئاژانس خوێنەر و بیسەری لە خەباتی گەلانی سۆڤێت دژ بەفاشیزم ئاگادار دەکردەوە.

لەوکاتە ئە. س. شێرباکۆڤ (١٩٤١-١٩٤٥)، س.ئەی. لۆزۆڤسکی (١٩٤٥-١٩٤٨) سەرپەرشتی کارەکانی ئاژانسیان دەکرد. لە ساڵی ١٩٦١ ئاژانسی هەواڵی چاپەمەنی لەسەر بناغەی ئاژانسی کۆن دامەزرا. ئاژانسی هەواڵی چاپەمەنی بووە، بەهێزترین دەزگا هەواڵی و بڵاوکراوەکانی ناوەندیی ڕێکخراوەکانی جەماوەریی سۆڤێتی. کۆنفرانسی دامەزراندنی ئەم ئاژانسە لە ٢١ی شوباتی ١٩٦١ بەسترا. ئەم کۆنفرانسە، کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانی جەماوەری سۆڤێتی دەکرد، بڕیاری دروستکردنی ئاژانسێکی بۆ: سەرپەرشتی کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا. بەڕێوەبەرانی ئاژانس پێکهاتبوون لە: سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای نووسەران، ئەنجوومەنی هاوکاری و دۆستایەتی فەرهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە. لە ٣ی نیسان بڕیاری دروستکردن ئیمزا کرا. ئامانجی ئەم دەزگایە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروست لەسەر یەکێتی سۆڤێت، لەهەمان کات، دانیشتوانی یەکێتی سۆڤێت لەسەر ژیانی دەوڵەتانی هاوپەیمان و دۆست ئاگادار بکاتەوە. لەژێر دروشمی: زانیاری بۆخاتری ئاشتی، بۆخاتری دۆستایەتی و هاوپەیمانی، لەنێوان نەتەوەکان ئەم ئاژانسە دامەزرا. نوێنەرانی ئاژانسی هەواڵی چاپەمەنی، زیاتر لە ١٢٠ دەوڵەت هەبوو و نزیکەی ٦٠ ڕۆژنامە و گۆڤاری بە٤٥ زمان دەردەکرد و بڵاودەکردەوە. تیراژی هەموویان دەگەیشتە ٤,٣ ملیۆن دانە. هەمان ئاژانس نزیکەی ٢٠٠ پەرتووک و نامیلکەی بەتیراژی ٢٠ ملیۆن دانە لە ساڵێکدا چاپ دەکرد. لە ساڵی ١٩٨٩ ئاژانس کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کردەوە و دواتر ناونرا: TV-NOVOSTI.

بۆریس بورکۆڤ (١٩٦١-١٩٧٠)، ئیڤان ئودالچۆڤ (١٩٧٠-

١٩٧٥)، ليَڤ تولكونۆڤ (١٩٧٥-١٩٨٣)، پاڤل ناومۆڤ (١٩٨٣-١٩٨٦)، ڤالێنتین فالین (١٩٨٦-١٩٨٨)، ئەلبێرت ڤلاسۆڤ (١٩٨٨-١٩٩٠) بەڕێوەبەری گشتی ئاژانس بوون.

بەگوێرەی بڕیارێک لەلایەن سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، میخائیل گۆرباتشۆڤ لە ٢٧ی تەموزی ١٩٩٠ بڕیاردرا ئاژانسێک بەناوی "هەواڵ" لەسەر بناغەی APN (ئاژانسی هەواڵەکانی ڕوسیا) دابمەزرێت. ئەو ئاژانسە دەبوایە خزمەتی گۆڕانکارییەکانی ئەوکاتە و پرۆسێسی بەدیموکراتی بوونی یەکێتی سۆڤێت بکات و کارەکانی لە بەرژەوەندی گەلانی سۆڤێت بێت. کار و ئامانجەکانی ئەم ئاژانسە نوێیە، لە ڕاستیدا جگە لەناو گۆڕین هیچی دی نەگۆڕدرا.

لە ساڵی ١٩٩١ دەستی بەدەرچوونی بڵاوکراوەیەک بەناوی"INFONOVOST" کرد. بڵاوکراوەکانی ئاژانس لە ١٢٠ وڵات دەست دەکەوتن. هەمان ئاژانس ١٣ گۆڤار و ڕۆژنامەی جیا جیای دەردەکرد. لە ئەیلولی ١٩٩١ لەسەر بناغەی IAN (ئینفرۆرماچیۆنی ئەگێنستڤا نۆڤۆستی) "ئاژانسی هەواڵ"، لەگەڵ "ئاژانسی هەواڵی ڕوسیا"، بەفەرمانێک، کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ڕوسیا لە ٢٢ی ئابی ١٩٩١ دەرچووبوو"ئاژانسی هەواڵی ڕوسیا" دامەزرا. ئاژانسی RIA NOVOSTI وەزارەتی چاپەمەنی کرایە خاوەنی. لەو کاتە ئاژانس نزیکەی ٨٠ نووسینگەی لە دەرەوەی وڵات هەبوو. زیاد لە ١٥٠٠ ئابۆنە لە وڵاتانی سۆڤێتی کۆن و نزیکەی ١٠٠ یش لە دەرەوەی ڕوسیا هەبوو. لە ساڵی ١٩٩٣ وە ئاژانسی ڕیا نۆڤۆستی بەگوێرەی بڕیارێک، کە لەلایەن بۆریس یەلتسنی سەرۆک کۆمار لە ١٥ی ئەیلول ئیمزا کرا، ڕاستەوخۆ بووە زمانحاڵی حکوومەتی ڕوسیا. لە ساڵی ١٩٩٦وە ڕادیۆی خۆی بەناوی: "ڕیا ڕادیۆ" هەیە. لە ساڵی ١٩٩٧ کەناڵێکی فەرهەنگی بەناوی: "کولتوور" پەخشی خۆی هەیە. لە مایسی ١٩٩٨ ئاژانسی هەواڵی ڕوسیا



هەواڵەکانی تەلەفزیۆن بەناوی vesti بڵاودەکاتەوە.

ئەو ئاژانسە لەژێر سەرپەرشتی سڤێتلانا ڤەسیلییێڤنە میرۆنۆک بەڕێوە دەچێت و هەواڵەکانی لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕوسیا بەناوی ڤێستی بڵاودەکاتەوە و لەلایەن ڕوسەکانەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی گەیاندنی هەواڵە. لە دەنگوباسەکانی ناوەوەی ڕوسیا ڕۆڵی زۆر مەزن دەگێڕێت و زۆرتر بازاڕی ناوەوەی ڕوسیا و دەوڵەتانی کۆنی سۆڤێتن.

## ئاژانسی دی پی ئەی Deutsche Presse -Agentur

نووسینگەی سەرەکی ئاژانسی dpa لە هامبۆرگە. بەو ناوەی ئێستای لە ساڵی ١٩٤٩ وە ئەم ئاژانسە کار دەکات. پێشتر لەژێر ناوی "Deutsches Nachrichten -Bureau"DNB – کاری دەکرد. پاش نەمانی دەستەڵاتی نازییەکان لە ساڵی ١٩٤٥، زۆر ئاژانسی بچووک بچووک دروست بوو بوون. ئەو ئاژانسە بچووکانە لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کاریان دەکرد و لە ساڵی ١٩٤٩ یەکیان گرت و بەیەکەوە ئاژانسی Deutsche Presse - Agentur یان دروست کرد.

ئەمڕۆ ئاژانسی dpa یەک لە ئاژانسە گەورەکانی ئەوروپا و جیهانە. بەردەوام هەواڵ، گوتار، وێنە و دەنگ، لەسەر ڕووداوە گرنگەکان، بەجیهان دەگەیەنێت. ئاژانسی dpa لە ١٩٨ کۆمپانیای مەزن پێکهاتووە. هەر یەک لەو کۆمپانیانە بۆیان نییە زیاد لە ١,٥٪ پشکیان (سەهم) لەو ئاژانسە هەبێت. جگە لە کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندن، کە بۆیان هەیە تا ٢٥٪ پشکیان لە کۆمپانیای ئاژانسی dpa هەبێت. ئەو یاسایەی سەرەوە نووسراوە بۆ ئەوەی، هیچ کۆمپانیایەک نەتوانێت بەسەر سیاسەت و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئاژانسی dpa زاڵ بێت.

لە ئاژانسی dpa زیاد لە ١١٠٠ کارمەند، لەوانە ٩٠٠ یان وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکەن و سەد لەو کارمەندانەش لەدەرەوەی ئەڵمانیا کار

دەکەن. جگە لەوانەی سەرەوە، هەزارانی دی بەگرێبەست هەواڵ و دەنگوباس بۆ ئاژانسی dpa ڕەوانە دەکەن. بۆ گەیشتنی هەواڵ و زانیارییەکان بەزووترین کات ٧٠ ئەندازیار و کارمەندی تەکنیکی لە کۆمپانیا دامەزراون.

ئاژانسی dpa هەواڵ و نووسین، وێنە و دەنگ، بەئامێرەکانی SGML, XML, MPEG, Real, macromedia بۆ ئەندامان و کڕیارەکانی خۆی ڕەوانە دەکات.

لە نزیکەی سەد وڵات، ئاژانسی dpa نووسینگەیان هەیە و خزمەتگوزارییەکانی خۆی بەزمانەکانی: ئەڵمانی، ئینگلیزی، ئیسپانی و عەرەبی پێشکەش دەکات. نووسینگەی سەرەکی کۆمپانیا لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیایە. جگە لە هامبۆرگ، لە چەندین شوێنی ستراتیژ و گرنگی جیهان وەک: واشنتۆن، بیۆنس ئایرس، مەدرید، نیقۆسیا و بانکۆک نووسینگەی گەورەیان هەیە.

لە ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاژانسی dpa، ٣١ نووسینگەی هەیەو لەوێوە بەزمانی ئینگلیزی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات. لە ئاسیا و ناوچەی ئۆقیانووسی هێمن ٢٢ نووسینگەی هەیە. بەکردنەوەی نووسینگە لە بانکۆک، ئاژانسی dpa کڕیاری لەو ناوچەیە زۆرتر بووە. لە کیشوەری ئەورووپا، لە ٣٤ شار نووسینگەیان هەیە. پەیامنێرانیان لێرە بەزۆر زمان، هەواڵەکانیان بەکڕیارەکان و ئاژانسە میللییەکان دەفرۆشن.

لە ناوەوەی ئەڵمانیا، تاکە ئاژانسە، کە بەشێوەیەکی فراوان و لە هەموو بوارەکانی ژیان، توانیویەتی هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر: ئابووری، فەرهەنگ، سیاسەت، وەرزش... هتد بگەیەنێت.

خزمەتگوزاری ئەلێکترۆنی بەناوی dpa-bildfunk بەردەوام وێنەی هەواڵی ڕەنگی لە هەموو جیهانەوە بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەوانە دەکات. ساڵی ٢٠٠٠ ئاژانسی dpa توانی ١٢٠ هەزار وێنە بۆ



کڕیارەکانی بنێرێت. بەردەوامیش لەسەر خزمەتگوزاری (Bild-Reportdienst – وێنەی ڕۆژنامە) ژمارەی ئابۆنەیان زیاد دەکات. ئاژانسی dpa نزیکەی ١,٣ ملیۆن وێنەی لە ئەرشیفی خۆی هەیە.

لە پایزی ساڵی ٢٠٠٠ وە دەتواندرێت بەڕێگای ئینتەرنێتەوە وێنەکان وەربگیرێن و ڕەوانە بکرێن. هەموو ڕۆژنامە و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی ئەڵمانیا، سوودی زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی dpa وەردەگرن. جگە لەوانەی سەرەوە، زۆربەی پەرلەمان و حکوومەتەکانی جیهان سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی dpa وەردەگرن.

ئاژانسی dpa خزمەتگوزارییەکانی بەزمانی ئینگلیزی بۆ ڕۆژنامە و بانقەکانی باکووری ئەمریکا دەگەیەنێت و لەوێش کۆمەڵێک نووسینگەی هەیە. کۆنتۆری ناوەندی لەو ناوچەیە لە شاری واشنتۆنە.

ئاژانسی dpa دەتوانێت خزمەتگوزارییەکانی بۆ مۆبایل و سایتی ئینتەرنێت بەگوێرەی ویستی کڕیارەکان ڕەوانە بکات.

dpa-OnlineEnglis لە ماوەی یەک کاتژمێر لە نووسینگەی سەرەکی هامبۆرگ و نووسینگە لاوەکییەکانی دیکەی جیهان وەک: واشنتۆن و بانکۆک، ١٠٠ بابەتی کورت و ٣٠ بابەتی درێژ و ٢٠ وێنە بڵاو دەکاتەوە.

dpa-OnlineSpanish لە ماوەی یەک کاتژمێر لە نووسینگەی مەدرید، بیۆنس ئایریس ١٠٠ بابەتی کورت و ٣٠ بابەتی درێژ و ٢٠ وێنە بڵاودەکاتەوە.

خزمەتگوزارییەکانی جیهانی بەزمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی لەگەڵ عەرەبی هەیە. خزمەتگوزارییەکانی ڕاپۆرتە تەحقیقییەکان بەزمانی ئینگلیزی و زمانی ئیسپانی هەیە. هەواڵە کورتەکانیش بەزمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی هەیە.

ئاژانسی dpa خزمەتگوزارییەکی بەناوی World Briefs هەیە. ئەو خزمەتگوزارییە لە ماوەی یەک کاتژمێر سەد هەواڵ، هەر یەک لەو هەواڵانە بەهەشت دێڕ، لە نووسینگەی سەرەکی هامبۆرگ لەگەڵ نووسینگەکانی دیکەی بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی، بۆ ئابۆنەدارەکان ڕەوانە دەکات. ئەو کورتە هەواڵانە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی.

ئاژانسی dpa خزمەتگوزارییێکی دیکەی بەناوی Cus- Products tomized هەیە. کاری ئەم دەزگایە بەشێوەی sms ڕەوان کردنی دەنگوباسە، بۆ مۆبایلی کڕیارەکان. ئەوەش بەگوێرەی ویستی ئەوە، کە چ جۆرە هەواڵێکی دەوێت وەک: هەواڵی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، سپۆرت... هتد.

ئاژانسی dpa لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەڕوات و وەک پێویست سوود لە تەکنۆلۆژیای نوێ وەردەگرێت. تا ئێستا بەشێوەیەکی باش توانیویەتی لەگرفتە ئابوورییەکانی خۆی ڕزگاری ببێت و ڕۆژانەش کڕیاری زۆرتر بۆ کۆمپانیا پەیدا دەبن.

هەواڵ چییە و چ شتێک دەبێت بەهەواڵ؟

گرنگترین مەبەست لە هەواڵ، گەیاندنی ڕووداوێکی فاکتە (شتێک کە لەڕاستیدا ڕوویدابێ یان بەم نزیکانە ڕووبدا)، کە بەزمانێکی ئەدەبی پوخت و ئاسان، ڕۆژنامەنووس بۆ خوێنەران لە ڕۆژنامە یان گۆڤار دەینووسێ و بڵاوی دەکاتەوە. بۆ ڕۆژنامەی بەیانییان، هەواڵ ڕووداوێکە کە دوێنێ ڕووی دابێ یان ئاشکرا بووبێ، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ خوێنەرانی خۆی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە.

تا ئێستا یەک ڕا و بۆچوون لەسەر ئەوەی، چ ڕووداوێک دەکرێ ناوی هەواڵی لێ بندرێت و چ ڕووداوێک ناکرێ ناوی هەواڵی لێ بندرێت نییە.



بۆ ئاژانسەکانی هەواڵیش بەهەمان شێوە، هیچ یاسا و نەریتێکی گشتی نییە لەسەری بڕۆن. بەڵکوو زۆرتر لەلایەن سەرنووسەرانی ئاژانسەکانەوە بڕیار لەسەر بابەتی گرنگەوە دەدرێت. هەموو ڕووداوێکی گرنگ بەلای ئەوان، وەک هەواڵ دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام لەسەرجەم نووسینەکان، تەنیا سوود لە ١٠ ٪ی وەردەگیرێت، ئەو ڕێژەیەش بەشی خەرجیی ئاژانسەکانی هەواڵ دەکات.

وۆڵتەر لیپمان Walter Lippmann ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٢٤ بۆی ڕوون بووەوە، کە ڕۆژنامەنووس دەبێت هەست بکات، کە جەماوەر تێنووی زانینی ئەو زانیارییەیە. بەڕای وۆڵتەر مەرجی هەواڵ بەلای ئەو، کە مرۆڤی یەکەم دەبێت لای مرۆڤی دووەم هەست ببزوێنێت.

بۆ نموونە: وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک لە فینلەندا، هەست لای سویدییەکان زۆرتر دەبزوێنێ، تا لەلای هیندییەکان لە هیندستان. بەبڕوای هێنک پراککێ Henk Prakke سێ فاکتەر هەن، کە پلەی گرنگی هەواڵ دەردەخەن "کات، فەرهەنگ لەگەڵ شوێن". هەرچەند دوورتربێ لەو سێ خاڵە، هەواڵەکە کەمتر بایەخی بۆمان دەبێت. کە کەمیش بایەخی هەبێ، ئەوا کەمتر هەواڵە. کە دوورتر بێت، بایەخی هەواڵی خۆی کەمتر دەبێتەوە.

هەیکەلی ئیداری ئاژانسی dpa پێکهاتووە لە: بەڕێوەبەری گشتی ئیدارە: دکتۆر والتەر ڕیتشبێرگ و جێگری بەڕێوەبەری ئیدارە، کلاوس شبرگ. دکتۆر فیلم هیرلین سەرنووسەری ئاژانسی (dpa)یە.

هەموو کارەکانی ئاژانس کۆمیتەیەکی دوانزە کەسی سەرپەرشتی کار و چالاکییەکانی دەکات. ئەم دوانزە کەسەش، لەکۆبوونەوەی گەورەی پشکدارەکان هەڵدەبژێردرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٠ سەرمایەی ئاژانسی dpa گەیشتە ٢٠٨,٥ ملیۆن مارک.

## ئاژانسی ANSA med

ئاژانسی بەناوبانگی جیهانی ANSAی ئیتاڵی لە ساڵی ١٩٩٥ بەپێویستی زانی ئاژانسێکی تایبەت بەناوی: " ANSA med- iterranean" ئێستا بە ANSA med بەناوبانگە دابمەزرێنێت. دوو هۆی گرنگ بۆ دامەزراندنی ئەم ئاژانسە نوێیە هەبوون:

١- ناردن و دابەشکردنی هەواڵ و دەنگوباسە گرنگەکانی تایبەت بەوڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست.

٢- بۆ زیاتر پشتگیری و بەهێزتر کردنی پێوەندی لە نێوان دەوڵەتانی دەوروبەر.

ئاژانسی ئەنسا بڕیاری دامەزراندنی تۆڕێکی قسەکردن و ناردن و وەرگرتنی، بۆ گۆڕینەوەی هەواڵ و دەنگوباس و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر بوارەکانی: ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی... هتد لەنێوان وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست دا. دروستکردنی ئەم تۆڕە زۆرتر لەبەر نزیکی جوغرافیا و مێژوویی نێوان دەوڵەتەکان بوو.

ئاژانسی ئەنسامێد ڕۆژانە خڕیلەیەک بەنزیکەی ١٥٠-٢٠٠ هەواڵ بەزمانی عەرەبی، ئیتاڵی لەگەڵ ئینگلیزی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی ناوچە، پێشکەش بەئابۆنەدارانی خۆی دەکات. کارکردنیش لە ئاژانسی ANSA medلەسەر هەمان پرینسیپی ئاژانسی ئەنسا لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەڕێوە دەچێت.

زۆر لە نووسینەکان کارمەندان و پەیامنێرانی خۆیان دەینووسن، ئەوانەی دیکەیش ئاژانسی ئەنسا بۆیان دەنووسێت. هەموو نووسینەکان بۆ نووسینگەی ناوەندی لە شاری ناپۆلی ڕەوانە دەکرێت، پاش چاک کردن و خوێندنەوەیان، لە کورتترین ماوە بەسەر تۆڕی ئابۆنەداران دابەش و بڵاو دەکرێتەوە. ئاژانسی ANSA med هاوکاری زۆر باشی لەگەڵ هەموو



ئاژانسەکانی وڵاتانی دراوسێش هەیە، بەمەش کۆمپانیا گەورەکان سوودی زۆر لە خزمەتگوزارییەکان دەبینن.

ئەو ئاژانسانەی خوارەوە بەشیان "پشکیان" لە ئاژانسی ANSA med هەیە:

ئاژانسی ئەنادۆڵ لە تورکیا، ئاژانسی هەواڵی مۆریتانیا، ئاژانسی هەواڵی ئەسینا لە یۆنان، ئاژانسی هەواڵی جەزائیر، ئاژانسی هەواڵی ئەلبانیا، ئاژانسی هەواڵی قوبرس، ئاژانسی هەواڵی مەغریبی عەرەبی، ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە میسر، ئاژانسی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی لە لوبنان، ئاژانسی هەواڵی پێترای ئوردەنی لە ئوردەن، ئاژانسی هەواڵی لە قەتەر، ئاژانسی هەواڵی سەبا لە یەمەن، ئاژانسی هەواڵی سوریای عەرەبی لە سوریا، ئاژانسی هەواڵی سلۆڤێنی لە سلۆڤێنیا، ئاژانسی هەواڵی تونسی ئەفریقیا لە تونس لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئیماراتی عەرەبی.

ئاژانسی ئەنسامێد ئەگەرچی ئاژانسێکی نوێیە و لە ساڵی ١٩٩٥ دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەش، چونکە زۆرتر تایبەتە بەوڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست و لێرەش بەردەوام گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری گرنگ ڕوودەدەن، زۆر بەخێرا بەرەو پێش دەچێت. کارمەندانیشی هەموو تەکنۆلۆژیایێکی نوێیان بۆ بەرەوپێشبردنی خستۆتە گەڕ. ئێستا سەدان ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنی وڵاتانی ئەندام سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی ئەنسامێد وەردەگرن.

## ئاژانسی ئەنەدۆڵ

لە ٦ی نیسانی ١٩٢٠ موستەفا کەمال ئەتاتورک ئاژانسێکی بەناوی: "ئاژانسی ئەنەدۆڵ" دامەزراند. لەکاتی دامەزراندنییەوە، تا ئێستا گەورەترین ئاژانسی دەوڵەتی تورکیایە. ئاژانسی ئەنەدۆڵ ٢٨ نووسینگەی

له ناوه‌وه‌ی توركیا و ٢٢ نووسینگه‌شی له ده‌ره‌وه‌ی وڵات هه‌یه. ڕۆژانه ٧٠٠-٨٠٠ هه‌واڵ له‌گه‌ڵ نزیكه‌ی ٢٠٠ وێنه بڵاوده‌كاته‌وه.

له زووه‌وه ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ بۆ گه‌یاندنی خزمه‌تگوزارییه‌كانی خۆی، سه‌ته‌لایت به‌كار ده‌هێنێت.

ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ وه‌ك هه‌موو ئاژانسه گه‌وره‌كان، له‌سه‌ر هه‌موو بابه‌ته‌كانی ژیان ده‌نووسن: ته‌ندروستی، فه‌رهه‌نگ، گرفته‌كانی كۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری، زانست، سیاسه‌ت و هه‌موو ئه‌و بابه‌تانه‌ی پێوه‌ندییان به‌ژیانی توركیا و ده‌ره‌وه هه‌یه به‌نووسین، خوێنه‌رانیان لێ ئاگادار ده‌كاته‌وه.

ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ، جگه له‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی خۆی، كه پێشكه‌ش به‌ئابۆنه‌دارانی ده‌كات، له‌گه‌ڵ نزیكه‌ی ٨٠ ئاژانسی دیكه‌ی جیهانی پێوه‌ندی هه‌یه و هه‌واڵ و نووسین له‌گه‌ڵ یه‌كدی ده‌گۆڕنه‌وه و ده‌كڕن و به‌یه‌كدی ده‌فرۆشن.

هه‌موو ڕۆژنامه و گۆڤاره‌كانی توركیا، ڕادیۆ و كه‌ناڵه‌كانی ته‌له‌فزیۆن سوود له خزمه‌تگوزارییه‌كانی ئه‌م ئاژانسه وه‌رده‌گرن. خزمه‌تگوزارییه‌كانیان ٢٤ كاتژمێر له شه‌و و ڕۆژێكه و حه‌وت ڕۆژیش له هه‌فته‌یه‌ك بۆ كڕیاره‌كانی ده‌رگای له‌سه‌ر پشته.

- ڕۆژانه نزیكه‌ی ٢٠٠ وێنه‌ی تازه ده‌گرێت و پێشكه‌ش به‌ئابۆنه‌دارانی ده‌كات و زۆر له‌و وێنانه له ڕۆژنامه و گۆڤاره‌كانی توركیا ده‌بیندرێن. له ئه‌رشیڤی وێنه‌یان زیاد له ٥ ملیۆن نێگه‌تیڤ له‌گه‌ڵ زیاد له ١٠٠ هه‌زار وێنه‌ی دیجیتاڵ پارێزراون. ئه‌و وێنانه به‌نوێترین ته‌كنیك بۆ ده‌زگا و شوێنی پێویست ڕه‌وانه ده‌كرێن.

- ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ بڵاوكراوه‌یه‌كی ڕۆژانه‌ی ئه‌لیكترۆنی به‌نزیكه‌ی ٧٠٠-١٠٠٠ زانیاری له سایته‌كه‌یان هه‌یه. له هه‌مان سایت، هه‌زاران



فایلی له‌ژێر ناوونیشانی "بڵاوكراوه‌ی زه‌رد" هه‌یه و به‌رده‌وامیش به‌زانیاری نوێ پڕده‌كرێته‌وه. هه‌ر له‌و سایته پاشكۆیه‌كی هه‌فتانه‌ی تایبه‌ت به‌سینه‌ما بڵاوده‌كاته‌وه. له‌و بڵاوكراوه‌یه باس له فیلم و به‌رهه‌مه‌كانی هونه‌ری سینه‌ما له توركیا و له جیهان ده‌كات.

ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ، جگه له بڵاوكراوه ئه‌لیكترۆنییه‌كان، بلوتێنێكی له ٨١ ناوچه‌ی توركیا بڵاوده‌كرێته‌وه. به‌م شێوه‌یه هه‌موو توركێك و دانیشتوانی توركیا، به‌هۆی ئه‌و بولیتێنانه‌وه (بڵاوكراوه) له‌سه‌ر ناوچه‌ی خۆی زۆرترین زانیاری له‌سه‌ر بابه‌تی جیا جیا ده‌ست ده‌كه‌وێت.

ئاژانسی ئه‌نه‌دۆڵ هه‌موو ئه‌و هه‌واڵانه‌ی تایبه‌تن به‌ناوچه تورك نشینه‌كان، له‌وانه‌یه زۆر ئۆبیێكتیڤانه‌تر (بابه‌تییانه) بنووسرێن و زۆر بۆنی ناسیۆنالیستی توركی پێوه دیار نه‌بێت، به‌ڵام به‌پێچه‌وانه، ئه‌و هه‌واڵانه‌ی پێوه‌ندییان به‌بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاری خوازی كورد به‌گشتی و كوردی توركیا به‌تایبه‌تی هه‌یه، له كاتی نووسین، بیر له ئه‌خلاقی ڕۆژنامه‌نووسی ناكرێته‌وه. ئه‌وه‌ش كه‌موكورتییه‌كی زۆر گه‌وره‌ی ئه‌و ئاژانسه مه‌زنه‌یه. له‌كاتێكدا ئاژانس ده‌یتوانی له نووسینه‌كانی بێلایه‌ن بێت و ته‌نیا فاكته‌كان بداته ده‌ست.

## ئاژانسی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست

له تشرینی دووی ١٩٥٥ ئاژانسی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست وه‌ك كۆمپانیایه‌كی سه‌ربه‌كه‌رتی تایبه‌ت دامه‌زرا و دواتر حكوومه‌تی ئه‌وكات، نیوه‌ی خه‌رجی دامه‌زراندنی ئاژانس ١٠ هه‌زار جونیه‌ی دایه‌وه. له ٨ی شوباتی ١٩٥٦ ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران فه‌رمانی دروستكردنی ئاژانسێكی میللی دا. له هه‌مان ڕۆژیش به‌رۆنیۆ یه‌كه‌م بڵاوكراوه‌ی ئاژانس گه‌یشته ده‌ست خوێنه‌ران. هه‌رئه‌و ساڵه‌ش، ئاژانسی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، ده‌ستی به‌ناردنی هه‌واڵ و ده‌نگوباس به‌ئامێرێكی نوێی ئه‌و كات به‌ناوی:

"تیکرز"، وەک یەکەم ئاژانسی میللی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد.

لە ساڵی ١٩٦٠ ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی میسری، بڕیاری خۆماڵی کردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ دەرچوو. بەم جۆرە ئەم دەزگایە چیتر سەربەخۆ نەما و ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوە دەچوو. ئێستا (ئا.ڕ.ن.) یەک لە گەورەترین ئاژانسی ناوچە و عەرەبی و ئەفریقییە و بەگوێرەی ڕاپۆرتی یونسکۆش، ئەم ئاژانسە بەیەک لە سیانزەمین ئاژانسی جیهان دەژمێردرێت.

لە سەرەتادا (ئا.ڕ.ن.) تەنیا بەزمانی عەرەبی هەواڵەکانی بڵاودەکردەوە، ئێستا ڕۆژانە نزیکەی نیو ملیۆن وشە بەزمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی لەگەڵ فەرەنسی بەهەموو جیهان بڵاو دەکاتەوە. لەساڵی ١٩٩٦ وە بەسێ سەتەلایت (مانگی دەستکرد) بەرهەمەکانی بۆ ئەفریقیا، ئاسیا، ئەوروپا لەگەڵ ئەمریکا دەنێرێت.

خزمەتگوزارییەکانی ئاژانس

– ئاژانس بڵاوکراوەیەک بەزمانی عەرەبی بۆ ناوەوەی وڵات دەردەکات و لەو بڵاوکراوەیە، باس لە: لایەنی سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، وەرزشی... هتد دەکات. لە هەمان بڵاوکراوە باس لە گرنگترین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەی میسر دەکرێت.

– ئاژانس بڵاوکراوەیەک بەزمانی عەرەبی بۆ دەرەوەی میسر لەسەر بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵ بڵاودەکاتەوە.

– بڵاوکراوەیەک بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لەسەر گرنگترین ڕووداوی ناوچە دەردەکات. ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوەیە، زۆرتر لە زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون. ئەوەش بۆ ئابۆنەدارانی ناوەوەی میسر و دەرەوەیە.

– ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکراوەیەکی جیهانی تایبەت بە:



ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچە و عەرەبی بڵاودەکاتەوە.

– بڵاوکراوەیەکی ئابووری ڕۆژانە بەزمانی عەرەبی لەسەر ڤالوتە (دۆلار، یورۆ... هتد) و کارەکانی بیرژە و بانکەکانی تێدا دەنووسرێت بڵاودەکاتەوە.

لەهەمان ئاژانس خزمەتگوزارییەک بەناوی ڕاپۆرتی هەڵکەندراو (ساخکردنەوە) بەوێنەوە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان لە وڵاتی میسر وەک: مێژوو، فەرهەنگ... هتد لەگەڵ باسکردن لەو نووسینانەی لەسەر میسر دەنووسرێن هەیە.

ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شانزە بڵاوکراوەی: ڕۆژانە، هەفتەی دوو جار لەگەڵ هەفتانە هەیە. ئەو بڵاوکراوانە نزیکەی ٤٠٠ ڕۆژنامە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات سوودی لێ وەردەگرن.

لە دەرەوەی میسر ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٨ نووسینگەی هەیە، لەوانە شانزەی لە وڵاتانی عەرەبی وەک: بەیروت، دیمەشق، بەغدا، کوێت، ڕیاز، ئەبوزەبی، سەنعا، عومان، غەززە، خەرتووم، تەرابلوس، تونس، جەزائیر، ڕبات، نواکشوت لەگەڵ ڕامەڵلا هەیە.

لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەوروپا و ئەمریکا یانزە نووسینگەی لە: واشنتۆن، نیویۆرک، لەندەن، پاریس، مۆسکۆ، بەرلین، ڕۆما، جنێڤ، سەراتیگۆ، ئەسینا لەگەڵ بروکسل هەیە.

لە ئەفریقا چوار نووسینگەی لە: نایرۆبی، ئەدیس ئابابا، داکار لەگەڵ جوهانسبێرگ هەیە.

لە ئاسیا پێنج نووسینگەی لە: ئیسلام ئاباد، ئەنقەرە، پەکین، جاکەرتا لەگەڵ نیودەلهی هەیە. جگە لەو نووسینگانەی سەرەوە، ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێت ژمارەی نووسینگەکانی لە هەموو جیهان بەتایبەتیش لە دەوڵەتانی ئەفریقا زیاتر بکات.

ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ٢٥ ئاژانسی دیکەی ناوچە و جیهان هەیە.

هەموو ئەوکارانەی سەرەوە لەلایەن ١٢ ئەندام لەگەڵ سەرۆک سەرپەرشتی دەکرێن. ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسان، نیوەی ئەو ئەندامانە هەڵدەبژێرێت، نیوەی دی لەلایەن کارمەندانەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن.

ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مانگێ جارێک کۆدەبنەوە و بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتی کۆبوونەوە دەکات. سەرۆکی ئەنجوومەن سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ڕۆژانەی ئاژانس دەکات.

ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم بەشانەی خوارەوە پێک هاتووە: بەشی هەواڵ، بەشی نووسین، بەشی بڵاوکراوەکان، بەشی نووسینگەکانی دەرەوە، بەشی ئابووری، بەشی وێنە. بەشی ئیدارە و بەڕێوەبردن پێکهاتووە لە: بەشی پارە و بەڕێوەبردن، بەشی هونەری، بەشی بازرگانی لەگەڵ بەشی پشکنین. لە ئاژانس کۆمەڵەیەک بەناوی: "کۆمەڵەی گشتی" لە ٣٠ ئەندام پێکهاتووە. ٣/٢ی لەلایەن کارمەندانەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن و ئەوانەی دی لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسان لەسەر ڕێنمایی و تێبینی بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەبژێردرێن. کاری ئەو کۆمەڵەیە، سەرپەرشتی کردنی ئەنجوومەن و باشتر بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاژانسە.

ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەرچی زۆر کار بۆ بێلایەنی خۆی لەگەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکانی جیهان و ناوچە دەکات، بەڵام تا ئێستا، نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەتایبەتیش لەو کاتانەی باس لە عرووبە و سنووری عەرەبستان و دانیشتوانی عەرەبستان دەکرێت. ئەگەر وردتر سەیر بکەین، زۆر کەم نووسین لەسەر کێشەی کورد، وەک



ئەوەی کورد دەیەوێت یان وەک ئەوەی کێشەکە خۆی هەیە باس دەکرێت. هەموو نووسینەکانی دەربارەی داهاتووی کوردستانی سەر بەعیراق، زۆرتر بۆنی عەرەبی و عرووبەی لێدێت. نووسەرانی ئاژانس ناسیۆنالیستانە بیردەکەنەوە و لەو بڕوایەدان، گەلی کورد مەترسییەکی گەورەیە لەسەر داهاتووی ئەوان. ئەو بۆچوونەش تەواو بەپێچەوانەی بۆچوونی ئاژانسەکانی دەوڵەتانی ئازاد و سەربەخۆن. ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر ئەوەی ئاژانسی حکوومەتی میسرە، زۆر لە نووسینەکان، ڕەنگدانەوەی سیاسەت و بۆچوونی ئەو دەوڵەتەیان پێوە دیارە.

## ئاژانسی Irna

لە ساڵی ١٩٣٤ دەزگایەک بەناوی "پارس" بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئێران دامەزرا. ئەم دەزگا نوێیە لە سەرەتادا بڵاوکراوەیەکی بەیانییان و بڵاوکراوەیەکی ئێوارانی بەزمانی فارسی و فەرەنسی چاپ دەکرد و بەسەر ئاژانسەکانی دەرەوە و ڕۆژنامەکانی دابەش دەکرد. پاش کارکردنی شەش ساڵ بەو شێوەیەی سەرەوە، دەزگایەکی ڕاگەیاندن دامەزرا و ئاژانسی ئیرنا خرایە سەر ئەو دەزگا نوێیە.

ئەم ئاژانسە لە ڕێگای تەلەگرافی حکومی و ئێزگەکانی دەرەوە هەواڵی پێدەگەیشت و بڵاوی دەکردەوە. کاری بەم شێوەیە تا ساڵی ١٩٤٣ بەردەوام بوو. لەو ساڵە ئامێرێکی کڕی و بەهۆی ئەم ئامێرەوە توانی هەواڵ و دەنگوباسەکانی لە ئاژانسی ڕۆیتەرس وەربگرێت. ئاژانسی فرانس پرێس یەکەم ئاژانس بوو لەجیهان توانی هەواڵ بۆ Irna ڕەوانە بکات، دواتر ئاژانسە گەورەکان وەک: ڕۆیتەرس، ئەسوشێیت پرێس، یونایتدپرێس و زۆر لە ئاژانسەکانی دیکەیش، هەواڵیان بۆ ڕەوانە کرد. بەڕێگای ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئێران بەهەموو جیهان بڵاو

دەکرایەوە. بەگوێرەی پێکهاتنێک لە نێوان ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی و پارس-ی ئێران، بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە"هەواڵ" بەحەوت دانە بۆ بەرپرسانی گەورەی وڵات ڕەوانە دەکرا. (ئەو بڵاوکراوە تایبەتییەی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، دوورنییە تەنیا تایبەت بوو بێت بەبزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و چالاکییەکانی پێشمەرگە).

لە ساڵی ١٩٤٢ بەدروستکردنی وەزارەتی ڕاگەیاندن، ئاژانس خرایە سەر ئەم وەزارەتە. پاش پەیداکردنی ئامێری نوێ، ئاژانس لەژێر ناوی "پارس" کارەکانی بەڕێوە دەبرد.

ئاژانسی پارس تا ساڵی ١٩٧٩ لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو. بەگۆڕینی ڕژێم لە ئێران و گۆڕینی ناوی وڵات بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و گۆڕینی ناوی وەزارەتی ڕاگەیاندن بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندنی میللی، بەگوێرەی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ناوی ئاژانس بۆ "ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلام"ی گۆڕدرا. ئەم بڕیارە دواتر لەلایەن ئەندامانی مەجلیسی شوورا پەسند کرا. ئێستا ئاژانس لە هەشت بەش پێک هاتووە:

١- بەشی ئەوروپا و ئەمریکا.

٢- بەشی ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

٣- بەشی ئاسیا و ئوستراليا.

٤- بەشی هەواڵی هیند و ئاسیای ناوەڕاست.

٥- بەشی هەواڵی ئینگلیزی.

٦- بەشی هەواڵی عەرەبی.

٧- بەشی هەواڵی نێودەوڵەتی بەزمانی فارسی.

٨- بەشی هەواڵ و دەنگوباسی دەرەوە. ئەم بەشە دابەش دەکرێتە سەر: ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وەرگێڕانی هەواڵی بێگانە لەگەڵ تۆڕی ئینتەرنێت.



ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ئێستا نووسینگەیان لە زۆر دەوڵەتی جیهان هەیە.

١- نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، ناوەندییەکەی لە بەیروتە. لێرەوە هەواڵەکانی: ئەنقەرە، دیمەشق، بەیروت، ئەبوزەبی، عەمان لەگەڵ کوێت بۆ وڵات ڕەوانە دەکرێت.

٢- نووسینگەی ئەوروپا و ئەمریکا، ناوەندییەکەیان لە لەندەنە.

٣- نووسینگەی ئاسیا و ئەوروپا، ناوەندییەکەیان لە کۆلالامپۆرە.

٤- نووسینگەی هیند.

ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی، پێوەندی و ئاڵوگۆڕی هەواڵی و وێنەی لەگەڵ زۆر لە ئاژانسە گەورەکانی جیهان هەیە و بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی باشتر، لە ١٩٩٦ وە ئینتەرنێت بەکار دێنێت و سایتەکەشی بەزمانی: فارسی، عەرەبی ئینگلیزی، فەرەنسی، سێربی، ئیسپانی و تورکی خوێنەران دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

ئێستا ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی حەوت ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانەکانی فارسی، عەرەبی لەگەڵ ئینگلیزی دەردەکات.

لە ساڵی ١٩٩٥ کۆلێژی هەواڵ لە ئێران کرایەوە. ئەم کۆلێژە ڕاستەوخۆ سەربەئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی بوو. کردنەوەی ئەم کۆلێژە زۆرتر بۆ پەروەردەکردنی کادیران، چۆنێتی کارکردنیان لە ئاژانس، کارکردنیان لە نووسینگەی ناوەندی لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوو. پاش دوو ساڵ بەشێکی دیکەی زانستی لەهەمان کۆلێژ بەناوی: موراسەلەی تەدبیقی کرایەوە و لە ساڵی ١٩٩٧ وە خوێندکاریان بۆ ئەم بەشە نوێیە وەرگرت. لەم بەشە نوێیە ئەم بابەتانە دەخوێندرێت: سیاسەت، ئابووری، وەرزش، فەرهەنگ، هونەر لەگەڵ زانستی ستراتیژییەت.

هەر لەو کۆلێژە هەواڵییە، بەشێکی تایبەت بەوەرگێڕانی هەواڵی زمانی

ئینگلیزی، بەشی پەیامنێرانی وێنەگر، بەشی وەرگێڕانی زمانی عەرەبی کراوەتەوە. کۆرسی کورت کورت لەنێوان دوو تا شەش مانگ بۆ ڕۆژنامەنووسان لەهەمان کۆلێژ بەردەوام دەکرێتەوە.

ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ سەر بەحکوومەتی ناوەندیی ئێرانە و لە هەموو نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەوان، هەواڵ و نووسین، پێش هەموو شتێک دەبێت خزمەتی بیر و سیاسەتی دەوڵەتی ئێران و ئایینی ئیسلام بکات، بۆیە، زۆربەی نووسینەکانیان، بەتایبەت ئەوانەی باس لە بزووتنەی ڕزگاری خوازی کورد دەکەن، زۆرتر شێواندنە تا باسکردن لە فاکت و گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی. ئەمەش کەموکورتی و بۆشاییەکی گەورەی ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

## ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان - پەیامنێر

لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤ لەشاری هەولێر سایتێک بەناوی: سایتی پەیامنێر دامەزرا. ئەم سایتە یەک ساڵ کاری کرد. لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٥ هەمان سایت بەبڕیاری مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان "ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان – پەیامنێر" لەسەر بناغەی پەیامنێری کۆن دامەزرا. ئێستا پەیامنێر "PNA" ڕۆڵی ئاژانسی هەواڵی لە کوردستان دەبینێت. پەیامنێر لە شاری هەولێر بەزمانی کوردی زاراوەی، "سۆرانی و کرمانجی" تیپی عەرەبی و لاتینی، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی عەرەبی هەواڵ و نووسینەکانی لەسەر سایتەکەیان بڵاودەکاتەوە.

خوێنەر یان میوانی سایت، بەئاسانی ئەم زانیارییانەی خوارەوەی لە لاپەڕەی یەکەم بەرچاو دەکەوێت:

نوێترین هەواڵ، کوردستان، عیراق، نێودەوڵەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی،



ڕۆشنبیری، وەرزش، ڕەنگاوڕەنگ، فۆتۆ، ئەرشیف... هتد.

ئاژانسی پەیامنێر تەنیا یەک نووسینگەی هەیە و ئەویش لەناو تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە شاری هەولێرە. هەموو کارەکانی ئاژانس بە١٨ کادیر بەڕێوە دەچێت و هیچ لەوانە بەپیشە ڕۆژنامەنووس نین. دوو ئەندازیاری تەکنیکی، یەک فۆتۆگراف لەگەڵ یەک مووچەخۆر بەناوی بەڕێوەبردن و مالیە لەم ئاژانسە کار دەکەن.

لە شارەکانی دیکەی عیراق و کوردستانی گەورە خەڵک هەن زانیارییان بۆ PNA دەنووسن، بەڵام لەبەر ئەوەی مووچەی مانگانەیان نییە و دامەزراوی ئاژانس نین بەڵکو بەگوێرەی نووسینەکان پارە وەردەگرن، ناتوانین بڵێین ئەوان پەیامنێری ئاژانسن. ئەو کەسانە زۆرتر بەتەلەفۆن یان بەمەیل نووسینەکانیان بۆ نووسینگەی ئاژانس ڕەوانە دەکەن.

کارمەندانی ئاژانسی پەیامنێر، بۆ پڕکردنەوەی سایتەکەیان بەهەواڵ و ڕووداو، زۆر سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن. بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵە گرنگەکانیش، گرێبەستیان لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس مۆرکردووە و لەوان نووسین دەکڕن.

هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئاژانسی پەیامنێر وەردەگرن، هەندێ جاریش تاکە وێنەکانی فۆتۆگرافی ئەوان، لە ڕۆژنامەی بیانی و بەتایبەتیش ڕۆژنامە عەرەبییەکان بڵاو دەکرێتەوە.

کارمەندانی ئاژانسی پەیامنێر، زۆرجار هەست بەلاوازی خۆیان و پشتگوێخستنی کادیرانیان لەلایەن هەندێک لە سەرکردە کوردەکانەوە دەکەن. ئەوەش زۆرتر لەوکاتەی دەیانەوێت سەرکردەیەک ببینن، زەقتر دیارە. ڕۆژنامەنووسێکی بیانی زۆر ئاسانتر دەگاتە لای یەک لە سەرکردەکانی کورد، تا پەیامنێرێکی ئەوان.

ئاژانسی پەیامنێر هەرچەندە لە ڕاستیدا ئاژانسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام بەگوێرەی پێویست لەلایەن سەرکردەکانی حزبەوە بایەخی پێنادرێ و یارمەتی نادرێ. زۆر جار ڕێگا بەپەیامنێرانیان نادرێ، لەهۆڵی کۆبوونەوەکان، وێنەی دانیشتنەکان بگیرێ و ڕاستەوخۆ بۆ نووسینگەی PNA ڕەوانە بکەن. ئەم ڕێگا پێنەدان و پشتگوێخستنە لە بینین و چاوپێکەوتنەکان دیارە. لەوانەیە بۆیەش، جارێ پلانی بۆ فراوانترکردنی بەشەکەیان نییە.

## ئاژانسی هەواڵ و زانیاری لە کوردستان

لە کوردستان تا ئێستا هیچ ئاژانسێکی هەواڵ و زانیاری نییە. ئاژانسی دەوڵەتانی دراوسێ بەویستی خۆیان هەواڵ لەسەر کوردستان دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە. بەئەنقەست زۆربەی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ چەواشەکردنی جەماوەر بەدرۆ دەنووسن. نووسینی هەواڵەکانی دژ بە بەرژەوەندی گەلانی کوردستان، بەپلانە، نەک بەرێکەوت یان تێنەگەیشتنی ڕۆژنامەنووس لەو نووسینەی لەسەر کوردستانی دەنووسێت. ئەوان دەیانەوێت ڕیزەکانی گەل تێک بدەن. دەیانەوێت، شەڕ و ئاژاوە لەجیاتی دیموکراتی لە کوردستان بەرقەرار بێت. دەیانەوێت جارێکی دی کوردستان لەلایەن سەرکردەیەکی عەرەبی شۆڤینیست داگیر بکرێتەوە و ڕژێمێکی دیکتاتۆری بەسەر گەلانی عیراق و کوردستان بچەسپێندرێت. دەوڵەتانی دراوسێ لەگەڵ ناحەزانی کورد لە پلانی دژ بەدیموکراتی و نووسینی درۆ لەسەر کورد و سەرکردەکان، تا ئێستا سەرکەوتوو بوون. کورد هیچ ئاژانسێکی باش، کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان بێت، کەناڵێکی باشی تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەیەک، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەهیچ زمانێک نییە، تا بتوانێت، پسپۆرانە بەرگری لەخۆی بکات! کورد نە سوودی لە هەڵە و ئەزموونی خۆی، نە لە ئەزموونی



جیهانی بۆ بەرگری کردن لەخۆی وەرنەگرتووە. ئەوانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرێوە دەبەن، نەخۆیان پسپۆرن لە ڕاگەیاندن، نە ئەوانەی کاریش دەکەن، کادیری باشی ڕاگەیاندنن. ئەو بەرێوەبەرانە زۆرتر وەک پێشمەرگەیەکی چەک لەدەست بیردەکەنەوە، تا پسپۆرێکی قەڵەم لەدەست. تا ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی بیانی زۆر ئاسانتر دەگاتە لای بەرپرسە گەورەکانی کورد، تا ڕۆژنامەنووسێکی خەبات، یان کوردستانی نوێ. لەو بڕوایەدام، هیچ لە سەرکردەکانی کورد، بەتەواوی لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن وەک پێویست نەگەیشتوون! ڕاوێژکارانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەیانتوانیوە، ڕۆڵی پسپۆرانەی خۆیان ببینن، چونکە لەزۆر کات، خۆشیان پسپۆری ڕاگەیاندن نین!

گرفتی ناوەوەی کوردستان، وەک نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەبوونی ئاو و کارەبا، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەموو هێز و وزە و توانای سەرکردەکانی بردووە. بۆیە بۆ باشکردنی ڕاگەیاندنی کوردی، کار نەکراوە، یان ئەوەی کراوە بەش ناکات.

لەبەر مەغروری یان تێنەگەیشتنی بەرپرسانی ڕاگەیاندن، نەتواندراوە سوود لەو کادیر و پسپۆرانەی بواری ڕاگەیاندن، کە لە ئەوروپا گەڕاونەتەوە بەباشی وەربگیرێت.

ساڵانە زیاد لە دەیان ملیۆن دۆلار خەرجی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، بێئەوەی بینەر، خوێنەر، بیسەر ڕازی بکات! تا ئێستا دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، کوردستانی نوێ و خەبات بەهەردووکیان تیراژیان ناگاتە ١٢ هەزار! بەهەردوو دەزگا زیاد لە ١٥٠ کارمەند کار دەکات!

ئەگەر ئاژانسی پەیامنێر کەم و کورتی هەبێت، دیارە تاکە دەزگای ڕاگەیاندن نییە، کە نەیتوانیبێت کارەکانی خۆی بەرێکوپێکی ئەنجام بدات. ئەویش وەک گشت دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندنی کوردستان

بەسیاسەتی بێچووە چۆلەکە بەڕێوە دەچێت. "بێچووە چۆلەکە دەم دەکاتەوە و دایک و باوک خواردن دەخەنە ناو دەمی" هەر کاتێک حزبەکان بۆڕی پارە لەسەر هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن ببڕن، یەک کاتژمێر ئەو دەزگایە ناتوانێت بژیت!

لە کوردستان لە هەموو: ڕۆژنامە، گۆڤار، ئێزگەی ڕادیۆ، کەناڵی تەلەفزیۆن، یەک کەس بەناوی فرۆشتنی ڕێکلام دانەمەزراوە! یەک کەس کاری تەنیا فرۆشتنی ڕیکلام بێت و ڕۆژانە بەسەر کۆمپانیاکانی کوردستان بگەڕێت و ڕێکلام بۆ دەزگاکەی خۆی بکات و بفرۆشێت، لە وڵاتی ئێمە جارێ دەست ناکەوێت. هەموو ئەو ڕێکلامانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، زۆرتر کلیێنتەکان (کڕیار) خۆی پێوەندی بەدەزگاکان کردووە و ڕێکلامی کڕیوە. (لە هەفتەنامەی "کارلستادس تیدنینگن"ی سوێدی پێنج کەس کار دەکات. سێ ڕۆژنامەنووس لەگەڵ دوو کەسی ڕێکلام فرۆش. ئەم دوو کەسە، ڕۆژانە هەشت کاتژمێر تەلەفۆن بۆ کۆمپانیاکانی شاری کارلستاد بۆ فرۆشتنی ڕێکلام لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان دەکەن. لەئەنجامدا ئەوەندە ڕێکلام دەفرۆشن، کە لەو وڵاتە گرانەی سوێد، ڕۆژنامەکە توانیویەتی خۆی، خۆی بژێنێت! تیراژی ڕۆژنامەی کارلستادس تیدنینگن نزیکەی ٣٥٠٠ دانەیە). لە ئێزگەی "گەلی کوردستان" لەگەڵ "دەنگی گەلی کوردستان" لەهەر یەکە و نزیکەی ٨٠ کەس کار دەکات. یەک کەس بەنیازی فرۆشتنی ڕێکلام دانەمەزراوە!

لەم نووسینە باسی ئێمە ئاژانسە. لە ئاژانسی پەیامنێریش وەک هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی نەک یەک کەس بەمەبەستی فرۆشتنی ڕێکلام دانەمەزراوە، بەڵکو تا ئێستا لە سەرتاسەری کوردستان بیریش لەو پیشەیە نەکراوەتەوە!

ئاژانسی هەواڵ لە هەموو وڵاتانی ئازاد و دیموکراتی جیهان، بەفرۆشتنی



نووسین و وێنەکانی دەژیت. لە کوردستان بەڕاست و چەپ خزمەتگوزارییەکانی PNA بەکار دەهێنن، بێ ئەوەی پرسیان پێبکەن، یان یەک پوولیان پێبدەن! بەڕێوەبەرانی ئاژانس بیریان لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان نەکردۆتەوە! لەکاتێکدا دەکرا پارەی باشیان دەست بکەوێت! ئەوەش زۆرتر نەبوونی کادری ڕاگەیاندنە. لەڕاستیدا لەو کاتەی بیر لە دامەزراندنی ئاژانس دەکرێتەوە، دەبێت، بیر لە فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانیش بکرێتەوە! ئەگەر ئاژانسی پەیامنێر لەگەڵ ئاژانسەکانی دیکەی هەر دەوڵەتێکی جیهانی بەراوردی بکەین، دەبینین، جیاوازییان گەلێک زۆرە. لەخوارەوە هەندێک لەو جیاوازییانە دەنووسین:

"ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان - پەیامنێر" ئەم ناوەی بۆ ئاژانس داندراوە نە لە زمان، نە لە لۆژیک تەواو نییە. هەندێک لە ئاژانسەکانی جیهان وەک "ڕۆیتەرس" ناو و خاوەنی دامەزرێنەرە، بۆیە دەکرا ناوێک بۆ ئەم ئاژانسە داندرابا وەک: ئاژانسی کوردستان، ئاژانسی بارزان، ئاژانسی هەولێر، ئاژانسی منارە، ئاژانسی قەڵا، ئاژانسی پارتی، ئاژانسی سەرۆک... هتد. دەکرا یەک لەو ناوانەی سەرەوە هەڵبژێردرابا. یان تەنیا ئاژانسی هەواڵی کوردستان بنووسرابا. بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی بەبیستنی وشەی "ئاژانس" خوێنەر، بینەر، گوێگر دەزانێت مەبەست لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە، باشتر بوو ئەگەر وشەی هەواڵ دووبارە نەکرابایەوە، بەڵکو تەنیا بنووسرابا: ئاژانسی کوردستان.

وشەی بەدواداچوون، بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەم ناوونیشانە ناگونجێت. ئەم وشەیە لەزمانی عەرەبی بۆ ئاژانسێکی عەرەبی لەوانەیە بەکارهێنانی لەشوێنی خۆی بێت، بەڵام بۆ زمانی کوردی زۆر نامۆ دێتە سەرزار. جگە لەو تێبینییانە، وشەی "پەیامنێر" لەشوێنی خۆی نییە. پەیامنێر لە زمانی کوردی بەو کەسە دەڵێن، پەیامێک بگەیەنێت، بەڵام لە زمانی

ڕۆژنامەگەری، بەو کەسە دەڵێن، کە لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار دەکات و لە دەرەوەی ڕێداکسیۆن (دەستەی نووسەران، نووسینگە) پەیامی بەخوێنەران، بینەران، بیسەران دەگەیەنێت. بۆیە وشەی پەیامنێریش لە شوێنی خۆی نییە. ناکرێ دەزگایەک ١٨ کەس کاری تێدا بکات، بەناوی پیشە ناوبندرێت! لەکاتێکدا ئاژانس یەک پەیامنێری لەدەرەوەی هەولێر کار ناکات و هەموویان لە هۆڵێکی بچووکتر لە سەد مەتری ناو تەلەفزیۆنی زاگرۆس کۆبوونەتەوە و کارەکانیان بەڕێوە دەبەن! لەڕووی لۆژیکەوە، زۆر ڕاستتر دەبوو ئەگەر بنووسرابا: ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی پەیامنێر - کوردستان یان ئاژانسی پەیامنێر.

لە سایتی هەموو ئاژانسێک لینکێک بەناوی دەربارەی ئێمە، لەسەر ئێمە About Us هەیە. لەو لینکە باس لە مێژووی دروستبوونی ئاژانس، بەشەکان، ژمارەی کارمەندان، ژمارەی نووسینگە، ناوی بەڕێوەبەری نووسینگە، ئەو زمانانەی ئاژانس خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات... هتد هەیە. هەموو ئەوانەی سەرەوە لەسەر ئاژانسەکە هەن. لە ئاژانسی پەیامنێر لە لینکی About Us نامەیەک بەدە خاڵ بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە:

خوێنەری هێژا

١- ئەم سایتە کەلە پایتەختی کوردستانەوە ئامادە و دەردەچێت، هەوڵ دەدات گەرماوگەرم هەواڵ و ڕووداو، بیروڕاو باوەڕەکان بۆ خەڵکی کوردستان و جیهان بگوازێتەوە و، بەئەمانەت و ڕاستگۆییەوە ئەرکی پەیامنێری خۆی بەجێ بگەیەنێت.

ئەوەی سەرەوە تەنیا خاڵی یەکی بوو. من نامەوێت نۆ خاڵەکەی دیکەی وەک خۆی بنووسمەوە، چونکە جیاوازی زۆریان لەگەڵ ئەم خاڵە نییە.

وەک لەسەرەوە نووسیمان، لەجیاتی وەک هەموو ئاژانسەکانی دیکەی



جیهان، باس لە دروستبوونی خۆی، شێوەی بەڕێوەبردنی بکات، نامە بۆ خوێنەر دەنووسێت! ئەم نامەیە ئەو کەموکورتییانەی تێدان:

لە ڕووی زمانەوانییەوە سایت دەرناچێت، بەڵکو ئامادە دەکرێت، دەنووسرێت. کە دەڵێ لە "پایتەختی کوردستان..." لەوانەیە کوردی سوریا قامشلۆ بەپایتەختی کوردستان بزانن، کوردی ئێران مەهاباد، کوردی تورکیا دیاربەکر بەپایتەختی کوردستان بزانن. ئەگەر ئێمە بنووسین پایتەختی کوردستان، لەلایەک دەبوایە ناوی شاری هەولێرمان بنووسیبا. ڕاستتر بوو ئەگەر بنووسرابا: لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی ئازاد، ئەمجارە برادەرانی سلێمانی مافی تووڕەبوونیان هەبوو، چونکە لەوێش حکوومەتێکی کوردی هەیە و پایتەختی شاری سلێمانییە! دواتر دەنووسێت: "هەوڵ دەدات گەرماوگەرم هەواڵ و ڕووداو، بیروڕاو باوەڕەکان بۆ خەڵکی کوردستان و جیهان بگوازێتەوە". هەوڵ نادات بەڵکو کار دەکات. ئەمە سایتێکی هەواڵ و زانیارییە بۆیە شوێنی بیروباوەڕی تێدا نابێتەوە! ناگوازرێتەوە بەڵکو پەخش دەکرێت، بڵاودەکرێتەوە. ئینجا دەنووسێت: "بەئەمانەت و ڕاستگۆییەوە ئەرکی پەیامنێری خۆی بەجێ بگەیەنێت". ئەم ڕستەیە بەزمانی کوردی نییە و بۆیە بەکارهێنانی بەکوردی، هیچ لۆژیکی تێدا نییە. باشتر بوو بنووسرابا: لە گەیاندنی ڕووداوەکان هەوڵ دەدات، ڕاستی و دروستی فەرامۆش نەکرێت. ئەگەر ئەرکی پێداچوونەوە و چاکردنی خاڵی یەکەم لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمن سپێردرابا، بەم جۆرەی خوارەوە ڕستەکەم دادەڕشتەوە:

نووسینگەی "ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان - پەیامنێر" لە شاری هەولێرە. پەیامنێر لە گەیاندنی ڕووداوەکان هەوڵ دەدات، ڕاستی و دروستی فەرامۆش نەکرێت.

ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان - پەیامنێر، لە دانانی سەردێڕ، داڕشتنی نووسینەکان لەگەڵ خاڵبەندی کەم و کورتی زۆری هەیە.

هەواڵێک لە ٢٠٠٦,٠١,٠٧ بڵاوکراوەتەوە وەک خۆی دەنووسینەوە:

سەردێڕ: "ئەیاد عەلاوی کۆبۆوە"

تێکست: PNA لە چوارچێوەی ئەو دیدار و کۆبوونەوە فراوانانەی لەپێناو نزیککردنەوەی بیروڕاکانی گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی عیراقدا ئەنجامی دەدات، پاشنیوەڕۆی دوێنێ (هەینی) بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق لەنووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا پێشوازی کرد لە د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عیراقی نیشتمانی.

ئەو تێکستەی سەرەوە پێویستی بەداڕشتنەوە هەیە. ئەگەر ئەرکی نووسینی ئەم هەواڵە لە ئەستۆی من بووایە بەم شێوەیە دەمنووسییەوە:

پێشوازی مام جەلال لە د. عەلاوی

دوێنێ بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە کۆشکی تایبەتی خۆی لە بەغدا، پێشوازی لە دکتۆر ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عیراقی نیشتمانی کرد. لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی د. عەلاوی لەگەڵ سەرۆک کۆمار، زیاتر باس لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دروستبوونی حکوومەتی داهاتووی عیراق کرا.

هەندێک تێبینی لەسەر هەواڵی سەرەوە:

– سەرۆک کۆمار لە نووسینگە دانانیشێت، بەڵکو لە کۆشکی سەرۆک کۆمار دادەنیشێت. وشەی نووسینگە لە زمانی کوردی زۆرتر بۆ ئاژانس و مەکتەبی مقاوەلات و پارێزەران بەکار دێت، نەک شوێنی دانیشتنی سەرۆک کۆمار!

– "لەپێناو نزیک کردنەوەی بیروڕاکانی گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی عیراقدا" دەبوایە بنووسرابا: لەپێناو نزیک کردنەوەی گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی عیراق بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ.

– هەموو نووسینەکە بەیەک فاریزە لەکۆڵ کراوەتەوە.

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە گرنگتر، لە نووسینی هەواڵ بۆ ئاژانس، وشەی "دوێنێ" نابێت بەهیچ شێوەیەک بەکار بێت. زۆرجار دواکەوتن بەچەند خولەکێک، هەواڵەکە سەنگی خۆی لەدەست دەدات. ئەگەر هەمان ڕۆژ نەتوانن بڵاوی بکەنەوە، باشترە نەنووسرێت و بڵاو نەکرێتەوە. بەتایبەتیش لەم هەواڵە هیچ شتێکی نوێ بەرچاو ناکەوێت، باس لە گەرماوگەرمی بڵاوکردنەوەی هەر ناکەین!

لە نووسینەکانی ئاژانسی پەیامنێر، نە خاڵبەندی، نە ڕێنووسی تایبەت بۆ نووسینەکان پەیڕەو ناکرێت. ئەمەش بۆشاییەکی گەورەیە لە (PNA) و هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان دیارە.

ئاژانسی (TT) سوێدی ڕاپۆرتێک بە ٧٨ لاپەڕەی A4 بۆ ڕۆژنامەنووسانیان دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنان و نووسینی زمانی سوێدی لەسەر سایتەکەیان هەیە. (بۆ زیاتر شارەزابوون، سەیری بەشی هەیکەلی ئیداری ئاژانس بکە) ڕۆژنامەی DN داگینس نیهێتەری سوێدی، کتێبێکیان بەناوی (زمانی ڕۆژنامە یان زمانی لاپەرە) بە١٤٢ لاپەڕە بۆ ڕۆژنامەنووسانی خۆیان نووسیوە. لەم پەرتووکە بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوون کراوەتەوە، چۆن بنووسن. یانی هەرکەسێک بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دەنووسێت، دەبێت پەیڕەوی ڕێنووسی ئەو پەرتووکەی ئەوان بکات.

لە کوردستان سایتێکی دی بەناوی PUK media لە شاری سلێمانی هەیە. ئەم سایتەش هەوڵ دەدات ڕۆڵی ئاژانس ببینێت، دیارە تا ئێستا نەیتوانیوە و زۆری بۆ ئامانج ماوە. لە ٢٠٠٦,٠١,١٢ سەیری لاپەڕەکەیانم کرد، نوێترین هەواڵ، کە لەم سایتە بڵاوکرابۆوە، بەر لە دوو ڕۆژ ڕوویدابوو. لە ئاژانسی PUK media کە مەکتەبی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، بیر لە زۆر شت نەکراوەتەوە بەتایبەتی: زمانی داڕشتن و نووسین، خاڵبەندی، خراپی دیزاینی سایتەکە لەگەڵ هەڵبژاردنی هەواڵەکان.

ئەگەر سایتی PUK media لەگەڵ PNA بەراورد بکەین، ئەوا دووەمیان زۆر باشترە. دەزانین ئەم بەراورد کردنەمان تەواو نییە، چونکە نابێت خراپ لەگەڵ خراپ بەراورد بکرێت!



## سەرچاوە لەگەڵ ئەو کتێبانەی بۆ ئەم بەرهەمەم سودم لێوەرگرتوون

بەزمانی سویدی:

1-Donald Jackson.Skrivkonstens Historia.Hongkong, 1987.-176s.

2-Stig Hadenius Lennart Weibull.Massmedier.Falun,2003.-505s.

3-Soran Larsson. Att skriva i en tidning. Boras,1992.-212s.

بەزمانی روسی:

1- Засорина Т, Федосова Н. Профессия – журналист. Ростов н/д; 1999. – 320 с.
2- Корконосенко С. Г. Основы творческой деятелъности журналиста. СПб., 2000. – 272 с.
3- Кузнецов И. В., Овсепян Р. П., Иванова Р. А. История отечественной журналистки.(1917-1945) М., 1999. – 272 с.
4- Лазутина Г. В. Профессионалъная этика журналиста. М., 1999. – 208 с.
5- Лазутина Г. В. Основы творческой деятельности журналиста. М., 2000. – 240 с.
6- Мельник Г. С. Mass-media: Психологические процессы и эффекты.СПб.,- 1996. – 160 с.
7- Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: состояние, переспективы. СПб., 1998. – 113 с.
8- Михайлов С. А. Мировые тенденции и национальные особенности в современной зарубежной журналистике. СПб., 2002. – 301 с.
9- Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: Правила и парадоксы. СПб., 2002. – 446с.
10- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб., 2003. – 368 с.
11- Накорякова К. М. Литературное редактирование. М., 1994. – 189 с.
12- Прохоров Е. П. Введение в теорию журналистики. М., 1995. – 294 с.
13- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб., 1998. – 140 с.

## پێڕست


پێشەکی ........ 5
بەشی یەکەم ........ 9
کاغەز و پیستە "پاپیرۆس و پێرگەمێنت" ........ 11
ڕۆژنامە لە سەردەمی کۆن و ئێستادا ........ 17
ئاژانسەکان ........ 26
وێنە و فیلم ........ 32
هەیکەلی ئیداریی ئاژانسەکان ........ 34
ئامۆژگارییە گشتییەکان بۆ نووسین ........ 40
بەشی دووەم ........ 47
– ئاژانسی ئەسوشێیت پرێس ........ 49
– ئاژانسی یونایتد پرێس ئینتەرناشیۆنال ........ 53
– ئاژانسی ڕۆیتەرس ........ 57
– ئاژانسی فرانس پرێس ........ 63
– ئاژانسی تاس ........ 67
– ئاژانسی ئینتەرفاکس ........ 75
– ئاژانسی ڕیا نۆڤەستی ........ 79
– ئاژانسی دی.پی.ئەی ........ 82
– ئاژانسی ئەنسا ........ 87
– ئاژانسی ئەنەدۆڵ ........ 88
– ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........ 90
– ئاژانسی ئیرنە ........ 94
– ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان – پەیامنێر ........ 97